




سەرنووسەر

لە مانگی هەشتدا کۆمەڵەی گەردووونناسی جیهانی کۆنگرەی خۆی لە شاری (پراگ) بەست، ئەم کۆنگرەیە کە دوو هەزار و پێنج سەد گەردوونزان نوێنەرایەتی حەفتاوپێنج وولاتیان تیاکرد، ناونیشانێکی سەرەکی لەخۆ گرتبوو کە بریتی بوو لە سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر.

بەپێی پێناسەی تازە هەسارە بەو تەنە گەردوونی‌یە دەووترێت کە ئەستێرە نەبێ و بە دەوری ئەستێرەیەکدا بسووڕێتەوە، هەروەها نابێت پاشکۆ بێت و خولگەی سووڕانەوەکەشی نابێت خولگەی سووڕاندنەوەی هیچ هەسارەیەکی تر ببڕێت، و دەبێت خاوەنی قەوارەی خۆی بێت. لەم روانگەیەوە زانایان سێ پۆلێنیان دانا بۆ کۆمەڵەی خۆر، یەکەمیان هەسارە ئاسایی‌یەکانە، کە دەیانزانین و بریتین لە هەسارەکانی: (عەتارد، زوهرە، زەوی، مەریخ، مشتەری، زوحەل، ئۆرانۆس، نیپتۆن).

ئەم هەشت هەسارەیە بەبێ هەسارەی (پلۆتۆ) لە پۆلێنی یەکەمدا ناونووس کران و هەسارەی (پلۆتۆ) لەبەر ئەوەی یەکێك لە مەرجەکانی پێناسەی تازەی تیانەبوو کە خولگەکەی خولگەی (نیپتۆن) دەبڕێ، وئەمەش نابێت بۆیە لە هەسارەکانی تر جیاکرایەوە و لە پۆلێنی دووەمدا دانرا کە بە هەسارە گرگنەکان (الكواكب القزمة) ناو دەبرێن، هەر لەم پۆلێنەی دووەمدا هەسارۆکەی (سێرس) کە یەکێکە لە هەزاران هەسارۆکەی نێوان مەریخ و مشتەری و بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە جێگیر کرا و سیفەتی هەسارەی وەرگرت، ئەمە سەرەڕای تەنێکی تری کۆمەڵەی خۆر بەناوی زینا (یو بی ٣١٣).

پۆلێنی سێهەمیش هەموو تەنەکانی تری کۆمەڵەی خۆر بە هەسارۆکە و پاشکۆ و ئەوانی ترەوەی لەخۆگرت، بەم جۆرە هەسارەی (پلۆتۆ) لە سیفەتی هەسارەیی ئاسایی داماڵرا کە دەیان ساڵە پێی ئاشناین، و سیفەتی هەسارەیش بە هەسارۆکەی (سێرس) بەخشرا، هەرچەندە ئەم هەسارۆکەیە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بە هەسارە ناسرابوو بەڵام سیفەتی هەسارەیی لەدوایی‌دا لێسەنرایەوە، تا کۆنگرەکە سەر لەنوێ بە هەسارە لە پۆلێنی دووەمدا سیفەتەکەی پێ‌بەخشی‌یەوە.

هەموو ئەمانە دەمانگەیەنێتە دەرئەنجامێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە کە زانست بەتایبەت زانستی گەردوون لە گۆڕانی بەردەوامدایە، چونکە هێشتا زۆر لە سەرەتادایە و دەبێ زۆر لە لێکدانەوە زانستی‌یەکانماندا ئاگادار بین کاتێك دیاردە گەردوونی‌یەکان هەڵدەسەنگێنین، و دەشێت لێکدانەوە زانستی‌یەکان (نەك ئیعجازە زانستی‌یەکان) کەم و کورت بن، چونکە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە و قورئانی پیرۆزیش هەردەم هانی مرۆڤی داوە کە لە دۆزینەوە و پشکنیندا بەردەوام بێت، و لە پێکهاتەکانی ئەم گەردوونە بکۆڵێتەوە و بەهۆی عەقڵ و ئامێر و ئامرازەکانەوە دیاردە نوێکان بدۆزێتەوە و فەرموودەکانی بەدیهێنەری ئەم گەردوونەش ڕێڕۆشنکاری ئەم مەسەلەیەن:

**﴿الذين يذكرون الله قياما وقعودا وعلى جنوبهم ويتفكرون في خلق السماوات والأرض ربنا ما خلقت هذا باطلاً سبحانك فقنا عذاب النار﴾** (آل عمران: ١٩١) ......

# سەرقافڵە موسوڵمانەکان لە زانستە تاقیگەرییەکاندا

نووسینی: د. أحمد هجوان
وەرگێڕانی: ئەنوەر فەتاح محمد/ بەکالۆریۆسی شەریعە

الحمد لِلّهِ والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آلهِ وصحبه.

ئیسلام یەکەم لایەنە کە بانگەوازی کرد بۆ فێربوونی زانست، و گەڕان ولێکۆڵینەوە، هاندانی تیایە بۆ داهێنان کاری و شت دۆزینەوە، و پەردە لابردن لەسەر شاراوەکان و ڕوانین و سەرنجدان لە دروست کراوانی ئاسمان و زەوی، ئەوەندە بەسە کە یەکەم ئایەت هاتە خوار فەرمووی: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ (العلق:١)، و زۆر فەرموودە هەیە لەسەر واجب بوونی فێربوونی زانست و هەوڵدان تیایدا، و زۆر نوسراو لەسەر ئەم بابەتە هەیە، لە نووسەرە دێرینەکان و نوێیەکان، وەکو: (الشوكاني، وإبن الأمير، والبيحاني، والقرضاوي، وأبو غدة، والمحاسبي، وإبن عبد البر) و غەیری ئەمانیش.

ئەمەش لەبەرئەوەیە کە شارستانی ئیسلامی پشکی شێری هەیە، و پێشڕەو بووە لە زانستەکانی: پزیشکی و ڤێتێرنەری و دەرمانسازی و توێکاری و سروشتزانی و ئەندازیاری و ماتماتیك و کیمیا و زانستی گەردوون و کشتوکاڵ و جیۆلۆجیا (زەوی ناسی) و ئابوری و ڕامیاری ... وهتد، تەنها ئەوەندە هەیە زۆربەی ئەو بابەتانە ناوە کۆنەکانیان گۆڕاون لەم سەردەمەدا، چونکە کەسانی (ئەوروپا) گۆڕیویانەتە سەر شێوەزاری خۆیان لەپاش ئەوەی ئەوان زانستەکەیان بردوو تێیدا شارەزا و سەرکەوتوو بوون و ئێمەش کەمتەرخەم بووین و زانستمان پشتگوێ خست، لەگەڵ ئەو هەموو فەرمانانەی کە خوا پێی کردووین.

زانستی میکانیك پێی دەووترا (علم الحيل)، و زانستی جوگرافیا پێی دەووترا (تقويم البلدان)، و زانستی کۆمەڵناسی پێی دەووترا (العمرانيات)، و زانستی (جیۆلۆجیا) پێی دەووترا (زانستی بەرد و چینەکانی زەوی)، و زانستی فیزیاش پێی دەووترا (علم الطبيعة) سروشتزانی، هەموو ئەم زانستانەش پێیان دەووترا زانستە داناکان (العلوم الحكيمة)، هەرچەندە موسڵمانان پێشەنگ بوون لەم زانستانەدا، کە یەکێك لەو بەڵگانە لەسەر پێشکەوتنی بواری زانستی لە موسڵمانانەوە ئەوەیە کە خەلیفە (هارون الرشيد) بەدیاری سەعاتێکی نارد بۆ (شارلەمان)ی پادشای فەرەنسا و نیوەی ئەوروپا لەو کاتەدا، کاتژمێرێکی ئاویی بوو و ئیشی دەکرد بەشێوەیەك عەقڵی خەڵکی ڕۆژئاوای ڕاکێشابوو، تەنانەت وایاندەزانی ئەمە (سیحره).



هەروەها موسوڵمانان سەرکەوتوو بوون لە دروست کردنی ئاوێنەی ئەستێرە بینین کە پێی دەوترێت (الإسطرلاب) بە یۆنانی، کە بەهۆیەوە گەردوونزان دەتوانێت گۆشەکان دیاری بکات بۆ گشت تەنە ئاسمانییەکان لە هەر شوێنێکدا بن، زانا (أبو إسحاق الفزاري) کە یەکێك بووە لە گەردوونزانانی خەلیفەی عەبباسی (المنصور)، ئەو یەکەم کەس بووە ئەم سەکۆ گەردوونییە (مرصد فلكي)یەی دروست کردووە.

لە کتێبی (الإسلام والعلم الحديث)دا (عبدالرزاق نوفل) دەڵێت: لە سەدەی یەکەمدا (أبو إسحاق إبراهيم بن حبيب بن سليمان الفزاري) کتێبێکی نووسی کە تیایدا چۆنێتی بەکارهێنانی (الإسطرلاب) ڕوون دەکاتەوە، کە یەکەم کەس بووە دروستی کردووە، لە شارەزایان لە زانستەکانی حیکمەتدا (العلوم الحكيمة) زانا (المسعودي)یە کە ساڵی (٣٤٥ك) کۆچی دوایی کردووە، و یەکەم کەس بووە باسی زەوی کردووە کە شێوەی (گۆیی)یە، و باسی سووڕانەوەی زەوی کردووە بە دەوری خۆردا، لە کتێبەکەیدا (مروج الذهب) دەڵێت: خۆر کاتێك وون دەبێت لە ئەوپەڕی چین، ئەوا دەردەکەوێت لە دورگە ئاوەدانەکانی دەریای ئۆقیانووس، ئەگەر لەوێشەوە ئاوابوو لەوپەڕی چین هەڵدێ، کە ئەوە (نیوەی بازنەی زەوی)یە)، هەروەها زۆر لە زانایانی موسوڵمان باسیان لە (گۆیی) بوونی زەوی کردووە، لەو زانایانە وەك گەردوونناس (محمد بن محمد الإدريسي) کە ساڵی (٥٤٨ك) کۆچی دوایی کردووە، وێنەی ئەو شارانەی کردووە لەسەر گۆیەکی زەوی کە لە (زیو) دروستی کردبوو، ئەمە کاتێك پاشای (نورمان) دەعوەتی دەکات بۆ (صقلية)، لە کتێبەکەیدا (نزهة المشتاق في اختراق الآفاق) باسی لە (گۆیەتی) زەوی کردووە، هەرچەندە لەپێش ئەویشدا (عبدالله ی کوڕی عباس) ڕاڤەکەری قورئان پێش ئەویش باسی کردووە.

یەکەم کەس کە زانیویەتی زەوی هەسارەیەکە مەلەدەکات لە ئاسماندا (إبن الشاطر) بووە، کە بانگ بێژی مزگەوتی (دمشق)



وێنەیەکی یەکێك لە لاپەڕەکانی کتێبێکی زانا (البيروني) کە تێیدا تاقی کردنەوەی لەسەر کێش کردنی زەوی ئەنجامداوە، ئەم کتێبە لە مۆزەخانەی بەریتانیدا پارێزراوە.

بووە، و یەکەم کەس بووە کە ووتویەتی: سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا و بە دەوری خۆیدا دەبێتە هۆی هاتنی شەو و ڕۆژ ودروست بوونی وەرزەکانی ساڵ، (موسى بن شاكر) یەکەم کەس بووە هەستاوە بە ئەندازە کردنی قەبارەی زەوی و دیاری کردنی پێوانەی چواچێوەکەی، هەروەها زانایانی موسڵمان یەکەم کەس بوون چەقی زەویان دیاریکردووە، و هەڵەکانی (بطليموس)یان ڕاست کردۆتەوە و تیۆرە گەردونییەکانی، چونکە (بطليموس) ووتویەتی: زەوی سەنتەری گەردوونە، بەڵام زانایانمان دەڵێن: (خۆر) سەنتەرە، یەکەم زانایش (البيروني) بوو.

هەروەها یەکەم فۆتۆگرافی جوگرافیایی (محمد بن موسى)ی خەواریزمی بووە، چونکە وێنەی هەرێمەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکانی کێشاوە لە کتێبەکەیدا (صورة الأرض)، یەکەم فەرهەنگی جوگرافیایی لە مێژوودا بریتییە لە (معجم البلدان) کە نووسەرەکەی (ياقوت الحموي) یە، کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا مردووە، کە ئێستاش کتێبەکەی نرخە زانستییەکەی هەرماوە، یەکەم کەس کە باسی (هێزی کێش کردنی) کردووە پێشەوا (الخازن)ە کە دەڵێ: (تەنەکان دەکەونە سەر زەوی بەهۆی هێزێکی کێش کردنەوە، و پەیوەندی هەیە لە نێوان خێرایی و دووریی و

کێشدا)، ئەم ووتەیەی چەندەها سەدە پێش لەدایکبوونی (نیوتن) ووتووە، هەروەکو چۆن دەربارەی یاسای (کێش کردنی گشتی) زانایانی ئیسلام قسەیان کردووە، و بەستنەوەی گەردوون بەیەکەوە بەهۆی ئەو هێزی کێش کردنەوە.




**نەخشەیەکی کتێبی (صورة الأرض)ی زانای موسوڵمان (الخوارزمي).**

زانایانی موسڵمان یەکەم کەس بوون کە هەستاون بە لێکۆڵینەوەی تاشە بەردەکان و سروشتەکانیان، و ئەم زانستەیان بنیاتنا، شێخ (وەقفی) لە کتێبەکەیدا (تلك حدود الله) باس لەوە دەکات و دەڵێ: زانایانی موسوڵمان یەکەم کەس بوون کە یاساکانی کارەبایان داناوە، کە دوایی زانا (کریرت) لێکۆڵینەوەکانی لەسەر بنیات ناوە، و یەکەم کەس بوون کە شوێنی دەرزی موگناتیسی (البوصلة) دروست بکەن، و یەکەم بوون لە دروست کردنی (تفەنگ) لە غرناطة، و یەکەم کەس بوون کە (باروت) دروست بکەن، و یەکەم بوون لە دروستکردنی سەعاتی خولگەدار و رەورەوەدار، (إبن خلدون) یەکەم کەس بووە لە زانستی کۆمەڵناسیدا (ئاوەدان کردنەوە)، و (إبن رشد الأندلسي) یەکەم کەس بوو کە سەلماندی مرۆڤ دووجار توشی ئاوڵە نابێت، موسوڵمانان یەکەم کەس بوون لە دروستکردنی بیمارستانەکاندا بە شێوەیەکی فراوان، و چەندەها پزیشکی پسپۆڕیان لە سەردەمی (وەلیدی کوری عبدالملك)دا پێگەیاندوە کە زۆر گرنگی داوە بە بواری پزیشکی، و پارە و خۆراکی زیاتری بۆ پزیشکەکان دابین کردووە، و فەرمانی کرد کە ئەوانەی نەخۆشی (گولی)یان هەیە با سواڵ نەکەن، بەڵکو جیای کردنەوە و بژێوی ژیانی بۆ دابین کردن بە دروست کردنی شوێنێکی جیا بۆیان (حجر صحي).

یەکەم نەخۆشخانە لە ئیسلامدا ئەو خەیمە بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) هەڵیدا لە (مدینة) لە شەری (خندق)دا، و ئافرەتێکی تیا دانا کە ناوی (رەفیدە) بوو کە برینەکانی تیمار دەکرد و گرنگی بەنەخۆشەکان دەدا، و (إبن سینا) یەکەم زانای موسڵمانە کە روونی کردەوە دیاری کردنی (نێرینەی کۆرپەلە) پەیوەندی بە پیاوەوەیە نەك ژن، هەر زانایانی ئێمە بوون کە دەرمانخانەکانیان دروستکرد، و زۆر لە ماددە کیمیاییەکانیان لە دەرماندا بەکارهێنا، بەتایبەت (إبن البیطار، و داود الأنطاکي)، کە باسی رووەکەکانیان کردووە بۆ دەرمان و ئەندازەی بەکارهێنانەکەی، (رازی) یەکەم کەس بووە کە (جیوە)ی بەکارهێناوە لە پێکهاتەی مەرهەمی ساڕێژ کردنەوەی بریندا، و یەکەم کەس بووە کە جیوەی بەکارهێناوە لەسەر (مەیموون) و سەرکەوتوو بووە تیایدا، و (عبداللطیف البغدادي) یەکەم کەس بووە کە هەڵەکانی (جالینۆس)ی بە ووردیی دیاریکردووە لە زانستی (توێکاری)زانیدا، لەوانە (جالینۆس) ووتویەتی: (کاکیلەی خوارەوە لە دوو ئێسك پێك دێت).




**بەرگی پێشەوەی کتێبی (القانون في الطب)، دانراوی (إبن سینا)، کە لە ساڵی (١٥٩٣ز) لە (رۆما) چاپکراوە، ئەم کتێبە تا سەدەی هەژدەیەم بە سەرچاوەیەکی زانستی پزیشکی دادەنرا لە ئەورووپادا.**

(الزهراوي) یەکەم کەس بووە لە زانستی (نەشتەرگەری)دا کتێب بنوسێت، و (إبن زهر) یەکەم کەس بووە کە بەردی گورچیلەی دەرهێناوە، و (إبن النفیس) یەکەم کەس بووە کە سووڕی خوێنی بچکۆلەی لە لەشی مرۆڤدا دۆزییەوە، و یەکەم کەس بووە کە باسی کردنەوەی بۆری هەوایی (القصبة الهوائیة)ی کردووە لە نێو پزیشکاندا، لە کتێبێکیدا بەناوی (التیسیر فی المداواة والتدبیر)، زانا (الرازي) یەکەم کەس بووە باسی کاریگەریی بۆماوەیی (وراثة)ی کردووە لە نەخۆشییەکاندا، و یەکەم کەس بووە دەستنیشانی نەخۆشی سووریژە و ئاوڵەی کردووە، و جیای کردوونەتەوە لە بارە سەرەتاییەکانیاندا، و یەکەم کەس بووە باسی تاقی کردنەوەی کۆنترۆڵ کراوی کردووە، کە ووتویەتی تاقیکردنەوە لەسەر نیوەی نەخۆشەکان بکرێت و نیوەکەی تر وازیان لێبێنن، و یەکەم کەس بووە تەلی نەشتەرگەری دۆزییەوە کە لە ڕیخۆڵەی ئاژەڵ دروست کراوە.

یەکەم کەس دەربارەی زانستی ژینگە نووسیویەتی و باسی کاریگەریی ژینگەی لەسەر زیندەوەران کردووە (ابن خلدون) بووە، (جاحظ) یەکەم کەس بووە کە زانستی توێکاری بەراورد (التشریح المقارن)ی داناوە، کە دەچوو سکی ئاژەڵانی هەڵدەدڕی و بەراوردی دەکرد لەنێوان ئەندام و کۆئەندامەکانیاندا، و بە دامەزرێنەری یەکەمی زانستی (زیندەوەرزانی ئەزموونکاریی) دادەنرێت، و یەکەم کەس بووە کە لێکۆڵینەوەی لە ئاکاری زیندەوەران کردووە.

ڕۆژئاوا (الجاحظ) دادەنێن بە یەکەم زانا و نووسەر لە زانستی (زیندەوەرزانی)دا، موسوڵمانان یەکەم کەس بوون کە (پاڵەپەستۆی هەوا)یان دۆزییەوە، پێش (ڕێنیسانس)ی ئەوروپا بە چەندەها سەدە، و لەنێو خۆیاندا ئەم یاسایانەیان نەقڵ کردوە کە دەڵێت: (کێشی تەن لە هەوادا کەمترە لە کێشی ڕاستەقینە خۆی)، و (هەوا هێزێکی هەڵکێشەری هەیە وەکو شلەکان) بەپێی یاسای (ئەرخەمیدس)، و یاسای (کێشی تەن لە نزیك ڕووی زەوی جیاوازە لەو کێشەی لەبەرزاییدا هەیەتی، ئەویش بەپێی بەرزیی ستوونی هەوا لە سەرەوەی).

(جابر بن حیان) یەکەم کەس بووە کە باسی هاوکێشی (الأوزان المتکافئة)ی کردووە، و ناوی ناوە (زانستی میزان)، و یەکەم کەس بووە کە ووتویەتی (مس) ئاگرێکی ڕەنگ سەوز دروست دەکات، (إبن سینا) یەکەم کەس بووە کە دەربارەی پیتاندن لە ڕووەکدا نووسیویەتی، کە دەگونجێ لەم ئایەتە وەریگرتبێ: ﴿وأرسلنا الرياح لواقح﴾، کە ئەم حەقیقەتەی باس کردووە پێش لەدایکبوونی (لینس) بە چەندەها سەدە، و (عباس بن فرناس)ی (ئەندەلوسی) کە ساڵی (٢٧٤ك) مردووە یەکەم کەس بووە کە بیرۆکەی فڕینی داهێناوە، کەسێکی فیزیایی و کیمیایی و ئەدیب و پزیشکیش بووە، (ئەمەوییەکان) بەکاریان هێناوە وەك پزیشکی تایبەتی منداڵ و خێزانانی کەسانی حوکم بەدەست.

(رحاب خضر عکاوي) دەڵێ: یەکەم کەس کە زانستی سروشت (فیزیا)ی داهێناوە (حسن کوڕی هیثم) بووە، و یەکەم کەس بووە کە باسی تیشکدانەوەی کردووە، و (إبن الهیثم) یەکەم کەس بووە کە باسی دیاردەی (سراب)ی کردووە، و دیاردەی بینینی خۆر پێش هەڵهاتن و دوای ئاوابوون لێکداوەتەوە، و (جابری کوڕی حەییان) یەکەم کەس بووە کە بناغەی زانستی کیمیای نوێی داهێناوە، کە (٧٠) ماددەی کیمیایی حازر کردوە و خاسییەتەکان و کارلێکەکانی دیاری کردوون، وەك: ترشەکان و کبریتەکان و کلۆریدەکان، و یەکەم کەس بووە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی کیمیایی دهێناوە، و یەکەم کەس بووە کە باسی کردارەکانی (توانەوەی ماددەکان)ی کردووە، و یەکەم کەس بووە کە باسی کارلێکەکانی پالاوتن و بە کریستاڵ بوونی

کردووە، و یەکەم کەس بووە کە بە کردارەکـــانی (بەقـــەترە بـــوون) هەستاوە و باس کردوون، هەروەها کردارەکـــانی سەرخستنی بـــاس کـــردووە کـــە هـــیچ کـــەس پێشـــی نەداوەتەوە.


دوو وێنەی قیبلە نما بۆ دیاری کردنی شوێنی (مەککە)ی پیرۆز بە گوێرەی هەندێك شاری ئیسلامی، کە لە دروست کردنی موسوڵمانانە.

(خەوارزمی) یەکەم کەس بووە کە (سفر)ی داهێناوە، کە کەسانی ماتماتیکی سوودیان لێ وەرگرت و وای لێکردن کە بتوانن هاوکێشە درێژەکان شیکار بکەن، و یەکەم کەس بووە کە پەیوەندی نێوان (جەبر) و (هەندەسە)ی دۆزیوەتەوە، هەروەها بەکارهێنانی هاوکێشە جەبرییەکان بۆ شیکار کردنی بابەتە هەندەسییەکان، و یەکەم کەس بووە بنچینەکانی شیتەڵ کردنی هەندەسی داناوە، (موسی کوڕی شاکر) یەکەم کەس بووە کە لە زانستی (الحِيَل) واتە (میکانیکا)دا شت بنووسێت، زانایانی موسوڵمان یەکەم کەس بوون کە پرۆگرامی ئەزموونییان دەرهێناوە لە ئایەتی: ﴿وفي أنفسكم أفلا تبصرون﴾، هەروەها لە ئایەتی: ﴿أفلا ينظرون إلى الإبل كيف خلقت، وإلى السماء كيف رفعت وإلى الجبال كيف نصبت وإلى الأرض كيف سطحت﴾، (ڕۆژئاوا) دان بەوە دەنێن کە: موسوڵمانان یەکەم کەس بوون پرۆگرامی ئەزموونییان داهێناوە، (جابری کوڕی حەییان) دەڵێ: (ئەی ڕۆڵەکەم بەردەوام تاقیکردنەوە بکە)، کە مەبەستی تێڕوانین و بیرکردنەوە و تێڕامانە و جێبەجێ کردنی ئەزموونی جیاوازە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان، (جابر) یەکەم کەس بووە کە ئامۆژگاری زانایانی کردووە بە سێبارە کردنەوەی ئەزموونەکان بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە، (أبو موسى الكندي) یەکەم بیریاری ئیسلامی بوە کە لە پۆلێنی یۆنانی تەقلیدی بچێتەدەر، و هێڵکاری و پلانێکی نوێی گشتی تازەی دانا تاکو زانستەکان لەسەر ئەو پلانە پۆلێن بکرێن، ئەو پۆلێنەی ئەو کردی بووە هۆی ئەوەی زانایانی تریش وەکو (فارابی و خەواریزمی و إبن سينا) ڕێچکەی ئەو بگرن لەگەڵ تۆزێ تازەگەریدا، (بلاذري) یەکەم کەس بووە کتێبی داناوە لەسەر پرۆگرامی بەستنەوەی ڕووداوەکانی مێژوو بە یەکترییەوە بە شێوەیەکی پتەو و چڕو پڕ.

زانایانی ئێمە یەکەم بوون لە سوود وەرگرتن لە زانستی کەسانی تر، و زانایانمان شیاوترین کەسن بۆ ناسینی حەق و ڕاستی، کە هەستاون بە پاراستن و گواستنەوەی زانستی غەیری خۆیان، موسوڵمانان یەکەم کەس بوون زانستی(کیمیا)یان وەرگێڕا بۆ زمانی عەرەبی، لەسەروو هەموویانەوە (خالد بن یزید بن معاوية) بوو، چونکە یەکەم کەس بووە کە زانستی پزیشکی وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی، یەکەم کەسیش کە کتێبی (توخمەکانی ئیقلیدس)ی وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی (حجاج بن یوسف بن مطر) بوو، کە ناوبانگی دەرکرد لە ساڵانی (٧٨٦-٨٠٣ك)دا.

زانایانی موسوڵمان هەستان بە بزوتنەوەیەکی زۆر فراوان لە وەرگێڕاندا، سەرەتا بە وەرگێڕانی واتاکانی قورئانی پیرۆز دەستی پێ کرد بۆ زمانی (سندی)، و هەوڵیاندا کە زانستەکانی خۆمان بۆ میللەتان بنێرن، و سوود وەربگرن لە زانستی ئەوانیش لەو شتانەی کە سوودیان لێوەردەگیرێ، وەك: ڕێکخستنی دیوانەکان و وەرگێڕانی نووسراوەکان بۆ زمانی عەرەبی، لەکاتێکدا بە (یۆنانی و فارسی و قیبطی) دەنوسران، و موسوڵمانان یەکەم کەس بوون پۆستە (برید)یان داهێنا، لە سەروو هەموویانەوە (عومەری کوڕی خەطاب) بوو، موسڵمانان یەکەم کۆمەڵگەی زانستی‌یان لە هەمووو جیهاندا لە (بغداد) دامەزراند بەناوی (دار الحکمة)، کە باوەڕ وایە (هارون الرشید) دەستی بە پێکهێنانی کردبێت، و لەسەردەمی (مأمون)دا گەشەی کرد.

سەردەمی یەکەمی (زێڕینی) (عەبباسی‌یەکان) بەناوبانگ بوو بە (سەردەمی کتێب نووسین)، یەکەم کەس کە کتێبی نووسی (عبد الملك بن عبد العزیز بن جریج البصري) بوو کە لە ساڵی (١٥٥ك)دا کۆچی دوایی کردووە، هەندێ دەڵێن یەکەم کەس (أبوالنصر سعید بن عروبة) بووە، کە ئەویش (١٥٥ك) کۆچی دوایی کردووە، هەندێ دەڵێن یەکەم کەس (ربیع بن مسعود) بووە، کە لە (١٦٠ك)دا کۆچی دوایی کردووە.

موسوڵمانان یەکەم زانکۆیان داناوە لە جیهاندا، یەکەم کەس کە بەردی بناغەی دانشگای دانا (أبو موسی الأشعري) بوو لە ساڵی هەشتی کۆچی لە (زبید) لە ناوچەی (تهامة).

زانستی (پەروەردە) موسوڵمانان زۆر لێهاتووبوون تیایدا، کە گرنگی‌یان دەدا بە پەروەردەی لاشە و عەقڵ و ڕۆح، بە پێچەوانەی (گاورەکان)وە کە لایەنی عەقڵ و لاشەیان فەرامۆش کردبوو و تەنها گرنگی‌یان بە (ڕۆح) دەدا، و بە پێچەوانەی (جولەکەکان)ەوە کە گرنگی‌یان تەنها بە لاشە دەدا و (عەقڵ و روح)یان فەرامۆش کردبوو، هەروەها (یۆنان)ی-یەکانیش کە لایەنی (ڕۆحی)یان فەرامۆش کردبوو تەنها گرنگی‌یان بۆ عەقڵ و لاشە بوو، و دەیانووت: (عەقڵی ساغ لە لاشەی ساغ دایە)، گرنگترین زانایانمان لەم بوارەدا لە سەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژە بە ناوەکانیان دراوە.



TABLE VII.—NAVIGATIONAL STARS
(for which the *Nautical Almanac* carries full navigational information)

| Name | Bayer name | Origin of name | Meaning of name |
|---|---|---|---|
| Acamar | θ Eridani | Arabic | another form of Achernar |
| Achernar | α Eridani | Arabic | end of the river (Eridanus) |
| Acrux | α Crucis | Modern | coined from Bayer name |
| Adhara | ε Canis Majoris | Arabic | the virgin(s) |
| Aldebaran | α Tauri | Arabic | follower (of the Pleiades) |
| Alioth | ε Ursa Majoris | Arabic | another form of Capella |
| Alkaid | η Ursa Majoris | Arabic | leader of the daughters of the bier |
| Al Na'ir | α Gruis | Arabic | bright one (of the fish's tail) |
| Alnilam | ε Orionis | Arabic | string of pearls |
| Alphard | α Hydrae | Arabic | solitary star of the serpent |
| Alphecca | α Corona Borealis | Arabic | feeble one (in the crown) |
| Alpheratz | α Andromeda | Arabic | the horse's navel |
| Altair | α Aquilae | Arabic | flying eagle or vulture |
| Ankaa | α Phoenicis | Arabic | coined name |
| Antares | α Scorpii | Greek | rival of Mars (in color) |
| Arcturus | α Bootis | Greek | the bear's guard |
| Atria | α Trianguli Australis | Modern | coined from Bayer name |
| Avior | ε Carinae | Modern | coined name |
| Bellatrix | γ Orionis | Latin | female warrior |
| Betelgeuse | α Orionis | Arabic | the arm pit (of Orion) |
| Canopus | α Carinae | Greek | city of ancient Egypt |
| Capella | α Aurigae | Latin | little she-goat |
| Deneb | α Cygni | Arabic | tail of the hen |
| Denebola | β Leonis | Arabic | tail of the lion |
| Diphda | β Ceti | Arabic | the second frog (Fomalhaut was once the first) |
| Dubhe | α Ursa Majoris | Arabic | the bear's back |
| Elnath | β Tauri | Arabic | one butting with horns |
| Eltanin | γ Draconis | Arabic | head of the dragon |
| Enif | ε Pegasi | Arabic | nose of the horse |
| Fomalhaut | α Piscis Austrini | Arabic | mouth of the southern fish |
| Gacrux | γ Crucis | Modern | coined from Bayer name |
| Gienah | γ Corvi | Arabic | right wing of the raven |
| Hadar | β Centauri | Modern | leg of the centaur |
| Hamal | α Arietis | Arabic | full-grown lamb |
| Kaus Australis | ε Sagittarii | Ar., L. | southern part of the bow |
| Kochab | β Ursa Minoris | Arabic | shortened form of "north star" (named when it was that, c. 1500 BC–AD 300) |
| Markab | α Pegasi | Arabic | saddle (of Pegasus) |
| Menkar | α Ceti | Arabic | nose (of the whale) |
| Menkent | θ Centauri | Modern | shoulder of the centaur |
| Miaplacidus | β Carinae | Ar., L. | quiet or still waters |
| Mirfak | α Persei | Arabic | elbow of the Pleiades |
| Nunki | σ Sagittarii | Bab. | constellation of the holy city (Eridu) |
| Peacock | α Pavonis | Modern | coined from English name of constellation |
| Polaris | α Ursa Minoris | Latin | the pole (star) |
| Pollux | β Geminorum | Latin | Zeus' other twin son (Castor, α Geminorum, is first twin) |
| Procyon | α Canis Minoris | Greek | before the dog (rising before the dog star, Sirius) |
| Rasalhague | α Ophiuchi | Arabic | head of the serpent charmer |
| Regulus | α Leonis | Latin | the prince |
| Rigel | β Orionis | Arabic | foot (left foot of Orion) |
| Rigil Kentaurus | α Centauri | Arabic | foot of the centaur |
| Sabik | η Ophiuchi | Arabic | second winner or conqueror |
| Schedar | α Cassiopeiae | Arabic | the breast (of Cassiopeia) |
| Shaula | λ Scorpii | Arabic | cocked-up part of the scorpion's tail |
| Sirius | α Canis Majoris | Greek | the scorching one (popularly, the dog star) |
| Spica | α Virginis | Latin | the ear of corn |
| Suhail | λ Velorum | Arabic | shortened form of Al Suhail, one Arabic name for Canopus |
| Vega | α Lyrae | Arabic | the falling eagle or vulture |
| Zubenelgenubi | α Librae | Arabic | southern claw (of the scorpion) |

* From H.O. Pub. No. 9, *American Practical Navigator*, U.S. Government Printing Office, 1958.

NATIONAL AERONAUTICS AND SPACE ADMINISTRATION

خشتەیەکی کتێبێکی بەناوبانگی کەشتی‌یەوانی وەکالەتی فەزای ئەمریکا (ناسا)، کە دەریدەخات (٦٠٪)ی سەرچاوەی ناوی ئەستێرەکانی کەشتی‌یەوانی ناوی عەرەبین.

**سەرچاوە: بابەتی: (أوائل المسلمین في العلوم التجریبیة)/ کە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.**






بسم الله الرحمن الرحيم

## بەشی چوارەم

## تاریکاییەکان و شەپۆلە ناوەکییەکانی دەریا

﴿أو كظُلُماتٍ فِي بحرٍ لجِّي يغشاه موج من فَوقِهِ موج من فَوقِهِ سحاب ظُلُمات بعضها فَوق بعضٍ إذَا أخرج يده لَم يكَد يراها ومن لم يجعل الله لَه نورا فَما لَه مِن نورٍ﴾ (النور:٤٠).

تاریکاییەکان و شەپۆلە ناوەکییەکانی ناو دەریاکان شوێنێکە ئەستەم بووە ئادەمیزاد توانیبێتی لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بیگاتێ، لەبەرئەوەی ئادەمیزاد ناتوانێت لە قووڵایی (٣٠ م) زیاتر لەش لەناو ئاودا نوقم بکات، بەهۆی بوونی پەستانی هەوا لەسەری، ئەو پەستانی هەوایەش وادەکات نایترۆجین لە خوێندا بتوێتەوە و کار لە لەش بکات و کۆنترۆڵی نەمێنێت، ئەمە ئەگەر بچێتە قوڵایی (٣٠ م).

خۆ بۆ قووڵایی (١٠٠)م یان (٢٠٠)م ئەوە هەر زیاتر ئەستەمە کەس بتوانێت بچێتە ئەو قووڵاییەوە، ئەوەش باسەکەی ئێمەیە چونکە قورئانی پیرۆز باسی دەریایەك دەکات کە لە دوای قووڵایی (٢٠٠)م دەست بەدەرکەوتنی دەکرێت، ئاشکراشە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) زانستی دەریاکان تەنیا خورافە و ئەفسانە باڵی بەسەرا کێشابوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز بەسەر دەریادا نەڕۆیشتووە، هەروەها کۆمەڵگای پێغەمبەریش (ﷺ) کۆمەڵگایەکی بیاباناوییە، بەڵام قورئانی پیرۆز هەواڵی شەپۆلی ناوەکی و چەند تاریکییەکمان ئەداتێ لە قوڵاییەکانی دەریادا، دەریا قووڵەکان نەك دەریا تەنکەکان، و باسی هۆکاری ئەو تاریکاییانە دەکات کە پێشتر ئەو هۆکارانە نەدەزانرا، تەنها بەهۆی گەشتێکی درێژی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە نەبێت، هەتاوەکو دەرخستنەکان تەواو بوون و چەند وێنەیەکیان پێشکەش کرد، ئیتر زاناکان بۆیان دەرکەوت کە تاریکییەکی زۆر لە



**ئەو ماسییانەی لە قووڵاییدا دەژین خوای گەورە ئەندامێکی ڕووناککەرەوەی پێبەخشیون تا بتوانن لەو تاریکاییانەدا ببینن.**

قووڵایی (٣٠٠)م بۆ (٥٠٠)م دەست پێدەکات، و ئەو تاریکاییە زیاد دەکات هەرچەندە بەرەو قووڵایی دەریاکە بچیت، و ژێردەرییاییەکان (غواصە) کاتێك دەچنە ئەو شوێنانە پێویستە ئامێری ڕووناك کردنەوەیان هەبێ، هەروەها ماسییەکانی ئەو شوێنەش خوای گەورە لەلای چاویان ڕووناك کەرەوەیەکی پێبەخشیون تا چاویان ببینێت، یان هەندێکیان هەر چاویان نابینێ بەڵام خوای گەورە هەستێکی داونەتێ پێی بڕۆن لە تاریکاییدا.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿**أو كظلماتٍ في بحرٍ لجي**﴾ لێرەدا ئەو تاریکییانەی کە بێباوەڕێك تێیدا دەژی دەچوێنی بە تاریکاییە قووڵەکانی ناو دەریا، چونکە (أو) پیتی عەتفە، (کاف) بۆ لێکچواندنە (تشبیه)ە، (ظلمات) تاریکایی زۆرە، (**في بحرٍ**) مەبەست پێی دەریا سوێرەکانە، (**لجي**) واتە: قووڵ، واتە مەبەست پێی ناوەڕاستی دەریا و زەریاکانە، بڕوانە چۆن فەرمووی (**بحرٍ لجي**) واتە: دەریا قووڵەکان، و نەیفەرمووە هەر دەریایەك بێت، پاشان دەفەرموێت: ﴿**يغشاه موج من فوقه موج**﴾.

(**يغشاه**) واتە: دایئەپۆشێت یان سەری ئەکەوێ، (**موج**) واتە: شەپۆل، کە لە جووڵەی بەردەوامی ئاوی دەریاکانە، و هۆکارەکەی تەوژمی هەوایی و ئاوییە لەناو دەریاکاندا کە ئەمە شەپۆلی یەکەمە لەناو قوڵاییەکاندا، پاشان فەرمووی: (**من فوقه موج**)، واتە: لە سەرووی ئەوەشەوە شەپۆلێکی تر هەیە، لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت چۆن شەپۆل داپۆشیوە و لە سەرووی ئەو شەپۆلەشەوە شەپۆلی تر هەیە؟

بەم وەسفە قورئانییە بۆمان دەردەکەوێت کە دوو دەریا هەیە یەکێکیان لە قوڵاییدایە و شەپۆلێك داپۆشیوە و ئەوی تریان لە سەرەوەیە و هەر شەپۆل داپۆشیوە، چونکە (هاء)ی (**يغشاه**) کە ڕاناوە، ئەگەڕێتەوە بۆ نزیکترین باسکراو کە (دەریای قووڵە) (**بحرٍ لجي**)، واتە: شەپۆلێك دەریا قووڵەکەی داپۆشیوە پاشان شەپۆلێکی تر دەریا ڕووکەشییەکەی

(البحر السطحي)یەکەی داپۆشیوە، کە مەبەست بەم شەپۆلی ئاوەیان شەپۆلی سەر ڕووی دەریاکەیە، بە پێچەوانەی شەپۆلە ناوەکی‌یەکە کە دەریایەك سەری کەوتووە بەلاَم شەپۆلی سەرەوەیان وەك ئایەتەکە دەریخستووە هەوری چڕ سەری کەوتووە، وەك دەفەرموێت: (مِن فَوقِهِ سحاب) واتە: لە سەروو ئەم شەپۆلەی دووەمەوە هەور هەیە، مەوسوعەی بەریتانی بەناوبانگ (Encyclopedia Britannica)




ئەم هێلکاری‌یانە ئەو شە پۆلە ناوەکی‌یانەمان بۆ روون دەکەنەوە کە لەناو دەریادا و لەژێر شە پۆلە رووکەشی‌یەکانەوە مەوج دەدەن.

دەڵێت: زۆربەی کات دەریا و زەریا قووڵەکان داپۆشراوە بە هەوری کەڵەکە بووی چڕ، کە ئەمانە دەبنە بەربەست لەبەردەم بڕێکی زۆر لە تیشکی خۆر، وەکو لە زوربەی مانگە دەستکردەکاندا دەردەکەوێ، ئەو هەورانە بڕێکی زۆر لە تیشکەکەی پێچەوانە دەکەنەوە و ڕوناکی‌یەکەی کەم دەکەنەوە، ئەو ڕوناکی‌یەش کە ماوە و دەچێتە ژێر هەورەکەوە، ئاوەکە بەشێکی تری لێ‌پێچەوانە دەکاتەوە، و بەشەکەی تری دەمژێت، کە کەمبوونەوەی ڕووناکی ئەو تیشکە ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ زیاد بوونی قووڵایی دەریاکەدا، و چەند ئاستێك لە تاریکایی دەست پێدەکات تا دەگاتە قووڵایی ٢٠٠م، بە جۆرێك لە قووڵایی (١٠٠٠)م دا بە تەواوی بینین و ڕووناکی نامێنێت.

دیسکی سیشی (The Sechi Disk) یەکەمین ئامێر بوو کە بەکارهێنرا بۆ پێوانەی قووڵایی تێپەڕینی ڕووناکی لە ئاوی زەریاکاندا، زاناکان توانی‌یان ئەو ماسی‌یانە ببینن کە لە قووڵایی دەریاکاندایە (٦٠٠ بۆ ٢٧٠٠)م، کە لەویادا ئەندامی ڕووناك کەرەوەیان هەیە، و دەتوانن لە تاریکی‌دا نێچیرەکانیانی پێ‌ببینن.

لەدوای بەکارهێنانی هۆکارەکانی وێنەگرتن لەگەڵ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، و گەشەپێدانی لە (سی‌یەکانی) سەدەی بیستەمدا زانستی نوێی دەریاکان دەریخست کە خانەی کارۆموگناتیسی بەکار هێنراو شەپۆلە بەهێزەکانی ناو دەریاکانی دەرخست.

مەوسوعەی بەریتانی دەڵێت: دیاردەی شەپۆلە ناوەکی‌یەکانی ناو قووڵایی دەریاکان ئادەمیزاد پێشتر نەیدەزانی هەتا ١٠٠ساڵ پێش ئیستا نەبێت، کە دروست بووە لە ئەنجامی جیاوازی دوو دەریاکەی سەریەك لە ڕووی چڕیی و گەرمی و هەڵکشان و داکشان و کاریگەریی (با)وە، لەبەرئەوە ڕووی جیاکەرەوەی نێوان چڕیی‌یە جیاوازەکان لەو ناوچەیە کە گەرمی بەرەو خوارەوە کەمدەکات، نەبوە ئاوی گەرمی ڕووی دەریاکە و ئاوی ساردی قووڵایی دەریاکە لەیەك جیادەبنەوە، ئەو شەپۆلانە

کە لەسەر ڕووی جیاکەرەوەی هەردوو چینە ئاوی‌یە جیاوازەکە لە چڕی و گەرمی وسوێریی‌یەوە دروست دەبێت، هەر بە شەپۆلەکانی سەر ڕووی دەریاکە دەچوێت، بەڵام ناتوانرێت بە ئاسانی لەسەر ڕووی دەریاوە ببینرێن، ئەم شەپۆلانە زۆرجار ئەبنە کەمکردنەوەی توانای کەشتی‌یەکان بۆ چوونە پێشەوە ئەم حاڵەتە بەدیاردەی ئاوە وەستاوەکان ناسراوە، کە ئەم لێکدانەوەیە یەکەم جار دکتۆری سویدی (ڤان ئیکمان V. W. Ekman)[1] کردی! لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

## ڕووی ئیعجاز:

ئادەمیزادی کۆن بیروباوەڕی ئەفسانـاوی هەبووە بۆ لێکدانەوەی زۆرێک لە دیاردە دەریایی‌یەکان، دەریاوانەکانی ئەو کاتە کۆنە تێگەیشتنێکی زانستی‌یان نەبووە بۆ ئەو حاڵەتە بەربڵاوانەی لە قووڵایی دەریاکاندا ڕوویداوە، بۆ نموونە کاتێک کەشتی‌یەکانیان نەیانتوانیوە بەسەر دەریا وەستاوەکاندا بڕۆن، ڕۆمانە کۆنەکان ووتویانە لەویادا ماسی گەورە هەن کاریگەریی سیحری‌یان هەیە لەسەر وەستانی جووڵەی کەشتی‌یەکانمان، مێژووی زانست دەیسەلمێنێ کە لێکۆڵینەوە لە قووڵایی دەریاکان تا سەرەتای سەدەی بیستەم دەستی پێنەکرد، کاتێک ئامێری گونجاو داهێنرا بۆ ئەو لێکۆڵینەوە ووردانە، لەبەرئەوە زانستی نوێی دەریاکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا چەندەها نهێنی قووڵایی‌یەکانی دەریاکانی دەرخست، لەوانە تاریکایی‌یەکانی دەریا قووڵەکان و جووڵەی شەپۆلە ناوەکی‌یەکان کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ هەردوو دیاردەکە کردووە، وەك ئایەتە قورئانی‌یەکە دەفەرموێت: ﴿أو كظلمات في بحرٍ لجي يغشاه موج من فوقه موج من فوقه سحاب ظلمات بعضها فوق بعضٍ إذا أخرج يده لم يكد يراها﴾ (النور:٤٠).

وەك پێشتر ووتمان لێرەدا ئەو تاریکایی‌یانەی بێباوەڕێك تێی‌دا دەژی چوێنراوە بە تاریکایی‌یە-کانی ناو دەریا، بێباوەڕان هەمیشە لە تاریکایی‌دا دەژین، شاعیرێکی بێباوەڕ ئەوتاریکایی‌یانەی خۆی باس دەکات و دەڵێت:

((جئت لا أعلم من أين؟!
ولكنّي أتيت ...
ولقد أبصرت قدامي طريقاً
فمشيت ....
وسأبقى سائراً ....
إنْ شئت هذا أم أبيت ..
كيف جئت؟
كيف أبصرت طريقي؟
لَسْتُ أدري!!
ولماذا لست أدري؟!!
لست أدري!!!! )) ....

واتە: (هاتووم نازانم لە کوێوە- بەڵام هاتووم - ڕێیەکم لە بەرپێی خۆمدا بینی و ڕۆشتم - هەروا ئەمێنمەوە ئەگەر حەزبکەم یا حەزنەکەم - چۆن هاتم - چۆن ڕێگاکەمم بینی - نازانم، و ناش زانم بۆچی نازانم - هەرنازانم)، ئەمە واتای ئەوەیە لە چەند تاریکایی‌یەکی سەریەکدا دەژین (ظلمات بعضها فوق بعض)، چونکە دڵی بێباوەڕ نازانێت کێ دروستی کردووە؟! نازانێت بۆچی دروست کراوە؟! نازانێت بۆچی دەمرێ؟! نازانێت چی لەسەرە بیکات لەدونیادا، و چی پێویستە خۆی لێبپارێزێ؟!تاریکایی‌یەکان کەڵەکە بوون لەسەری وەك تاریکایی‌یە سەریەکەکانی دەریا!!!.

ئەو تاریکایی‌یانەی ناو دەریا لە ئەنجامی دوو هۆکاری سەرەکی درووست بوون:

**یەکەم**: بەهۆی قووڵی‌یەوە، لەبەر ئەوەی تیشکی ڕووناکی لە حەوت ڕەنگ پێکدێت، و ئەو ڕەنگانە کاتێك ئاو دەبڕن بەتوندی

((1) ڤان والفرد ئیکمان (١٨٧٤ - ١٩٥٤) ستۆکهۆڵم/ سوید، زانای دەریا و زەریاکانە و ناسراوە بە لێکۆڵینەوەی دینامیکی تەوژمی دەریاکان.

نایبڕن، بەڵكو بەپێی درێژی شەپۆلەكانیان دەیبڕن.

لەبەرئەوە ڕەنگی سوور لە (٥٠م)ی یەكەمدا دەمژرێت، واتە ئەگەر ژێر دەریاییەك بچێتە ژێر ئاوەوە لەویادا برینداربوو خوێنی ڕژا، ناتوانێت خوێنەكەی بە سوور ببینێ بەڵكو بە ڕەنگی ڕەش ئەیبینێت، بۆچی؟

چونكە ڕەنگی سوور لەویادا نەماوە و تاریكایی ڕەنگی سوور دەستی پێكردووە، پاشان لە قووڵایی (٧٠م)دا ڕەنگی پرتەقاڵی دەمژرێت، پاشان لە قووڵایی (٩٠م)دا ڕەنگی زەرد دەمژرێت، پاشان لە قووڵایی (١٠٠م)دا تاریكایی ڕەنگی سەوز دەست پێدەكات و دەمژرێت، بەو جۆرە هەر حەوت ڕەنگەكە نامێنێت، كۆتا ڕەنگ ڕەنگی شین دەمژرێت، لەبەرئەوە دەبینین دەریاكان شین دەردەكەون، چونكە دواین تیشكە كە دەمژرێت لە قووڵایی (٢٠٠م)دا، پاشان دەچینە ناوچەیەكی یەكجار زۆر تاریكا-ییەوە، كەواتە تاریكاییەكان لەسەر یەكن ﴿ظُلُمات بعضها فَوق بعض﴾ **(بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری ئەم نەمانە پلە بە پلەیەی ڕەنگەكان لەنا قووڵایی دەریاكاندا بە ووردیی بڕوانە وێنە ڕەنگاوڕەنگەكانی بەرگی دەرەوەی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەكەمان كە زۆر بە جوانی ئەم بابەتەی ڕوون كردۆتەوە).**

**جۆری دووەم**: تاریكایی بەربەستەكانە: كە **یەكەمیان** (هەورە)، تیشكی خۆر لە هەموو شەپۆلە كارۆموگناتیسییەكان پێكدێ، هەر لە تیشكی ڕادیۆیی هەتا تیشكی سینی، بەڵام ئەوەی تیایدا زاڵە ڕووناكی بینراوە، و هەردوو تیشكی ژێر سوور و سەروو وەنەوشەییە، زۆربەی تیشكی سەروو وەنەوشەیی پشتێنەی (ئۆزۆن) پێچەوانەی دەكاتەوە، كاتێك پاشماوەی تیشكی خۆر دەگاتە بەشی خوارەوەی بەرگەهەوا هەورەكان لە(٣٠٪)ی ئەو تیشكە پێچەوانە دەكەنەوە و پەرتی دەكەن، و لە (١٩٪)ی تیشكەكە بەهۆی بوونی هەڵمی ئاو و ئەو دەنكۆڵەی تۆزاوەی كە تێیدایە دەمژرێت، كەواتە (٤٩٪)ی تیشكی خۆر پێچەوانە دەبیتەوە و دەمژرێت، بەوەش تاریكاییەكی ڕێژەیی (نیسبی) ڕوودەدات.

**دووەم**: بەربەستە شەپۆلەكانی سەر ڕووی دەریا و زەریاكانە كە هۆكاری تاریكایی دووەمە، كاتێك ئەو پاشماوەی تیشكەی دەگاتە سەر ڕووی دەریاكان، ئەوا (٣٥٪)ی تیشكی ژێر سوور لە بەهەڵم بوونی ئاو و دروست بوونی هەور، و كردارەكانی ڕۆشنە پێكهاتندا كاردەبێت كە ڕووەكە دەریاییەكان پێی هەڵدەستن.

بەڵام ئەوەی دەگاتە سەر ڕووی دەریا و زەریاكان ئەوەی ماوەتەوە لە تیشكی بینراو (تیشكی سپی)، ئەوا شەپۆلەكانی سەر ڕووی دەریاكان (٥٠٪)ی تیشكەكە پێچەوانە دەكەنەوە، و بەوەش تاریكاییەكی تری نیسبی ڕوودەدات، ئەو بەشە بینراوەی تیشكی خۆر كە بەناو ئاوەكەدا تێپەڕدەبێت تووشی چەندین كرداری مژین و شكانەوە و شیبوونەوە دەبێت بۆ ڕەنگە جیاوازەكان، ئەویش بەهۆی دەنكۆڵەكانی ئاو و خوێی تواوە و ماددەی ڕەقی هەڵواسراو و زیندەوەرەكانی ناوی دەبێت، خێرایی ڕووناكی (٣٠٠٠٠٠ كم)ە لە چركەیەكدا لە بۆشاییدا، و (٢٢٥٠٠٠ كم)ە لەچركەیەكدا لە ناوەندی ئاوییدا، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت لە ئاوی دەریادا لە قووڵایی (١٠٠٠)م زیاتر بەردەوام بێت، دوای (٢٠٠)م لەسەر ڕووی دەریاكەوە تاریكایی نزیكەتەواو دەست پێدەكات، چونكە لەدوای ئەو قوڵاییە تەنها (١٪)ی ڕووناكی خۆر تێپەڕدەبێت، ئەو بڕە كەمەش لە ڕووناكی بینراو تووشی شكانەوە و پەرت بوون و مژین

دەبێت، هەتا سەرەنجام لە قووڵایی کیلۆمەترێکدا بە تەواوی نامێنێت.

تیشکی خۆر یەك بەش لە (١٠) تریلیۆن بەشی دەمێنێتەوە، ئاشکراشە ناوەڕاستی قووڵایی زەریاکان بە نزیکەیی (٣٧٩٥)م دەبێت، و ئەوپەڕی قووڵایی لە (١١٠٣٤)م تێدەپەڕێ، ئەمەش مانای وایە کە قووڵایی ئەو زەریایانە لەوپەڕی تاریکاییدان.

بۆیە تاریکاییەکانی ناو قووڵایی دەریاکە وەك یەك نین، لە هەندێ شوێنی زیاترە و لە هەندێ شوێنی کەمترە، بەجۆرێك ئەگەر دەستی خۆت دەربهێنیت بۆئەوەی بیبینیت لە هەندێ شوێندا بەگران دەیبینیت، و لە هەندێ شوێندا کە قووڵترە هەر نایبینیت، لێرەدا دەبینین خوای گەورە وەسفی ئەم حاڵەتەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت: ﴿**إذا أخرج يده لم يكد يراها**﴾،واتە: ئەگەر کەسێك دەستی دەربهێنێت بە زەحمەت دەیبینێت یان هەر نایبینێت، لە زمانی عەرەبیدا ووشەی (**يكـد**) دوو واتای هەیە:

یەکەم: بەگران بیبینێت (يراها بصعوبة).

دووەم: هەر نەیبینێت (لايراها ألبتە)، خوای گەورە ئەم ووشەیەی بەکارهێناوە چونکە لە هەندێك شوێندا گرانە بینین، و لە هەندێ شوێندا بینین هەر نامێنێت.

هەموو ئەو ووردەکارییانە لە باسکردنی نهێنییەکانی دەریادا پێمان دەڵێت کە ئەوەی ئەم نهێنییانەی دەرخستووە لە سەردەمی دواکەوتوویی و نەبوونی زانستدا، ئەوە بەتەنها لە توانای دروست کەری ئەو نهێنییانەیە، و هەر ئەویش کە دایبەزاندووە: ﴿**قُلْ أنزله الذي يعلم السر في السماوات والأرض**﴾.

**سەرچاوە**: www.nooran.org.
- www.elnaggarzr.com
- www.jameataleman.org


بسم الله الرحمن الرحيم

﴿يدبر الأمر من السماء إلى الأرض ثم يعرج إليه في يوم كان مقداره ألف سنة مما تعدون ۝﴾ [سورة السجدة: ٥]

## حل لغز الأيام في كتاب الله

وقد أثبتت نظرية (النسبية) لأينشتين أن الزمان نسبي، وبحسب المعادلات الرياضية القاطعة، فإن سفينة فضاء تسير بسرعة قريبا من سرعة الضوء، تقطع من الزمن في يوم واحد من أيامها ما يعادل مائة ألف يوم مما تعدون.

وهنا بدأ الرياضيون في عمل ثقب (نخر) في الزمان وتمديده وتوصيله، بحيث أثبتوا إمكان قطع مسافة تعادل الكون كله - رياضيا - في لا زمن.

إن القرآن العظيم كان قد اخترق الحائط الأصم الذي لم يخطر ببال بشر أن يهرب من إساره.. ألا وهو الزمن.

حتى جاءت نظرية النسبية في مطلع القرن العشرين لتكتسح أشد الأفكار أزلية ورسوخا حول الزمن المطلق، ولتعلن العقيدة العلمية الثائرة:

«إن يوما في سفينة الفضاء السائرة بسرعة تقترب من سرعة الضوء كمائة ألف يوم مما تعدون»

Scientific American-vol.2-No 3 March-page 108

إذ ذاك انقشعت الغشاوة الكثيفة عن العيون، وأبصر الجميع آيات الله البالغة في قوله تعالى:

﴿يدبر الأمر من السماء إلى الأرض ثم يعرج إليه في يوم كان مقداره ألف سنة مما تعدون ۝﴾ [سورة السجدة: ٥]

من علم محمداً صلى الله عليه وسلم (ميكانيكا الكم)..؟!!

من علم محمداً صلى الله عليه وسلم (نظرية النسبية)..؟!!

# مردنی دڵ و مردنی مێشك

## (مردن: پێناسە و نیشانەکانی و دەستنیشان کردنی)

نووسینی: د. محمد علی البار
ڕاوێژکاری نەخۆشی‌یەکانی هەناوی و ڕاوێژکاری پزیشکی ئیسلامی



وەرگێڕانی: ئاودێر پێنجوێنی
پێداچوونەوەی: د. کاوە فەرەج سەعدون

بێگومان پێناسە بۆ مردن، و زانینی نیشانەکانی و چۆنێتی دەستنیشان کردنی زۆری دەوێت. ئەکرێ بڵێین کە بە ملیۆنەها مرۆڤ دێنە دنیاوە و پاشان دەمرن و کۆچی دوایی دەکەن بەبێ ئەوەی پێویستیان بەوە هەبێت کە پزیشکێك دەست نیشانی مردنەکەیان بۆ بکات. بەڵام هەندێ جار ئەم دەستنیشان کردنە مردنە بەهەڵە دەکرێت، و بەهۆیەوە چەندین زیندوو دەخرێنە گۆڕەوە، پاشان دەرئەکەوێت کە نەمردوون.

لەم بارەیەوە (إبن أبي الدنيا) نوسراوێکی نووسیوە دەربارەی ئەوانەی دوای مردن ژیاون. هەروەها (ئیدگار ئالان بو) هەندێ چیرۆکی نووسیوە کە تیایدا سکاڵا و ڕووداوی هەندێ کەس باس دەکات کە خراونەتە ناو گۆڕ بەڵام زیندوو بوون!! (کۆنت کارنیس کارنیکی) کۆمەڵی پێشنیار و ئامۆژگاری نووسیوە دەربارەی دانانی ئامێری بڵاوکردنەوە و زنگ لەناو تابوتەکاندا،و ئەگەر کەسێك خرایە ناو گۆڕ با دەلاقە و کلاوڕۆژنەیەك لە گۆڕەکەیدا بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسە بەکاری بهێنێت بۆ هاتنە دەرەوە، ئەگەر لە کاتی بێهۆشی‌دا نێژرا و هێشتا نەمردبوو!!



کاتێك دەست نیشان کردنی مردنی کەسێك کە زیندوو بووە و پاشان لەهۆشخۆی چووە هەروا سانانیە، دەست نیشان کردنی مردنی تازە لەدایکبوویەك قورستر و ئاڵۆزترە، زانایانی پێشوو منداڵی لەدایکبوویان بە مردوو دادەنا ئەگەر قیژە و دەنگی لێوە نەهاتایە یەکسەر پاش لەدایکبوون، چەندین لەدایکبوو هەیە کە سەرەتای ژیانیان بە قیژاندن دەست پێ‌ناکەن؟! دەبێت چەند منداڵی تازە لەدایکبوو نێژرابن و زیندە بەچاڵ کرابن کە تووشی تەنگە نەفەسی هاتوون و سەرەتای ژیانیان بە قیژە و گریان نەبووە؟!

(شێخ محمد مختار السلامي) موفتی وولاتی تونس بۆچوونی فیقهزانانی پێشوو سەبارەت بە تازە لەدایکبووانێك کە سەرەتای ژیانیان بە قیژاندن و گریان دەست پێ نەکردووە روون کردۆتەوە و دەڵێت: (خەلیلی کوڕی ئیسحاق) ووتوویەتی:- تازە لەدایکبوو بە لەبارچوو و مردوو دانانرێ بە مەرجێ قیژەیەکی لێوەبێ، ئەگەر بشجووڵێت یان شیربخوات و یان میزیش بکات. ئەم ووتەیە دەنگ لێوەهاتنی کردۆتە پێوەری ژیان، بەڵام (اللخمي) باس لەوە دەکات کە جیاوازی هەیە لە نێوان زانایاندا لەسەر جووڵە و شیرخواردن و پژمیندا، (مالك) دەڵێت: تەنها بەوە حوکمی ژیان نادرێ بەسەریدا! (ابن حبيب) دەڵێت: دەبێ رۆژێك بژی و هەناسە بدات و چاوەکانی بکاتەوەو ببزوێت و دەنگی لێوە بێت ئەگەر زۆر کزیش بێت، ئەمانە بەڵگەن بۆژیان. (ئیسماعیل) دەڵێت: بزواندنەکەی لە دەرەوە بەبێ‌دەنگ وەکو بزواندنی ناو سکی دایکی حیسابی بۆ دەکرێت و بە ژیان ناژمێردرێت، (عبد الوهاب) بۆ بەهێزکردنی ئەم بۆچوونە دەڵێت: کوژراویش (هەندێك جار) دەجووڵێتەوە، (المازري) رەخنە لەمە دەگرێت و دەڵێت: هیچ مانایەکی نییە کە شیرخواردن بە بەڵگەی ژیان دانەنرێت، چونکە بە دڵنیاییەوە دەزنین کە هەرگیز مردوو شیرناخوات، و شیرخواردن کارێکی خۆڕسك و سروشتییانە نییە، هەروەك (إبن الماجشون) دەڵێت: پژمین لەوانەیە بەهۆی هەواوە بێت، و میزکردن بەهۆی خاوبوونەوەی دەرکەکانەوە بێت، بەڵام شیرخواردن تەنها دوای وویستنی نەبێت روونادات، و گومان کردن لەوەدا کە بەڵگەیەکی ژیانە دەبێتە هۆی رووخاندنی چەندین یاسا و دانراوی زەروور و پێویست ...

ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێ (بۆ زیاتر شارەزایی سەیری کتێبە فیقهی‌یەکان بکرێت)، هەندێك لە فوقەها کاتێك کە (عومەری کوڕی خەتاب) (خوا لێی ڕازی‌بێت) بریندار کراو بە شمشێری (أبولؤلؤة)ی ئاگرپەرست لێی‌درا لە ڕیزی مردووان ئەژماریان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە قسەی دەکرد و پەیمانی دەدا و وەسی‌یەتی دەکرد، چونکە پزیشکی ئەو کاتە کاتێك شیری دەرخواردا شیرەکە لە برینەکەوە هاتەدەرەوە، کە ئەمەش لەو دەمەدا پێوەربووە بۆ مردن، بۆیە (إبن القاسم) دەڵێت: ئەگەر یەکێکی تر لەو کاتەدا (عمر)ی بکوشتایە ئەوا خوێنی لەسەر نەبوو، چونکە بکوژی یەکەم (أبولؤلؤة المجوسي) بووە، و ئەگەر لە کاتی برینداربوونەکەی (عمر)دا کەسی بمردایە ئەوا (عمر) میراتی وەرنەدەگرت، چونکە (عمر) خۆی لە مردووان ئەژمار دەکرا !!.

ئەمانە هەمووی بەڵگەیە لەسەر دوو شت:

**یەکەم**: بەڕاستی نوژداری زۆر لەدواوە بووە لەو دەمانەدا، بە شێوەیەك کە (عمر) (خوا لێی ڕازی‌بێت) هەر بە برینداری لە مردووان ژمێردراوە، ئەگەر لە سەردەمی ئێستادا بوایە ئەگونجا بە ئاسانی چارەسەری بۆ بکرێت و ڕزگار بکرێت.

**دووەم**: پێویستە پێناسە و دیاری کردنی مردن جێ‌بهێڵین بۆ کەسانی تایبەت بەو کارە کە پزیشکان و نوژدارانە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاسألُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُم لا تَعْلَمُونَ﴾ (النحل:٤٣)، بێگومان دەستنیشان کردنی مردن هەروا کارێکی سانا نییە، کە ئەگەر بۆ کەسانی عەوام جێبهێڵرێت و هەموو کەسێك دەستی تێوەربدات ئەوا کارەساتی زۆری لێ‌دەکەوێتەوە، و هەڵە لە دەستنیشان کردندا کارێکی وادەکات زۆر کەس حیسابی مردنی بۆ دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا هەر زیندووە.

## ١- پێناسەی مردن:

پێناسەی مردن هاوتەریبە لەگەڵ پێناسەی ژیاندا بەڵام هەروەکو ووتمان کارێکی سانا نیە، هەرچەندە نیشانەکانی مردن و ژیان، و بێگیان و گیاندار جیاوازن، و مرۆڤ بە سروشتی خۆی و بە زانیاری خۆی درکیان پێدەکات، چونکە گیاندار و زیندوو هەناسە دەدەن، و دەخۆن، و گەشەدەکەن، و زاووزێ دەکەن، و دەبزوێن، هەرچەندە شێوازی خواردن و گەشە و زیادبوون و جووڵەیان جیاوازە و باس کردنیان لێرەدا پێویست نیە، قورسترین بوونەوەریان کە دیاری بکەین ڤایرۆسەکانە، چونکە وەك بێگیان نەجووڵەیان هەیە و نەگەشە دەکەن و نەهەناسە و نەخواردنیان هەیە، ئەمە لە دەرەوەی خانە زیندووەکان.... بەڵام کاتێك ئەم ڤایرۆسانە دەچنە بوونەوەرێکی زیندووەوە بە ئارەزووی خۆیان فەرمانداری تێدا دەکەن، و ئەو بوونەوەرە زیندوە دەبێتە بەندەیەکی ڤایرۆسەکە، و هەڵسوکەوت و بزواندنی بە ویستی ئەو دەبێت.

هەموو دابەشبوونێکی ئەو خانانەی تووشی ڤایرۆسەکان بووە ڤایرۆسی تازەی لێوە بەرهەم دێت، کە دێنە دەرەوە بۆ رووبەرووبوونەوەی خانە زیندوەکانی تر، ئەگەر خوای گەورە توانا و بەرگری نەبەخشییایە بە لاشەی زیندوو لە بەرامبەر هێرشی ڤایرۆسەکاندا ئەوا ڤایرۆسەکان دەبوونە هۆی لەناوبردنی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان، هەر لە بچوکترین بەکتریاوە تا سەرتنۆپی بوونەوەرەکان کە مرۆڤە، ئەوەی لە ڤایرۆسەکان سەختترە کۆمەڵەی (الپرایون)ن کە هۆکارن بۆ نەخۆشی (شێتی مانگا) و جۆرەکانی، کە ئەمانە تەنها کۆمەڵێك پرۆتینی رووتن و هیچ ترشەڵۆکێکی ناووکییان تێدانییە، لەگەڵ ئەوەدا گەشە دەکات و زیاددەکات و نەخۆشیش دەخاتەوە، کە ئەمە زانایانی بایۆلۆژی سەرسام کردوە. لە لاشەی بوونەوەری زیندووی فرەخانەی وەکو مرۆڤ یان ئاژەڵ یان رووەك رۆژانە ملیۆنەها ملیۆنەها خانەی جیاوازی تێدا دەمرێت، بەڵام خوای گەورە لەبری ئەوە بە ملیۆنەها خانەی تر دروست دەکات و ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی ژیان درێژە بکێشێت.

## ٢- چەمکە ئاینییەکان بۆ مردن:

زۆرینەی ئاین و فەلسەفە ئەدەبیەکان پێیان وایە کە مردنی مرۆڤ بریتییە لە دەرچوونی گیان (روح) لە لاشەکەی، بەڵام چۆنێتی دەرچوونەکەی نەزانراوە، ئەم چەمکانە لەناو گەلە پێشووەکانی (میصری و بابلی و ئاشوری و چینی و هیندی و ئیغریقی) هەبووە.

ئێستاش لەلای موسوڵمان و جوولەکە و گاور و هیندۆك و بوزی و بیروباوەڕی شەنتوی ژاپۆنی ئەم چەمکانە بەکاردێت و هەمان بۆچوونیان هەیە، بوزی و هیندۆك و شەنتو باوەڕیان وایە کە (ڕۆح) سێبەرێکی حەپس کراوە لە لاشەدا بەتایبەتی لە کەللەی سەردا، و دەرناچێت مەگەر بە سووتاندنی لاشە و شەق کردنی کەللەی سەر نەبێت. پاشان هیندۆك و بوزی باوەڕیان وایە کە گوێزانەوەی گیان (ڕۆح) هەیە، ورۆحی خراپ و بەدخود لە شتی خراپ و بەدخوددا دووبارە دەبێتەوە و دەکرێتە ناوی، وەکو: سەگ و بەراز و تێیدا دەمێنێتەوە تاکو پاك دەبێتەوە، و گیان (روح)ی پاك و چاك دەگوازرێتەوە بۆ لاشەی پاك و چاك تاکو دەگاتە قۆناغی (نێرڤانا)، کە بریتییە لە خۆشبەختی هەتاهەتایی و رەها لە رۆحێکی پەیوەست بە خوای گەورەوە.

لە ئیسلامدا مردن بە دەرچوونی گیان لە لاشە ناوزەد دەکرێت، کە خوای گەورە فریشتەیەکی تەرخان کردووە بۆئەو مەبەستە و هەڵدەستێت بە دەرهێنانی گیان لەلاشە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿الذين تتوفاهم الملآئكةُ طيبين يقُولُونَ سلام عليكُم﴾ (النحل:٣٢)، وە دەفەرموێت ﴿ولو ترى إذْ يتوفى الـذين كفَروا الملآئكةُ يضربونَ وجوههم وأدبارهم وذُوقُوا عذَاب الحريق﴾ (الأنفال:٥٠)، يان: ﴿قُلْ يتوفاكُم ملَـك الموتِ الذي وكلَ بكُم ثُم إلى ربكُم ترجعون﴾ و ﴿ولو ترى إذ الظالمونَ في غَمراتِ الموتِ والملائكةِ باسطُو أيديهم أخرجوا أنفُسكُم﴾، ئەمانە و چەندین ئایەتی تر کە لە قوئانی پیرۆزدا ئاماژە بەومەبەستە دەدەن، و هەموویان بە ڕاشکاوی پێناسەی مردن بەوە دەکەن کە دەرچوونی گیـان (روح)ە لـە لاشـە بـەهۆی فریشـتەی گیـان کێشـانەوە کـە (ملـك المـوت)ە، هـەروەها فـەرمودەی پێغەمبـەریش ﷺ لـەم بارەیـەوە زۆرە کـە چـۆنێتی دەرچـوونی روح لەلاشـە بـەهۆی فریشـتەوە ڕوون دەکاتەوە، و باسی ئاسان دەرچوونی گیانی مرۆڤی بـڕوادار وەکـو چـوونە خـوارەوەی ئـاو بـە دەمـی کەسێکی تینوودا باس دەکات، و دەرچوونی گیانی بێباوەڕیش وەکو تەلێکی دڕکاوی لەناو لۆکەی تەڕدا دەربهێنریٚ باس دەکات.

مردن گواستنەوەی گیان (روح)ە لەلاشە بۆناو ناز و نیعمـەت یـان بۆنـاو سـزا و ئـازار، روح دروستکراوێکی پەروەردگارە و هەرگیز لەناو ناچێت و هـەر دەمێنێتـەوە، بـەڵام مەبەسـت لـە مـردن جیابوونەوەیـەتی لەلاشـە، (إبـن القيم) لـە پێناسـەی مردنـدا دەڵێـت: (راسـتتر وایـە بووترێـت مردنـی نەفسەکان بریتی‌یە لە جیابونەوەی رۆحەکان لەلاشە و دەرچوونە لێیان ئەگەر مەبەست پێی ئەمە بێت، بەڵام ئەگەر مەبەسـت پـێی ئەوە بێت کە رۆحەکە نامێنێـت و دەبێـت بـە نـەبوو ئـەوا بـەم شـێوەیە نامرێـت)، هـەروەها پێشـەوا (غزالـي) بـەم شـێوەیە باسی دەکات: (بەڕاستی مردن تەنها گۆڕینی حاڵەتە و روح دەمێنێتەوە لەدوای جیابونەوەی لەلاشە، ئیتر یـان سـزا دەدرێـت یـان بەخشـش دەکرێـت، ئـەو جیابوونـەوەی لەلاشە واتە پچڕانی ڕەفتارکردنی بە لاشـەوە، و دەرچـوونی لاشـە لـە گوێڕایـەڵی روح، چونکە ئەندامەکانی لاشە ئامێرن بەدەستی روحەوە، و مـردن دەسـتەواژەیەکی بێگـوێیی ئەندامـەکان دەگەیـەنێت بەگشـتی)، لـە کۆتـاییدا دەڵێـت: (ناگونجێت پەردە لەسەر نهێنی‌یەکانی مردن ئاشکرا بکرێت، چونکە کەسێك کە بەهای ژیان نەزانێ بەهای مـردنیش نـازانێ)، پێشـەوا (الطحـاوي) لـە عەقیدەکەیدا دەڵێت: (ونؤمن بملك الموت الموكل بقـبض أرواح العـالمين) واتـە: باوەڕمـان هەیـە بـە فریشـتەی مـردن کـە کـاری کێشـانی رۆحـەکانی مـەردومان بـەو سـپێردراوە، راڤەکارەکـەی دەڵێـت: راستتر ئەوەیە کە بڵێین مردن بریتی‌یە لە جێهێڵانی رۆحەکان بۆ لاشەکان و هاتنە دەرەوەیان، شێخی ئیسلام (إبن تيمية) دەفەرموێت: چەندین فەرموودە لە پێغەمبـەرەوە ﷺ هاتووە دەربارەی روح کێشان و سزادان و بەخشاندنی، کە پێی دەووترێت: دەرچۆ دەرەوە ئەی رۆحە پاکەکە ...

دکتـۆر (أبوزيـد) لـە لێکۆڵینـەوە بەپێزەکـەیدا بەناوی: (أجهزة الإنعاش وحقيقة الوفاة بين الفقهاء والأطباء)دا دەڵێت: (بەڕاستی مردن جیابوونـەوەی روح و جەستەیە، و ئەو جیابوونەوەیە رزگار بوونی هـەموو ئەندامـەکانی لاشـەیە لـەژێر ڕکێفـی روح دا، بـەجۆرێك هـیچ سیسـتمێکی لاشـە سـیفەتی ژیـانی تێدا نامێنێت).

## ٣- نیشانەکانی مردن لای فوقەها:

باسمان کرد کە مردن بریتی‌یە لە جیابوونەوەی روح لەلاشـە، ئـەبێ ئـەوەش بـزانین کـە ئـەم چـەمکانە (میتـافيزيکين) (واتـە: لـەودیوی سروشـتەوەن)، و نـاتوانین بەرجەسـتەیان بکـەین، چـونکە ئێمـە مەعریفەی روح و سەرناوەکەی (کنە)شی نازانین، و چـۆنێتی تێچـوون و دەرچـوونی روح نـازانین بـە کۆمەڵێك نیشانە نەبێت، لە هەمان لێکۆڵینەوەی (د. بکر أبوزيد/ سەرۆکی کۆمەڵگەی فیقهی ئیسلامی)دا

هاتووه كه زانایان هه‌ندێ نیشانه‌یان كردووه به به‌ڵگه به‌پێی فه‌رموده‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) كه باسیان ده‌كه‌ین:

- عن أم سلمة (رضي الله عنها) أن رسول الله ﷺ قال: (**إن الروح إذا قبض أتبعه البصر**) أخرجه مسلم، واته: به‌ڕاستی كاتێك روح ده‌كێشرێت چاو شوێنی ده‌كه‌وێت.

- عن شداد بن أوس يرفعه (**إذا حضرتم موتاكم فأغمضوا البصر، فإن البصر يتبع الروح، وقولوا خيراً، فإنه يؤمن على مايقول أهل البيت**) أخرجه أحمد في مسنده، واته: كاتێك ئاماده‌ی مردنی كه‌سێكتان بوون چاوه‌كانی بۆ دابخه‌ن چونكه چاو شوێن روحه‌كه ده‌كه‌وێت، و خێر و چاكه بڵێن، چونكه ئه‌و داوای وه‌رگرتنی ئه‌وه ده‌كات كه ئێوه ده‌یڵێن، كه‌واته ده‌ستنیشان كردنی زه‌قبوونی چاوی مردوو نیشانه‌یه‌كی گرنگه بۆ ده‌رچوونی (روح)، و جیابونه‌وه‌ی له لاشه‌كه‌ی، زانایان هه‌ندێ نیشانه‌ی مردنیان باس كردووه له‌وانه: وه‌ستانی هه‌ناسه، شلبوون و خاوبوونه‌وه‌ی پێیه‌كان و ڕانه‌وه‌ستانیان، به‌رزكردنه‌وه و پچڕانی له‌په ده‌سته‌كان، و خواربوونی لووت و كشانی پێستی روخسار، و ڕۆچوونی لاجانگ، و گرژبوونی جوتیله گون و چوونه سه‌ره‌وه‌یان و مانه‌وه‌ی پێسته‌كه‌ی، و سارد بوونه‌وه‌ی لاشه.

بێگومان ئه‌م نیشانانه هه‌موویان نیشانه‌ی چه‌سپاونین بۆ مردن، جگه له وه‌ستانی هه‌ناسه كه پێویسته بۆ ماوه‌یه‌ك به‌رده‌وام بێت، زانایان وریایی‌یانداوه له هه‌ندێ ئه‌گه‌ری هه‌ڵه له ده‌ستنیشان كردنی مردندا، (النووي) ده‌ڵێت: ئه‌گه‌ر گومان كرا له‌وه‌ی كه نه‌خۆشی‌یه‌كی هه‌بێت و وازانرا كه تووشی (سكته) بووه، یان نیشانه‌كانی ترس و تۆقینی تێدا بوو، ئه‌وا دواده‌خرێت تا بۆنی لاشه‌كه ده‌گۆڕێت.

## ٤- نیشانه‌كانی مردن لای نوژداران و پزیشكان:

أ- وه‌ستانی هه‌ناسه و دڵ و وه‌ستانی سووڕی خوێن: وه‌ستانی هه‌ناسه و دڵ و سوڕی خوێن به وه‌ستانێك كه گه‌ڕانه‌وه‌یان نه‌بێت بریتی‌یه له نیشانه‌ی جیاكه‌ره‌وه‌ی مردن و ژیان، ڕاسته كه پزیشكان ده‌توانن بۆ ماوه‌ی دوو كاتژمێر یان زیاتر لێدانی دڵ بوه‌ستێنن له كاتی نه‌شته‌رگه‌ری كردنه‌وه‌ی دڵدا، به‌ڵام سووڕی خوێن ئه‌گه‌ر بۆ ماوه‌ی چه‌ند چركه‌یه‌كیش بێت ناوه‌ستێت، هه‌روه‌ها هه‌ناسه‌دانی ئاسایی ڕاده‌گیرێت له‌كاتی به‌نج كردنی گشتی بۆ هه‌موو حاڵه‌ته‌كان و له كاتی ئه‌نجامدانی نه‌شته‌رگه‌ری‌دا، كه به‌هۆی ئامێری هه‌ناسه‌پێده‌ره‌وه كه پێی ده‌ووترێت (**Respirator**) هه‌وا ده‌كرێته سی‌یه‌كانیانه‌وه، هه‌روه‌ها بۆ كاتی وه‌ستانی هه‌ناسه به‌كارده‌هێنرێت له‌كاتی فریاكه‌وتندا، یان به‌هۆی فووكردنه ده‌م (**Mouth-to-mouth Breathing**) هه‌وا ده‌كرێته سی‌یه‌كانی‌یه‌وه، یان به‌هۆی ئامێری



فووتێكردنه‌وه كه پێی ده‌ووترێت كیسی ئه‌مبو (**Ambu bag**) كه فریاگوزارانی ته‌ندروستی هه‌ڵیده‌گرن له جانتاكانیاندا، له هه‌موو ئه‌م حاڵه‌تانه‌دا هه‌ناسه‌دان به‌رده‌وامه ئه‌گه‌ر به‌ڕێگایه‌كی (میكانیكی) نائاساییش بێت، كه به زۆری بۆ ماوه‌یه‌كی دیاری كراو ده‌بێت، و دوایی كه‌سه تووش بووه‌كه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ هه‌ناسه‌دانی ئاسایی، لێره‌دا هه‌ندێك حاڵه‌ت هه‌یه كه تووشبوو ناگه‌ڕێته‌وه بۆ هه‌ناسه‌دانی سروشتی به‌ڵكو به‌درێژایی ژیانی به‌و

شێوەیە دەمێنێتەوە و پشت بە ئامێری هەناسەپێدەر دەبەستێت، وەکو لە حاڵەتی ئیفلیجی منالاندا روودەدات، کە تووشی ناوەندی سەرەکی هەناسەدان لە لاکێشە مۆخدا دەبێت (Medulla failure)، کە لەژێر ناوی (Poliomyelitis Bulbar)دا ناسراوە (واتە ئەو ئیفلیجی‌یەی منالان کە تووشی سەلکی مێشك دەبێت)، هەروەها ئەوانەش کە تووشی نەخۆشی شکست هێنانی سی‌یەکان بوون (Respiratory failure) پێویستیان بە بەکارهێنانی ئەو ئامێری هەناسەپێدەرە هەیە، بە تایبەتی ئامێری هەناسەپێدەری یارمەتیدەر کە هاوکاری کەسی تووشبوو دەکات هەناسە بدات لەگەڵ هەناسەی سروشتی خۆیدا، نموونەی ئەمانە ئامێری هەناسە پێدەری تایبەتی (بینیت)ە (Bennette Respirator)، یان هەر جۆرە دەزگایەکی تر لەو دەزگایانە.

پزیشکان ڕادەهێنرێن لەسەر وەستانی سووڕی خوێن و وەستانی لێدانی دڵ بە شێوەیەکی یەکجارەکی بەم نیشانانەی خوارەوە:

١- وەستانی لێدان لە خوێنبەرە لێدەرەکانی: مەچەك و بازوو و لاجانگ و ڕان کاتێك کە لێدانیان بۆ دەگیرێت.

٢- وەستانی دڵ، کە پشت بەوە دەبەستێت لێدانی دڵ نابیستین بەهۆی ئامێری (السماعة الطبية)، کە پێویستە دەربکەوێت ئەو دڵ وەستانە بەردەوامە بەلانی کەمەوە بۆ (پێنج خولەك)، لە کاتی وەستانی کتوپڕی دڵدا پێویستە بە بەردەوامی هەوڵی فریاگوزاری بۆ ئەو کەسە بدرێت بە پاڵەپەستۆ خستنە سەر خوارەوەی قەفەسەو کۆڵەکەی سنگ بە پاڵەپەستۆیەکی بەردەوام و بەدوای یەکدا بە تێکڕایی (٦٠)جار لەیەك خولەکدا، لەهەمان کاتدا پێویستە هەناسەی دەستکردی بۆ ئەنجام بدرێت بەهۆی دەم بۆ دەم یان بەهۆی ئامێری (ئەمبو) بە تێکڕایی (١٠ تا ١٥)جار لە یەك خولەکدا، هەروەها بەکارهێنانی دەزگای ڕێگری لەرینەوە (Defibrillator) بۆ گێڕانەوەی لێدانی دڵ، ئەمەش بە پێدانی بارگەی کارەبایی بۆ ئەو دڵە وەستاو و لەکارکەوتووە.

پێویستە ئەم پرۆسەیە بۆ ماوەی (نیو کاژێر) بەردەوام بێت، و لە هەندێ حاڵەتدا زیاتر دەبێت کاتێك هەندێ نیشانە دەردەکەوێت کە ئەگەری گەڕانەوەی سووڕی خوێنی لێدەکرێت، بەڵام ئەگەر سووڕی خوێن بە یەکجارەکی وەستا و هەناسەدانیش بە تەواوی وەستا کە جارێکی تر ئەگەری گەڕانەوەیان نەبێت، با هەوڵە فریاگوزاری‌یەکانیش بەردەوام بێت، ئیتر پزیشکی تایبەت کاتی مردنی کەسەکە ڕادەگەیەنێت، هەروەها نیشانە گەلێکی لاوەکی تر هەن بۆ وەستانی سووڕی خوێن، کە ئەمانەش لە پەرتووکە نوژداری‌یە شەرعی‌یەکاندا بە شێوەیەکی تایبەت باسیان لێوەکراوە، و زۆربەیان نیشانە و پشکنینی ئاسایین کە لە کاتی بوونی گومان لە مردندا ئەنجام دەدرێن، بە سروشتی حاڵ دەستنیشان کردنی مردن تەواو دەبێت لە دوای وەستانی یەکجارەکی سووڕی خوێن و هەناسە، و ئیتر پێویست بە چاوەڕوانی گۆڕانی زیاتر ناکات، بەڵام لە زۆرێك لە یاساکاندا هاتووە کە مردوو نابێت بنێژرێت لە دوای دەستنیشان کردنی مردنەکەی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، لەوانە لە یاسای (میصری)دا هاتووە لە هاویندا دوای (٨) کاژێر لەزستاندا (١٢) کاژێر دەبێت تێپەڕێت بەسەر مردنەکەی‌دا ئینجا ئیجازەی ناشتنی دەدرێت، هەروەها ڕێگانادرێت کە تەرمی مردوو یەکسەر ڕەوانەی بەفرگرە (ثلاجە)ی نەخۆشخانە یان ژووری توێژینەوە بکرێت لانی کەم دوای (٢) کاتژمێر لە

دوای مردنەکەیەوە نەبێت. چونکە زانراوە زۆرێك لە خانەکانی لاشەی مردووەکە بە زیندویی دەمێنێتەوە لە دوای ئاشکراکردنی مردنەکەی‌دا، بۆیە دەبینین کە خانەکانی ماسولکەکان وەلامی ئاگاداری‌یە کارەبایی‌یەکان دەدەنەوە، و خانە گەلێکی جگەر بەردەوام دەبن لە گۆڕینی شەکری (گلوکوز) بۆ (گلایکۆجین)، پێویستە بزانین کە خانە زیندووەکان هەموویان لەیەك کاتدا نامرن، چونکە جیاوازی هەیە لە خێرایی مردنیان و تیاچوونیان لە دوای مردنی مرۆڤەکەوە، ئەگونجێت تەمەنی ئەم خانانە درێژەی پێبدرێت لە کاتێکدا کە بخرێتە ناو گیراوەیەکی بەستووەوە، و بە بەکارهێنانی ترومپایەکی ( Cold Pulsatile Perfusion 4c)، بەم پێیە دەتوانرێت ئەندام و خانەی کەسە مردووەکە بەکاربهێنرێت بۆ کەسێکی تری نەخۆش کە پێویستی پێی هەبێت.

## ٥- مردنی مێشك:

پێناسەی پزیشکی دێرین بۆ مردن بریتی بوو لە وەستانی دڵ و وەستانی سووڕی خوێن و هەناسەدان، ئەم پێناسەیە ساڵانە بۆ سەدان ملیۆن لە حاڵەتەکانی مردن پیادە دەکرێت، بەلام حاڵەت گەلێك هەیە کە ئەم چەمکەی بەسەردا ناسەپێت بەهۆی پێشکەوتنی خێرای فاکتەرەکانی بوژانەوەوە.



بۆ نموونە لە بەریتانیادا هەموو ساڵێك نیو ملیۆن کەس بەپێی ئەو چەمکە کۆنە بە مردوو دەژمێردرێن، کە بریتی‌یە لە وەستانی دڵ و سووڕی خوێن و هەناسەدانی یەکجارەکی، بەلام چوار هەزار حاڵەتیان ئەو پێناسەیەی بەسەردا ناسەپێت (لە هەزاردا ٨ کەس) بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرەکانی بووژانەوە و هەناسەپێدەر کە بەکاردەهێنرێن بۆ ئەو مەبەستە، کە بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە سووڕی خوێن بەردەوام دەکات و لێدانی دڵ نوێ دەکاتەوە و بەهۆیەوە سی‌یەکان بەردەوام هەناسە دەدەن، ئەم حاڵەتانە بە زۆری بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە بۆ کەسێکی ساغ ڕوودەدەن و دەبێتە هۆی ڕوودانی کاەساتێکی گەورە لە مێشکدا، لەبەرئەوەی کە سەنتەرەکانی کۆنترۆڵ کردنی هەناسەدان و سووڕی خوێن لە مێشکدان (لە قەدی دەماغدا) ئەوا بەرکەوتنی ئەم شوێنانە دەبێتە هۆی مردن.

لە حاڵەتی مردنی دەماغدا لەگەڵ پشکنینی بەردەوامی پزیشکان ڕوون دەبێتەوە کە مێشك مردووە و جارێکی تر چاك نابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە کاری دڵ و هەناسەدان (کە دەست کردن) بەردەوامە بەلام کارێکی کاتی‌یە، و هیچ سوودێکی پێناگەیەنێت، چونکە ئەو دڵە بە دڵنیایی لە ئیش دەکەوێت لە دوای چەند کاتژمێرێك یان ئەوپەڕی ڕۆژێك لە دوای مردنی مێشك، ئەگەر چی لە هەندێك حاڵەتدا توانراوە ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە بەهۆی دەزگای پێشکەوتووی تریشەوە بۆماوەی (٦٨) ڕۆژ لە دوای مردنی مێشك، بەم شێوەیە کۆمەڵێك سیفاتی دیاری کراو پەیدا بوون کە باسی مردنی مێشکیان دەکرد، یەکەم لایەنێك کە ئاماژەی‌دا بە بابەتی مردنی مێشك قوتابخانەی پزیشکی فەرنسی بوو لەساڵی (١٩٥٩)دا کە ناویان لێنا (قۆناغی دوای بووژانەوە Coma depasse)، و پزیشکە پسپۆڕە فەرەنسی‌یەکان دەستیان کرد بە دیاری کردنی هەندێ نیشانە بۆ مردنی مێشك، لە کاتێکدا کە لێدانی دڵ بەردەوام بێت و سووڕی خوێنیش خوێن دەگوێزێتەوە بۆ هەموو بەشەکانی لاشە جگە لە

مێشك، پاشان ساڵی (١٩٦٨) قوتابخانەی پزیشكی ئەمەریكی لەم بوارەدا سەریهەڵدا كە بریتی بوو لە لیژنەیەكی تایبەت كە لە زانكۆی (هارفارد) دیاریكرا (**Ad Hoc Committee**)، كە ئەم لیژنەیە هەستا بە لێكۆڵینەوەی بابەتی مردنی مێشك، و كۆمەڵێك نیشانەیان بۆ دانا بەم شێوەیە:

١- بوورانەوەی تەواو و وەڵام نەدانەوە بۆ هیچ كاریگەرییەك.

٢- نەبزواندن (بەلانیكەم دەبێت كاتژمێرێك چاودێری لاشەكە بكرێت).

٣- هەناسەنەدان (لە كاتی وەستاندنی یان لابردنی ئامێری هەناسەپێدەر).

٤- نەبوونی هیچ كردارێكی كاردانەوە.

٥- وێنەی كارەبایی مێشك بگیرێت و دەركەوێت كە مێشك هیچ جۆرە چالاكییەكی كارەبایی نەماوە (**Flat E.E.G**)، ئەم پشكنینە ئیجباری نییە بەڵكو تەنها دڵنیاكەرەوەیە لە روودانی مردنی مێشك.

دواتر كۆمەڵەی (مینیسوتا) لە ساڵی (١٩٧١) هەستان بە پێشكەش كردنی هەندێ دیاردەی لێكچوو لەگەڵ جیاوازی لە درێژەی نیشانەكانی دەستنیشان كردنی مردنی مێشكدا، و ڕایانگەیاند كە دەبێت هۆكاری مردنی مێشك ئاشكرابێت، هەروەها هیچ جووڵەیەكی خۆیی (ذاتی) لەو لاشەیەوە نەیەت، و بە تەواوی هەناسەدانی بوەستێت لە كاتی لابردنی ئامێری هەناسەپێدەردا، و هیچ كاردانەوەیەكی نەبێت، و دەبێت ئەم مەرجانە بەبێ گۆڕان ماوەی (١٢) كاتژمێر بخایەنێت، ساڵی (١٩٦٨) لە شاری (سیدنی) وڵاتی ئوستراليا كۆمەڵەی پزیشكی نێودەوڵەتی هەستا بە گرێدانی كۆنگرەیەك لەسەر توێژینەوەی مردنی مێشك، و لە هەمان ساڵدا لە (١٣-١٤)ی حوزەیران لە (جنێف) كۆنگرەیەكی جیهانی گرێدرا بۆ هەمان مەبەست، دواتریش كۆلێژەكانی پزیشكی شاهانەی بەریتانیا بۆ هەمان مەبەست كۆمەڵێك لیژنەی تایبەتییات پێكهێنا و لە ساڵانی (١٩٧٦ ، ١٩٧٩)دا كۆمەڵێك ئامۆژگاری و پێناسە و چەمكی نوێیان بڵاوكردەوە لەو بارەیەوە، لە ساڵی (١٩٨١)دا سەرۆك (ریگان) فەرمانیدا بە پێكهێنانی لیژنەیەك لە گەورە پزیشكانی تایبەتمەند و یاساناسان و زانایانی ئاین بۆ لێكۆڵینەوەی بابەتی مردنی مێشك، و ئەمانیش پەیامی خۆیان بڵاوكردەوە لە تەمموزی (١٩٨١)دا.

بەم پێیە زۆرینەی وڵاتان وردەوردە دانیاننا بە چەمكی مردنی مێشكدا، یان بە شێوەیەكی یاساییانەی تەواو، یان داننان بە واقیعدا و بۆ پزیشكانیان بەجێهێلا كە مردن دەستنیشان بكەن، بۆیە لە سەرەتای ساڵی هەشتاكاندا پرۆسەیەكی نوێ دەستی پێكرد لە بواری دەست نیشان كردنی مردن لەهەندێ حاڵەتی تایبەتیدا، كە تێیدا مردن لە ئاكامی وەستانی دڵ و سووڕی خوێن روونادات بەڵكو بەهۆی مردنی مێشكەوەیە.

## هەنگاوە بنەڕەتییەكان بۆ دەستنیشان كردنی مردنی مێشك:

لێردا سێ هەنگاوی بنچینەیی هەیە بۆ گەیشتن بە دەستنیشان كردنی مردنی مێشك:

أ- مەرجە پێش وەختییەكان (**Preconditions**): كە ئەمانە دەگرێتەوە:

١- بوورانەوەیەكی تەواو ڕوویدات لە كەسی تووشبوودا بە شێوەیەك كە بەهۆی دەزگای هەناسە پێدەرەوە (**Respirator Ventilator**) نەبێت هەناسە نەدات.

٢- دەستنیشانی فاكتەری بوورانەوەكە بكرێت، و بوونی نەخۆشی یان تووشبون و بەركەوتن لە قەدی مێشكدا، یان لە مێشك هەموویدا هەبێت، و ئاشكرا ببێت كە چارەسەری نییە و تەنانەت سووكیش ناكرێت.

ب- گرنگترین فاکتەرەکانی مردنی مێشك: کە بەم هۆیانەوە ڕوودەدەن:

١- ڕووداوەکانی هاتووچۆ و فرۆکە و شەمەندەفەر، و ڕووداوەکانی کاری ڕۆژانە، و بەربوونەوە لە بەرزاییەوە، یان لە کاتی خۆهەڵدان لە مەلەوانگە و دەریاکاندا کاتێك کەسەکە خۆی هەڵدەدات و سەری دەکێشرێت بە بەرددا، ئەم ڕووداوانە ڕێژەی (٥٠٪)ی حاڵەتەکانی مردن مێشك پێکدێنن.

ڕووداوەکانی هاتووچۆش گرنگترین فاکتەری مردنی ڕەگەزی نێرینەیە لە سەرەتای تەمەنیاندا لە زۆرینەی وولاتانی جیهاندا، بەلام لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٨٠)دا دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە بە ڕێژەی (٢٠٪)، و بەردەوام ڕووداوی هاتووچۆ لە ئەوروپا و بەریتانیا و کەنەدا و زۆربەی وولاتانی پیشەسازیدا بەرەو داکشان و کەمبوونەوە دەچێت، بەهۆی گرتنی ڕێوشوێنی تۆکمە بۆ سەلامەتی هاوولاتیان، و توندوتیژ کردنی سزای ئەو کەسانەی کە کاری شۆفێری دەکەن بە سەرخۆشی، لەگەڵ ئەوەشدا لە وولاتانی عەرەبیدا ڕووداوی هاتوچۆ لە زیاد بووندایە.

بۆ نموونە: لە وولاتانی (سعودیە) و (ئیمارات) لە ساڵەکانی (١٩٧١-١٩٧٦) بەڕێژەی (٢٥٠٪) زیادی کردووە، و لە (بەحرەین) ٩٠٪ و لە (کوەیت)یشدا ٥٠٪ زیادی کردووە هەر لەو ساڵانەدا (١٩٧١-١٩٧٦)، سەرژمێرییەکان لە وولاتانی (بەحرەین، و کوەیت، و ئیمارات)وە دەڵێن کە مردن بەهۆی ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێلەوە سێ ئەوەندەی (بەریتانیا)یە لە هەر (١٠٠,٠٠٠) کەسێکی دانیشتووانداا، لە (سعودیە)ش هاوشێوەی ئەمانە ئەگەر زیاتریش نەبێت.

هەر لە (کوەیت) سەرژمێری و ئامارەکان دەریان خستووە کە ساڵانە بەهۆی ڕووداوەکانی ئۆتومبێل (٥٢٠٠) کەس لەناودەچن، بەلام بەهۆی هەموو نەخۆشییە شێرپەنجەییەکان (٣٢٠٠) کەس دەمرن، و نەخۆشییەکانی دڵ (٢٧٠٠) کەس، و سکچوون و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس (بێجگە لە شێرپەنجە) تەنها (٢٣٠٠) کەس بوونەتە قوربانی، هەروەها لە وولاتی (بەحرەین) لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە (١٤٧٦) ڕووداوی هاتووچۆوە زیادی کردووە بۆ (٢٣٢٤٤) ڕوودا لە ساڵی (١٩٨٣)دا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری شۆڕشی سووتەمەنی (واتە بەرزبونەوەی نرخی سووتەمەنی لە ساڵی ١٩٧٣ بەدواوە)، کە بە هۆیەوە ژمارەی ئۆتومبێل لەو وولاتە لە ماوەی (١٩٧٠) تا (١٩٨٣) لە (١٥٣٦٣) ئۆتومبێلەوە زیاد بوو بۆ (٩٠٠٠٠) ئۆتومبێل، لە وولاتی (سعودیە)شدا ساڵی (١٩٧٩) ژمارەی کوژران بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە لە (٢٨٧١) کەس بووە، و هەروەها (١٦٨٣٢) کەسیش بە سەختی بریندار بوون، ئەوەی حاڵەتەکە سەختتر دەکات ئەوەیە کە ڕێژەی (٧٥٪)ی مردوو و تووش بووەکان تەمەنیان لە خوار چل ساڵییەوە بووە، لە ساڵی (١٩٨٣)دا ڕێژەی مردن بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە لە (سعودیە) و وولاتانی کەنداودا (٣٧) کەس بووە لە هەموو (١٠٠,٠٠٠) کەسێك، بەلام ئەم ڕێژەیە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا تەنها (٢١) کەس بووە لە هەموو (١٠٠,٠٠٠) کەسێکدا! لە (سعودیە) ژمارەی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ مردوون بە ڕووداوی هاتووچۆ (٣٥٠٠) کەس بوون، و ئەوانەی لە نەخۆشخانە مردوون (٤٠٠٠) کەس بوون، تێکڕای گشتی ساڵانە نزیك دەبێتەوە لە (٨٠٠٠)کەس، و تووشبووەکان لە ساڵی (٢٠٠٠)دا گەیشتە نزیکەی (٤٠,٠٠٠) کەس کە بەرزترین ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتووچۆیە لە هەموو جیهاندا.

٢- خوێن بەربوونی ناومێشك بە هەرهۆیەك بێت: ئەمە ڕێژەی (٣٠٪)ی هەموو حاڵەتەکانی مردنی مێشك پێکدێنێت لە (بەریتانیا) و وولاّتە پیشەسازی -یەکاندا.

٣- لوی مێشك، و هەوکردنی پەردەکانی مێشك، و دوومەڵی مێشك، کە ئەمانەش بە هەموو جۆرەکانیانەوە (٢٠٪)ی مردنی مێشك دەخولقێنن.

خنکان و هەڵواسین هۆکارێکی گرنگە بۆ مردنی قەدی دەماغ، هەروەها وەستانی دڵ یان وەستانی هەناسەی لەپڕ ئەمانەش هۆکاری گرنگ و دەگمەنن بۆ مردنی مێشك، ئەم حاڵەتانە (پاش ڕزگارکردنیان هەندێك جار) دەبنە هۆی مردنی ناوچە باڵاکانی مێشك، بەلاّم لەم حاڵەتانەدا قەدی مێشك بە زیندوویی دەمێننەوە و دەبێتە هۆی پەیدا بوونی ژیانی ڕووەکی (**Vegetative life**)، کە ئەمەش لەم (١٠) ساڵەی ڕابوردوودا بووە بە دیاردەیەکی بەرچاو، و بووەتە ئەرکێکی گەورە لەسەر دەرامەتە تەندروستییەکان و کۆمەڵگا بە تایبەتی لە وولاّتە پیشەسازییەکاندا.

هەنگاوی دووەم بۆ گەیشتن بە دەستنیشان کردنی مردنی مێشك (ئەمەش لە پاش بوونی هۆکارە پێشوو) بریتییە لە نەبوونی فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی بوورانەوەی کاتی کە ڕوودەدەن بەهۆی:-

أ- خواردنی مادەی سەرخۆشکەر و داوودەرمان وەکو (باربیتورات) و دەرمانی خەوێنەر و هێواش کەرەوەی تر، کە هەندێ جار لە ڕووداوەکانی خۆکوشتندا بە ڕێژەی زۆر دەخورێن.

ب- دابەزینی زۆری پلەی گەرمی لەش (**Hypothermia**) ئەمەش لە ناوچە بەستەڵەکی-یەکاندا ڕوودەدات کاتێك کەسێك لەو شوێنانەدا وون دەبێت.

ج- حاڵەتی شکست هێنانی گورچیلە یان جگەر.

د- حاڵەتەکانی بوورانەوە بەهۆی زیاد بوونی ڕێژەی شەکر لە خوێندا (**Hyperglycemia**) یان کەم بوونی.

هـ- حاڵەتەکانی بوورانەوە کە بەهۆی تووشبوونی کوێرە ڕژێنەکانەوە وەك: ژێرمێشکە ڕژێن، و ڕژێنی (دەرەقی) و ڕژێنی سەرگورچیلە بە حاڵەتی زیاد بوونی زۆر یان کەمبوونی زۆری دەرهاویشتە هۆرمۆنییەکانیان.

و- تێکچوونی ڕێژەی مادده ئەلیکترۆلایتەکانی لەش (**Electrolyte Imbalance**).

هۆکاری تریش هەن بەلاّم ئەمانە گرنگترین هۆکارەکانن.

پێویستە ئەم هۆکارە کاتیانە چارەسەر بکرێن پێش ئەوەی دەست نیشانی مردنی مێشك یان قەدی مێشك بکرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم فاکتەرانە نابنە هۆی مردن لە هەندێ حاڵەتدا، و دەبێت لەوە دڵنیابین کە ئەم فاکتەرانە بوونەتە هۆی گرفتی هەمیشەیی لە مێشك و لە قەدی مێشکدا لەو حاڵەتە تایبەتییانەدا.

**پشکنینە کلینیکییەکان سەبارەت بە مردنی مێشك:**

لە کاتی پشکنیندا پێویستە ئەم خاڵانەی تێدا بەدیبکرێت بۆ ئەوەی مردنی مێشك دیاری بکرێت:-

أ- نەبوونی کردارە کاردانەوەکان لە قەدی مێشکەوە.

ب- نەبوونی هەناسە بۆ ماوەی (١٠) خولەك لەدوای وەستانی ئامێری هەناسەپێدەر، بەبوونی چەند مەرجێکی گرنگ و ئەنجامدانی ئەم پشکنینە: کە تێیدا بۆریەك کەپێی دەڵێن لوولەی (قسطرة) دەخرێتە ناو بۆری هەناسەدانەوە و ئۆکسجینی پیادا دەکرێتە ناو سییەکانەوە، ئەگەر لەدوای (١٠) خولەك هەناسەدان ڕوویندا ئەوا بەڵگەیە لەسەر وەستانی سەنتەری هەناسەدان لە قەدی مێشکدا، لەگەڵ ئەوەی کە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن

لەناو خوێندا ئەوەندە بەرزدەبێتەوە کە سەنتەری سەرەکی هەناسەدان ئاگادار کاتەوە (ڕێژەی پەستانەکەی زیاتر بێت لە ٥٠ ملم جیوە لە خوێن بەرەکاندا) (PaCO2 54mm Hg).

**پشکنینە دڵنیا کەرەوەکان:**

أ- وێناکردنی کارەبایی مۆخ پێویستە بەبێ لەرینەوە (ذبذبة) بێت (Flat E.E.G).

ب- نەبوونی سووڕی خوێن لە مێشکدا، ئەمەش بە وێنەگرتنی خوێنبەرەکانی مێشك دەبێت، یان بە پشکنین بە بەکارهێنانی مادده تیشکی‌یەکان دەبێت (Radio nucleotides).

هەڵوێستی فیقهی لەمەڕ دەزگاکانی بووژاندنەوە و مردنی مێشك:

ڕەهێڵەی ئەم بابەتە تەنها لەڕۆژئاوادا قەتیس نەبووە، هەرچەندە چەمکەکان لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان سەری هەڵدا، ئیتر لە جیهانی ئیسلامی‌دا گفتوگۆ و دەمەقاڵەیەکی زۆر و کۆبوونەوەی دووروودرێژ لە نێوان زانایانی ئیسلام و پزیشکاندا ڕووی‌دا، بەپرۆسەیەکی زیندوو و هاوبەشیان پێناسە کردووە لە نێوان پزیشکان و زانایاندا، یەکەم ڕێکخراوێك کە لەم بابەتەی کۆڵیبێتەوە لەڕووی فیقهی‌یەوە (ڕێکخراوی ئیسلامی بۆ زانستە پزیشکی‌یەکان) بوو کە لە (٢٤)ی ڕەبیعی دووەمی (١٤٠٥ك) بەرامبەر بە (١٥)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٥) لە شاری (کوەیت) بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵێك پزیشك و زانایاندا هەستا بە سازدانی نەدوەیەك لەژێر مانشێتی (ژیانی مرۆڤ:سەرەتاو کۆتایی‌هاتنی).

پاشان کۆمەڵگەی فیقهی ئیسلامی کە سەر بە (ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی)یە لە خولی دووەمی‌دا ئەو باسەیان زیاتر ڕوون کردەوە، کە لە ماوەی نێوان (١٠-١٦)ی ڕەبیعی دووەمی (١٤٠٦)ك بەرانبەر بە (٢٢-٢٨)ی دیسەمبەری (١٩٨٥) گفتوگۆیەکی دووروودرێژیان لەسەر کرد، پاش دەمە قاڵەیەکی چڕوپڕ ئەوپرۆسەیە دواخرا بۆ کۆنگرەی ڕۆژی (٨-١٣)ی صەفەری (١٤٠٨ك) بەرانبەر بە (١١-١٦)ی ئۆکتۆبەری (١٩٨٦)، کە لە شاری (عمان)ی پایتەختی ئەردەن بەسترا، و تیایدا بڕیاری مێژوویی ژمارە (٥)یان دەرکرد سەبارەت بە دەزگاکانی بووژاندنەوە بەم شێوەیە: (هەر کەسێك بە مردوو دادەنرێت، و هەموو ئەحکامەکانی شەرعی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت بە مەرجێك یەکێك لەم دوو نیشانەیە لە مردووەکەدا ڕووبدات:

١- وەستانی لێدانی دڵ و هەناسەدان بەتەواوی ڕوو‌بدات، و پزیشکەکان بڕیار بدەن کە گەڕانەوەیان نی‌یە.

٢-کاتێك هەموو ئەرکەکانی مێشك لەکارکردن بکەوێت بە تەواوەتی، و دەبێت لەلایەن پزیشکانی تایبەتمەندەوە دەستنیشان بکرێت و لە چاك بوونەوەی بێ ئومێد بن و مێشکی دەست بە لێك هەڵوەشان بکات، لەم حاڵەتەدا دەکرێت کە ئامێرەکانی بووژاندنەوەی لەسەر لابرێت لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێك ئەندامی بەهۆی ئامێرەکانەوە کاردەکەن.

کۆمەڵگەی فیقهی ڕێکخراوی (پەیوەندی جیهانی ئیسلامی) هەستان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم باسە لە کۆنگرەکانی (٨ و ٩)دا و لە کۆنگرەی (١٠)دا کە لە شاری مەککەی پیرۆز بەسترا لە ساڵی (١٤٠٨ك) بڕیاری خۆیاندا لەم بارەیەوە، کە ڕێیاندا بە لابردنی ئامێرەکانی بووژاندنەوە لەو حاڵەتانەدا، بەڵام ئەو کەسە لە ڕووی شەرعی‌یەوە بە مردوو دانانرێت و ئەحکامەکانی بەسەردا ناسەپێنرێت تاوەکو دڵ و سووڕانی خوێنی لەکار نەکەوێت، هەمان کۆمەڵگە لە (عەمان)ی پایتەختی ئەردەن بڕیاری‌دا بە کردنەوەی ڕێگا بۆ چاندنی ئەندامی مردوو لە زیندوودا، بە مەرجێك ئەو ئەندامانەی کە دەبڕێن وەکو: دڵ ، و جگەر ، و گورچیلە تا کۆتایین سات سووڕی خوێنیان بەناودا بڕوات، کە ئەمەش پێناسەی مردنی

مێشـك دەسـتەبەری دەكـات، چـونكە پزیشـكان بەردەوام دەبن لە هەناسەپێدانی دەستكرد و پێدانی دەرمان بۆ ئەوەی كە سووڕی خوێن بەردەوام بێت تا ساتی دەرهێنانی ئەندامە داواكراوەكان لە كەسی مردووەوە.

وولآتی (سعودیە) پێشەنگ بووە لەم بوارەدا، كە تێیدا (١,٢١٠) گورچیلە چێنراوە كە لە كەسانی مێشك مردووەوە وەرگیراون، هەروەها (٩٠) دڵ بە تەواوی و (٢٤٧) دڵی تریش وەك سەرچاوە بۆ زمانەكان، و (٢١٥) جگەر چێنراوە ئەمانە هەمووی وەرگیراون لەو كەسانەی كە مێشك مردوون، هەروەها چەند ژمارەیەكی كەمیش لە چاندنی (پەنكریاس و سییەكان) ئەنجامدراوە تا ساڵی (٢٠٠١)، ژمارەی حاڵەتە تۆماركراوەكانی مردنی مێشك لە كۆتایی ساڵی (١٩٨٦)وە (كە دوای مێژووی دەرچوونی فەتواكەیە لە ئۆكتۆبەری ١٩٨٦دا) تا كۆتایی ساڵی (٢٠٠١ز) بریتی بووە لە (٢,٢٥٥)، كە كەسوكاری مردووەكە ڕەزامەندییان نواندنەوە لەسەر بەخشینی ئەندامەكان لە (٧١٩) حاڵەتدا، كە ئەمانەن بەكارهێنراون بۆ كردارەكانی چاندن.

ئەوەش بزانین كە ناگونجێت هەر وولآتێك كە توانا و شارەزایی پزیشكی لە ئاستی پێویستدا نەبێت ئەو چەمكانە بەكاربهێنێت (چەمكی مردنی مێشك)، هەربۆیە لە وولآتی (سعودیە)دا (١١٦) یەكەی چاودێری وورد بۆ ئەم كارە تەرخان كراوە كە مردنی مێشكی تێدا دەستنیشان دەكرێت (ئەویش تا كۆتایی ساڵی ٢٠٠١)، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە چاودێرییەكی وورد و تۆكمە و بەرنامەڕێژ دانرابێت بۆ ئەم پرۆسەیە، بۆیە پێویستە ئەو وولآتانەی كە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە پزیشكییە بە كاری وا هەڵنەسن (واتە بەكارهێنانی بۆچوونی مردنی مێشك بۆ وەرگرتنی ئەندامەكان)، چونكە پێدەچێت كارەساتی لێبكەوێتەوە.

بەداخەوە لەم دواییەشدا لە بەرنامەیەكی زانستیدا كە كەناڵی (التعليمية المصرية) پەخشی دەكات ڕۆژی شەممە ٢٠٠٣/١/٢٥ كاتژمێر ١٠ی شەو تووشی سەرسوڕمان بووم، كە بینیم كۆمەڵێك مامۆستایانی پزیشكی میصری گفتوگۆیان دەكرد، یەكێكیان ووتی: ئێمە پێویستمان بە فەتوای كەس نییە بۆ وەرگرتنی ڕەشێنەی چاو بە مەبەستی چاندنی لە كەسێكی زیندوودا، و هەموو نەخۆشخانە فێركاریەكانی وولآتی (میصر) كە سەر بە وەزارەتی تەندروستین مافی خۆیانە كە ڕەشێنە وەربگرن بەبێ مۆڵەتی كەسوكاریان یان مۆڵەتی كەسەكە پێش مردنی یان مۆڵەتی یاسایی، لە كۆتاییدا ووتی: ئێمە هەڵدەستین بە وەرگرتنی لاشەی مردوو و توێكارییان و توێژینەوە كردن لەسەریان بۆ دۆزینەوەی نەخۆشییەكان، و فێربوونی خوێندكارانمان بێئەوەی مۆڵەت وەربگرین لە كەسوكاری مردووەكە و ئەمە شتێكی سروشتیە (بەپێی ووتەكانی ئەو)!!

ئەمە جگە لەوەی كە پێچەوانەی شەرع و یاسایە پێشێل كردنی سەرەتاترین مافەكانی مرۆڤە، بەداخەوە لە جیهانی سێهەمدا نەخۆش بە زیندوویی و بە مردوویی تووشی كارەسات دەبێت و زوڵمی لێدەكرێت، ستەم لە لاشەی مردوانیش دەكرێت بێئەوەی كەس چاودێری شتی وا بكات و لێی بپرسێتەوە.

ولا حول ولا قوة إلا بالله .........

**سەرچاوە**: (www.nooran.org).



# ئیعجازی زانستی لە ڕۆژووی ڕۆژانی (١٣ ، ١٤ ، ١٥)ی مانگی عەرەبی ﴿أيام البيض﴾



عبدالقادر علی/ بەکالۆریۆسی (بانگەواز و بیری ئیسلامی)

بسم الله الرحمن الرحيم

**سەرەتا ئەو فەرموودانەی باس لە ڕۆژووی (ڕۆژە سپی‌یەکان/أيام البيض) دەکەن کە (١٣ ، ١٤ ، ١٥)ی مانگی عەرەبی‌یە، هەندێکیان ئەمانەن:**

- (أبو داود) و (النسائي) هەردووکیان لە (إبن ملحان)ەوە دەگێڕنەوە، کە وتوویەتی: ﴿پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ‌کردین کە سیانزە و چواردە و پانزەی مانگ بەڕۆژوبین، و دەیووت لەوکاتەدا مانگ پڕە﴾.

- هەروەها ئیمامی (بوخاری) لەصەحیحەکەی‌دا و لە (أبو هريرە)ەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: ﴿پێغەمبەری خۆشەویستم (ﷺ) سێ ئامۆژگاری بۆ کردووم، کە (٣) ڕۆژی هەموو مانگێك بەڕۆژوو ببم، و دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو (ضحى) بکەم، و پێش نوستن لەشەودا نوێژی (وتر) بکەم﴾.

- لە (فتح الباري/ شرح صحيح البخاري)دا هاتووە: کە مەبەست لە شەوە سپی‌یەکان ئەوەیە کە مانگ لە سەر لەئێوارەوە تا بەری‌بەیان دیارە و بەرچاوە، ئیمامی (النسائي ، الترمذي ، وابن حبان) لە (أبوذر الغفاري)ەوە دەگێڕنەوە کە دەڵێت: ﴿پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێداین کە لە هەموو مانگێکدا (٣) ڕۆژ بەڕۆژوو ببین: سیانزە و چواردە و پانزەی مانگ﴾، لە (سبل السلام شرح بلوغ المرام)ی (الصنعاني)دا دەڵێت: ئەم فەرموودەیە لە زۆر ڕووی ترەوە گێڕدراوەتەوە، زۆر ڕێگەی تری هەیە.

هەروەها لە فەرموودەی (أبو هريرە)دا هاتووە: ﴿ئەگەر تۆ بەڕۆژو بوویت ئەوا ڕۆژووی ڕۆژە سپی‌یەکان (أيام البيض) بگرە﴾، ئەمە و چەندین فەرموودەی تر هەن باس لەوە دەکەن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی لەم ڕۆژانەدا زۆر بەڕۆژوو بووە، و هانی هاوەڵانیشی داوە بەڕۆژوو بن لەم ڕۆژانەدا.

ئەم هاندانە مەبەست پێی (واجب)کردن نیە، چونکە ئەگەر هەندێك ڕووداو و گۆڕانکاری هاتبێتە پێشەوە ئەوا تیایاندا بەڕۆژوو نەبووە، هەروەك زانایان لەسەر ئەم ڕایە یەك دەنگن، لەبەرئەوەی مانگ پڕە و شەوەکەی مانگەشەوێکی ڕووناکە تا ئەو ڕاددەیەی لە ڕۆژ بچێت، بۆیە بە (ڕۆژە سپی‌یەکان) ناودەبرێت.

پزیشکان و حەکیمەکانی پێشوو کەڵە شاخ گرتنیان (الحجامة)یان دەخستە ناوەڕاستی مانگەوە، چونکە ئەوانیش لایان وابوو کە خوێن لەو ماوەیەدا بەخێرایی و هەڵچوونەوە بە ڕەگ و دەمارەکاندا دەگوزەرێت، ابن سينا لە (القانون)ەکەی‌دا دەڵێت:

(با کەڵە شاخ گرتن -الحجامة- لە سەرەتای مانگدا نەبێت کە خوێن تیایدا جێگیرە و وەستاوە، و نەشکەوێتە کۆتایی‌یەوە کە خوێن تیایدا نیشتوو و دامرکاوە، بەڵکو لەو نێوەندەدا باشە کە شەوانی مانگە شەوە). هەروەها ئیمامێکی وەکو (إبن القيم) هەمان تێڕوانینی هەیە ...

## نهێنی‌یەکانی ئەم ڕۆژووە لای زانستی سەردەم:

لەم چەند ساڵەی دوایی لەدوای چەند توێژینەوەیەکی جۆراوجۆر، چەند ناوەندێکی زانستی گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە لە شەوانی مانگەشەودا ئاڵۆزی و هەڵچوون و خرۆشانی دەروونی دروست دەبێت (دکتۆر لیبر) پسپۆڕ و زانا لە ویلایەتی میامی وولاتە یەکگرتووەکان دەڵێت: پەیوەندی توند و تۆڵ هەیە لە نێوان دەستدرێژی و شەڕەنگێزی و شەوانی مانگەشەودا بە تایبەت لەسەر کەسانی مەیخۆر (مدمن الکحول)، هەروەک کەسانێك کە گرفتاری ناجێگیربوونی سۆز و عەقڵن بەهەمان جۆر دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوەوە.

(دکتۆر لیبر) دەڵێت: ئاو لە (٨٠٪)ی پێکهاتەی مرۆڤ پێکدەهێنێت – هەروەك چۆن زەویش بەهەمان ژمارەی نزیك ئاو پێکهاتەی سەرەکی‌یەتی–، باقی پاشماوەکانی تر بریتین لەماددەی ڕەق، و دەڵێت: هەروەك چۆن بەنزیك بوونەوەی مانگ لە شەوانی (١٣ ، ١٤ ، ١٥)ی مانگیدا هێزی کێشکردنی مانگ کاریگەریی لەسەر زەریا و ئۆقیانووسەکان دروست دەکات، بەهەمان جۆر و ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر لاشەی مرۆڤیش دروست دەکات، و مرۆڤ دووچاری هەڵچوون دەبێت، بەردەوامە لە قسەکانی‌دا و دەڵێت: لە ڕووداوی ساڵی (١٩٧٠)دا کە خۆر و مانگ چوونە سەر یەك هێڵی ستوونی و مانگ لەزەوی نزیك بۆوە، و ڕادەی کێشکردنی بۆ زەوی زیادی کرد، ئەوا لە (شاری مەیامی) ڕێژەی تاوانکاری زیادبوونێکی دیار و بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

(دکتۆر لیبر) لە کتێبەکەی‌دا (کاریگەریی مانگ) باس لەوە دەکات کە هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆ و ڕۆژنامە ناوخۆیی‌یەکانی لەم ڕوداوە ئاگادار کرد، و داواکاری ئەوەبوو کە پسپۆڕێکی بواری دەروونی لە نەخۆشخانەی (جاکسون) بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو حاڵەتە دابنرێت، (دکتۆر لیبر) دەڵێت: ئەوەی کە ڕووی‌دا دۆزەخێك بوو بۆ خۆی کە لە (٣) هەفتەی سەرەتای ساڵی (١٩٧٠)دا چەندین ڕووداو و کارەساتی لە مێژینە نەناسراو ئەنجامدرا، کە هۆکار و پاڵنەرەکانی نادیار بوون، ئیتر ئەوە ئاشکرایە کە مانگ کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ، و حاڵەتێك هەیە پێی دەڵێن (شێتبوون بەهۆی مانگەوە)، کە تیایدا ڕەفتار و سلوکی لادەر و نەخوازراو لە شەوانی (١٣ ، ١٤ ، ١٥)ی مانگدا ڕێژەیەکی بەرز و بەرچاوە، (دکتۆر لیبر) ڕێژەیەکی هێناوە کە گرنگی و کاریگەریی مانگەشەو دەردەخات لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ:

١– بنکەی ئاگر کوژاندنەوەی (ئەریزۆنا) لە (فینیکس) بەڕێژەی (٢٥–٣٠) تەلەفۆن بۆکردن لەشەوانی (١٣،١٤،١٥)ی مانگدا تەلەفۆنیان بۆدەکرێت، کە بە بەراورد لەگەڵ شەوەکانی تردا ڕێژەیەکی زۆر بەرچاوە.

٢– شەوانی مانگە شەو قاوشەکانی نەخۆشی‌یە دەروونی و عەقڵی‌یەکان ئاڵۆزی و ڕەفتاری نادروستی تیادا زۆرتر دەبێت.

(دکتۆر لیبر) پێی وایە کە پێشت گەیەنەرێکی باشە و ڕێگا دەدات بە گواستنەوەی هێزە کارۆلیفی‌یە دەماری‌یەکان (الکهرۆلیفیە)، بە هەردوولادا بە ڕاددەیەك دەبێتە مایەی هاوسەنگی دینامیکی لاشە، مانگیش کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر خانە دەماریەکان، و ئەمیش دەبێتە مایەی گۆڕینی لایەنی عەقڵی و میزاجی شەخسیی، لەوەی کە رابورد زانیمان کە مانگ لە شەوانی مانگەشەودا (١٣،١٤،١٥) کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر رەفتاری مرۆڤ، بە ڕاددەیەك دووچاری ئاڵۆزی و پەنابردنە بەر توند و تیژی دەکات، ئەویش بەهۆی:

١– حاڵەتی هەڵکشان (المد) و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، هەروەك زانایانی پێشین باسیان لێکردووە، کە ئەمەش لە شەوانی مانگەشەودا دەگاتە لوتکە، لەبەرئەوەی لاشەی مرۆڤ (٨٠٪)ی ئاوە، ئەوا بە هەڵکشانی ئاوی

زەریاکان هاوتەریب ئاوی لاشەی مرۆڤیش دووچاری هەڵکشان دێت، تەنانەت ئەم هەڵکشانە لەلای ئافرەت لە سووڕی (بێنوێژی) مانگانەدا دیارە، پێش بێنوێژی ڕاددەی دەرچوونی شلەمەنی لاشە زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە مایەی شڵەژان و ئاڵۆزی و بە (ئاڵۆزی پێش بێنوێژی) ناودبرێت، لەگەڵ ڕزگاربوونی لاشە لەو خوێنە ئەوا ئاڵۆزییەکەش دەڕەوێتەوە و نامێنێت.

٢- کاریگەری هێزی کارومۆگناتیسی و هێزی کێشکردنی مانگ لەسەر ئەعصاب کە لە (١٣،١٤،١٥)ی مانگی عەرەبیدا دەگاتە لوتکە، و باشترین شتێك کە بەرەنگاری ئەم حاڵەتە بکات بریتییە لە بەڕۆژوو بوون، کە دەتوانین ڕەشوەی ڕەفتارە نەخوازراو و ناپەسەندەکان بداتە دەست عەقڵ و نەهێڵێت توند و تیژی بەرهەم بێت، بەم جۆرە ئاڵۆزی و هەڵچوونی (أيام البيض) تەنها چارەی بەڕۆژوو بوونە ...

سڵاو و درود بۆ گیانی سەرکردەیەکی ئاوا کە هێندە لە خەم شوێنکەوتووانێتی و ڕێ وشوێنی ئەوەیان بۆ دادەنێت کە خۆیان نەك لە بەڵاو نەهامەتییەکانی سەر زەوی بپارێزن بەڵکو لە کاریگەریی ئەنە ئاسمانییەکانیش دەروون و تەندروستییان دەپارێزێت.

**سەرچاوە**: (المجلة العربية)/ ژمارە (٥٧).

**بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، بەناوی خۆمان و سەرۆك و سەرجەم ئەندامانی ناوەندەکەمانەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی موسوڵمانانی جیهان بە گشتی و موسوڵمانانی کوردستان دەکەین بە تایبەتی، دواکارین لە پەروەردگار بیکاتە مایەی خێر و سوودمەندی هەموو لایەك، و بتوانین ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەو بوارەدا جێبەجێ بکەین، کە هەموویان لە ڕووی زانستییەوە بەها و سوودە گەورەکانیان دەرکەوتوون .....**

ستافی گۆڤاری (هەڤیف)









# خەتەنە کردنی کوڕان لە ڕووی زانستی‌یەوە



ئامادەکردنی: جەمال موحەممەد ئەمین

خەتەنە کردن یەکێکە لە سوننەتە گەورەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کە پێغەمبەری خوا موحەمەد (ﷺ) لە چەندین فەرمایشتدا ئاماژەی بۆ کردووە، وەك ئەو فەرموودەیەی کە (بوخاری و موسلیم) لە ئەبوهورەیرەوە دەیگێڕنەوە کە موحەممەد (ﷺ) فەرموویەتی: ﴿الفطرة خمس: الختان، والإستحداد، وقص الشارب، وتقليم الأظافر، ونتف الإبط﴾، یان دەفەرموێت: ﴿من أسلم فليختتن﴾، دەبا بزانین گرنگی و بایەخی ئەو سوننەتە گەورەیە چی‌یە لە ڕووی زانستی‌یەوە؟

تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر خەڵکی لە ئەمەریکا وایان دەڕوانی‌یە خەتەنەکردنی کوڕان کە تەنها دروشمێکی ئاینی‌یە و تایبەتە بە موسڵمانان و جولەکەکانەوە، تەنانەت پزیشك و نوژدارانی ئەو وولاتە دژایەتیشیان دەکرد، بەڵام وویستی خوای گەورە وابوو کە گرنگی زانستی، و دروستی ئەو نەریتە ڕەسەنە بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی دەربخات.

لە توێژینەوەیەکدا کە لە ژمارەی مانگی (٥)ی ساڵی (١٩٩١)ی گۆڤاری پزیشکی بەناوبانگ (Postgraduate Medicine)دا بڵاوکراوەتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ساڵانە لە ئەمەریکا (١ملیۆن) کوڕ خەتەنە دەکرێن، زۆریش لەو پزیشکانەی کە پێشتر دژایەتی ئەو سوننەتە گەورەیەیان دەکرد ئێستا پشتگیری لێدەکەن، و هانی خەڵکیش دەدەن کە ئەنجامی بدەن، بۆ نمونە دکتۆر (ویرویل) کە سەرۆکی بەشی منداڵانە لە نەخۆشخانەی سەربازی لە (واشنتۆن)، ئەو لە ساڵی (١٩٩٠)دا نوسیویەتی: (من لە ساڵی (١٩٧٥)دا یەکێك بووم لە سەرسەخترینی ئەو کەسانەی کە دژایەتی خەتەنە کردنیان کردووە، بەڵام بەپێی ئەو توێژینەوە و تاقیکردنەوانەی کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا ئەنجامدراون، دەریانخستووە کە خەتەنەکردن پێویستی‌یەکی جەستەیی‌یە و ئەنجامنەدان و نەکردنی دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی تووشبون بە هەوکردنی بۆری‌یەکانی میز و سست بوونی گورچیلەکان، و لەکار کەوتنیان و زۆر نەخۆشی دیکەی درێژخایەنی کۆئەندامی دەردان لە مرۆڤدا، بۆیە من ئێستا لە بەهێزترین لایەنگرانی ئەو خەتەنە کردنەم).

دکتۆر (ویرویل) تەنها پزیشك نی‌یە کە بانگەشەی بۆ خەتەنەکردن کردووە، بەڵکو (ئەکادیمیای ئەمەریکی بۆ نوژدارانی منداڵ) بە تەواوی لە ڕاسپاردەکانی خۆی پەشیمان دەبێتەوە کە لە ساڵی (١٩٧٥)دا دەریکردووە، و ڕاسپاردەی نوێ لە ساڵی (١٩٨٩)دا دەردەکات کە تیایدا ڕاشکاوانە داوای خەتەنەکردنی هەموو منداڵێکی تازە لەدایکبوو دەکات، خەتەنە کردن پارێزگاری‌یەکی باش دەکات لە تووشبونی چووکی نێرە (ئەندامی نێرینە) بە شێرپەنجە، دکتۆر (ڕۆبسۆن) لە ووتارێکیدا کە لە ساڵی (١٩٩٢)دا بڵاوی کردۆتەوە، دەریدەخات کە (٦٠ هەزار) پیاو

تووشی شێرپەنجەی چووك بوون، كە لە نێوانیاندا تەنها (١٠ كەسیان) خەتەنە كراو بوون!

دكتۆر (كۆتشین)یش دەڵێت كە ڕێژەی تووشبون بە شێرپەنجەی چووك (سفرە) لای ئەوانەی كە خەتەنە دەكرێن، دكتۆر (فینیك)یش لە كتێبەكەیدا كە سەبارەت بە خەتەنەكردنە و لە ساڵی (١٩٨٨)دا بڵاوی كردۆتەوە دەڵێت: زیاد لە (٦٠) تۆژینەوە هەیە كە جەخت لە زیادبوونی نەخۆشی‌یە سێكسی‌یەكان دەكاتەوە لای ئەو منداڵانەی كە خەتەنەناكرێن.

## نەخۆشی (ئەیدز) و خەتەنە كردنی كوڕان :

لە سایتی (BBC) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ڕۆژی (٨)ی ئازاری (٢٠٠٦)دا ئاماژە بۆ دوو تۆژینەوە دەكات كە باس لە پێویستی خەتەنە كردن دەكەن بەرامبەر بە نەخۆشی ئەیدز كە تا ئێستا هیچ چارەسەرێكی كاریگەری نی‌یە، لە یەكەمیاندا پزیشكە نەرویجی‌یەكان داوا دەكەن كە كوڕان خەتەنە بكرێن، چونكە ئەوە هۆكارێكی گرنگە بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشی ئەیدز، ووتەبێژێك بەناوی كۆنگرەی سیازدەهەمی (ئەیدز)ی نێودەوڵەتی كە لە باشووری ئەفریقیا (كیشوەری ڕەش) بەسترا ووتی: دەتوانرێت كە حاڵەتەكانی تووشبون بە نەخۆشی ئەیدز كەم بكرێنەوە بۆ نیوەی ئێستای ئەوەش لە ڕێگای خەتەنە كردنەوە، هەروەها بە پێی تۆژینەوە نوێیەكان خەتەنەكردن ئاستی دروستی تاكەكان زیاد دەكات بەرامبەر بە بەكتریا و ڤایرۆسەكان، دكتۆر (ڕۆبەرت بیلی) لە زانكۆر (ئیلینۆی) لە (شیكاگۆ) دەڵێت:

دەكرێت خەتەنە كردن وەك چەكێكی كوشندە بەكاربێت دژی نەخۆشی (ئەیدز) و ڤایرۆسی (HIV) كە دەبێتە هۆی ئەو نەخۆشی‌یە، و ئەو بڕوای وایە كە ئەوەندە بەڵگە لەبەردەستدایە تا ئەو سوننەتە بكرێتە چەكێكی كوشندە دژ بەو نەخۆشی‌یە، ئەو دكتۆرە تۆژینەوەیەكی لەسەر گەلی (ئەللۆ) لە كینیا ئەنجامدا، ئەو گەلە ژمارەیان (٣ ملیۆن) دەبێت، كوڕانیان خەتەنە ناكرێن بۆیە ڕێژەی تووشبونیان بە (ئەیدز) زۆر زۆرە، هەروەها ژنە تۆژەرەوەی بەلجیكی (ئان بوفی) لە پەیمانگای پزیشكی ئیستیوائی لە (ئەنتۆرب)ی بەلجیكا ڕێژەی تووشبون بە (ئەیدز) پەیوەست دەكات بە ڕێژەی ئەنجامدانی خەتەنە كردنەوە، بۆیە داوا دەكات كە كوڕان پێویستە خەتەنە بكرێن.

هەر بەپێی سایتی (BBC)ی هەمان ڕۆژ، تۆژینەوەیەكی هیندی دەریخستووە كە كرداری خەتەنەكردن بە بڕی (٦ جار) ئەگەری تووشبون بە (ئەیدز) كەم دەكاتەوە، بەپێی تۆژینەوەكە كە لە گۆڤاری (لانسێت Lancet)ی پزیشكیدا بڵاوكراوەتەوە، ئەو بەشەی كە دەبڕدرێت لە چووكی نێرە نیشانەیە بۆ ڤایرۆسی (HIV) چونكە خانەی وای تیایە كە ڤایرۆسەكە پەلاماری دەدات.

هەروەها لە تۆژینەوەكەدا تێبینی ئەوە كراوە كە ئەو بەشانەی زیاتر نەخۆشی‌یەكەی تیا بڵاوە لە كیشوەری ئەفریقیادا بەشەكانی خۆرهەڵات و باشوورن، بەڵام بەشەكانی خۆرئاوای كەمتر نەخۆشی‌یەكەی تیا بڵاوە چونكە كوڕانیان خەتەنە دەكرێن، شایانی باسە كە ئەو تۆژینەوەیە زیاد لە (٢٠٠٠) پیاوی هیندستانیشی گرتەوە.

**سەرچاوە:**

**١- گۆڤاری (حقائق العلم الحديث)/ ژمارە (٣- ٢٠٠٢).**
**٢- سایتی (BBC)/ لە مێژووی (٢٠٠٦/٣/٨)دا.**

# دروست بوونی مرۆڤ لە قوڕێکی پاڵفتەوە

ئامادەکردنی: فیردەوس نوری

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمویت: ﴿ومن آياته أنْ خلقكم من ترابٍ ثُمَّ إذا أنتم بشر تنتشِرونَ﴾ (الروم:٢٠)، واتە: {لە نیشانەكانی ئەو (خودا) ئەوەیە کە ئێوەی لە خاك دروست کردوە، لە پاشماوەیەك كتوپڕ ئێوە ئادەمین و بڵاوبوونەتەوە لە زەویدا}، هەروەها خوای گەورە لە شوێنێكی تردا دەفەرمویت: ﴿وهو الذی خلق من الماء بشراً فجعله نسباً وصهراً وكان ربك قديراً﴾ (الفرقان:٥٤)، واتە :{ئەو (خودا) زاتێکە کە لە ئاوی مرۆڤ ئادەمیزادی دروست کردووە، ئینجا ئەو (ئاوە)ی كردۆتە هۆی رەچەڵەك (پشت کە بە رێگای نێرینە دەگەن بە مرۆڤ وەك كوڕ) و خزم (کە بە رێگەی ئافرەت دەگەنە مرۆڤ وەك كچەزا و خوشكەزا)، و پەروەردگار هەمیشە بە دەسەڵات و توانایە}.

ئایەتی یەکەم ئاماژەیە بۆ دروست بوونی مرۆڤ لە (خاك)ەوە، و ئایەتی دووەمیش ئاماژەیە بۆ دروست بوونی مرۆڤ لە ئاو، و لەم ئایەتەشدا: ﴿ولقد خلقنا الإنسانَ من سلالةٍ من طين﴾ (المؤمنون:١٢)، واتە: {سوێند بەخوا ئێمە بەڕاستی مرۆڤمان دروست کرد لە خولاسە و پاڵفتە لە قوڕ}، هەروەها لەم ئایەتەدا دەریدەخات کە بنچینەی مرۆڤ قوڕە، هەمووشمان دەزانین کە قور تێکەڵی خاك و ئاوە، بەڵام قوڕێکی پاڵفتە چییە (سلالةٍ من طين)؟ ئێستا بابزانین تاقیگەکان لەمبارەیەوە چیمان پێدەڵێن:

**یەکەی شیکاری تاقیگەکان دەڵێن:**

ئەگەر مرۆڤ بگێڕینەوە بۆ پێکهاتەکانی سەرەتای، دەبینین شێوەی فەرهەنگێکی بچووكە، و لە پێکهاتنیدا نزیکەی (٢٢) پێکهاتە هەیە، کە جیاوازن بەم شێوانەی وەك:

١- ئۆکسجین (O)، و هایدرۆجین (H) لەسەر شێوەی ئاو، بە ڕێژەی (٦٥٪-٧٥٪) لە كێشی لەش.

٢- كاربۆن (C)، هایدرۆجین (H)، و ئۆكسجین (O) پێکهێنەری بنچینەیی پێکهاتە ئەندامی‌یەکانن: (شەکر، و چەوری، و پرۆتینەکان، و ڤیتامینەکان، و هۆرمۆنەکان).

٣- ماددەی ووشك، کە دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ:

أ- حەوت ماددە کە ئەمانەن: کالیسیۆم (Ca)، كلۆر (Cl)، گۆگرد (S)، فۆسفۆر (P)، مەگنیسیۆم (Mg)، پۆتاسیۆم (K) ، و صۆدیۆم (Na)، کە بە ڕێژەی (٦٠-٨٠٪) مادەی ووشکی لەش پێکدێنن.

ب- شەش ماددە بە ڕێژەی کەم: ئاسن (Fe)، مس (Cu)، مەنگەنیز (Mn)، كۆباڵت (Co)، توتیا (زینك Zn)، و مۆلیبیدیۆم (Mo).

ج- شەش پێکهاتە بە شێوەی زۆر کەم کە ئەمانەن: فلۆر (F)، ئەلەمنیۆم (Al)، بۆر (Br)، سیلینیۆم (Se)، کادمیۆم (Cd)، و کرۆم (Cr).

**یەکەم:** لەشی مرۆڤ پێکدێت لە ئاو بە ڕێژەیەکی بەرز، بە رادەیەك مرۆڤ ناتوانێت بەبێ ئاو بۆ ماوە زیاتر لە چوار ڕۆژ لە ژیاندا بەردەوام بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە توانایی باشی هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ووشکیدا، هەموو بوونەوەرێکی زیندوو ئەم کارە جێبەجێ دەکات، پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار کە دەفەرمویت: ﴿أولم یر الذین کفروا أن السماوات والأرض كانتا رتقاً ففتقناهما، وجعلنا من الماء كل شيءٍ حي أفلا یؤمنون﴾ (الأنبیاء:٣٠).

واتە: {ئایە نەیاندی (نەیانزانیوە) ئەوانەی بێبڕوا بوون کە ئاسمانەکان و زەوی هەردووکیان پێکەوە لکابوون (یەك پارچە بون)، ئینجا لەیەکتریمان جیاکردنەوە، و لە ئاویش فەراهەممان هێنا هەموو شتێکی زیندوو، دەی ئایا ئەوانە باوەڕ ناهێنن؟}.

**دووەم:** هەموو ئەو پێکهاتوانەی سەرەوە لە خاکدا هەیە، و مەرج نی‌یە هەرچی پێکهاتەیەك لە زەویدا هەبێت لە لەشی مرۆڤیشدا هەبێت، زیاتر لە (١٠٠ توخم) لە زەویدا هەیە کەچی لە (٢٢ توخم) زیاتر لە لەشی مرۆڤدا نی‌یە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿ولقد خلقنا الإنسانَ من سلالةٍ من طين﴾ (المؤمنون:١٢).

واتە: لە پوختەیەك و پاڵفتەیەکی قوڕەوە مرۆڤمان دروست کردووە، ئەمە ئیعجازێکی روونی قورئانە، هاوار بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن بیردۆزی پەرەسەندن ڕاستە، و ژیان بە ڕێکەوت دروست بووە؟! ئایا دەگونجێت پێکهاتەی توخمی لەشی مرۆڤیش بەو جۆرە بە ڕێکەوت بێت ..؟!!

**سەرچاوەکان:**

١- سایتی ئینتەرنێت: (www.55a.net).
٢- پوختەی قورئانی پیرۆز.

# ڕوح (گیان) لەژێر تیشكی قورئانی پیرۆزدا

نووسینی: د . أحمد شوقي الفنجري*
وەرگێڕانی: سۆزان حسێن یارویس
كۆلیجی زانست/ بەشی فیزیا

مرۆڤ هەر لەدێر زەمانەوە هەوڵیداوە بزانێت ڕوح چییە و مردن چییە، و لەگەڵ ئەم سەدە پێشكەوتووەشدا كە سەدەی بیستەمە مرۆڤ دەستی كردووە بە پەنابردن بۆ ئامێرە زانستییە ووردەكان بۆ دۆزینەوەی مانای ڕاستی ڕوح، ئێستا زۆر لە زانكۆ و كۆلیجە زانستییەكانی ئەوروپا و ئەمەریكا باوەڕی بەم زانستە كردووە، و شوێنی تایبەتییان بۆ دابین كردووە لە زانكۆكانیاندا بۆ خوێندنی ئەم زانستە و فێربوونی لەگەڵ زانستێكی تر كە بە ناوی (پاراسایكۆلۆجی) ناونراوە، بۆ یەكەم جار لە زانكۆی (كامبریج) دانرا لە ساڵی (١٩٤٠ز)، ئینجا لە (ئۆكسفۆرد) لە ساڵی (١٩٤٣ز) خوێندرا، پاشان لە زانكۆكانی تر دەستیان كرد بەخوێندنی، هەروەها هەندێك ڕێكخراو لە لێكۆڵەرەوە و زاناكان دروست بوو كە لە هەموو دونیادا گەڕان بەدوای ئەم زانستەدا و دیراسەتیان لەسەر كرد، و هەندێك گۆڤار دەرچوون لە ئەمەریكا و بەریتانیادا لەلایەنیانەوە وەك گۆڤاری (ڕوحی)، و چەندین كۆڕیان لەسەری بەستووە وەك كۆمەڵە پزیشكییەكان بۆ ئاڵوگۆڕ كردنەوەی تازەترین زانیارییەكان.

* طبيب استشاري ، ومفكر إسلامي، وعضو مجلس إدارة جمعية الإعجاز العلمي للقرآن والسنة بـ(مصر).

لە تاقی كردنەوە یەكەمینەكان كە بەكاریان هێنابوو، ئەوەبوو مرۆڤێكیان هێنا كە نزیكی مردنە و خستیانە سەر ئامێرێك كە قەپانێكی تێدایە تاوەكو بزانن كێشی روحەكە چەندە كە لە مرۆڤەكەوە دەردەچێت، و لەسەر سەری ئامێری (EEG) دادەنێن بۆ پێوانی لەرەلەرە كارەباییەكانی مێشك لەكاتی مردندا، و لەسەر دڵی ئامێری (ECG) بۆ دروست كردنی وێنەی لێدانی دڵی لە كاتی مردندا، و هەروەها كامێرای تایبەتییان دادەنا كە بە تیشكی (ژێرسوور) كاردەكات بۆ وێنەگرتنی ڕوح لە كاتی دەرچوونیدا (Infra red Photography) چونكە دۆزیانەوە كە بە تیشكی ئاسایی دەرناكەوێت، زانایان دۆزییانەوە كە زانستی ڕوح لەگەڵ زانستی خەواندنی موگناتیسی (Hypnosis) و زانستی دواندن لە دوورەوە (Telepathy) كە بریتییە لە گواستنەوەی بیرەكان لە دوورییەوە پەیوەندییەكی بەتینیان هەیە، هەروەها لەگەڵ زانستی لێكۆڵینەوەی خێو و جنۆكەكانیشدا، زانستی روحەكان ئێستا تەنیا وەك كات بەسەر بردن و هیوایەت و دۆزینەوەی نادیارەكان بەكارنایەت بەڵكو هۆكارێكە بۆ چارەسەر كردنی هەندێك لەو نەخۆشییانەی كە زانستی پزیشكی نوێ لەبەردەمیاندا دەستەوسانە وەك: پەركەم و شێتی و شیزۆفرینیا.



روح بەوە ناسراوە لەلای خەڵکی کە شەپۆلێکە لەرەلەرەکەی بەرزە و لە نێوانماندا هەیە لە هەموو شوێنێکدا، و لە فەزای (ئەثیر)یی‌دا، بەلاّم ئێمە نایبینین ودەنگی نابیستین، چونکە چاوی مرۆڤ ناتوانێت ببینێت و گوێی ناتوانێت ببیستێت، دۆزراوەتەوە کە چاوی مرۆڤ تا سنووریکی دیاریکراو لە ڕەنگەکانی شەبەنگ دەبینێت، ڕەنگی سوور کە ئێمە دەیبینین لەرەلەرەکەی بریتی‌یە لە $٤\times ١٠^{١٠}$ = ٤٠٠ هەزار ملیۆن لەرە/ چرکە، بەلاّم تیشکی (ژێرسوور **infrared**) لەمە کەمترە و چاو نایبینێت، تیشکی بنەوشەییش لەرەلەرەکەی دەکاتە $٧\times ١٠^{١٠}$ = ٧٠٠ هەزار ملیۆن لەرە/ چرکە، لەرەلەری روحی مرۆڤیش لە نێوان تیشکی سەروو وەنەشەیی و لەرەلەری تیشکی (**X-RAY**)دایە، هەمان شتیش بۆ گوێی مرۆڤە چونکە تەنیا لە (٢٠لەرە/ چرکە)وە تا (٢٠٠٠٠لەرە/ چرکە) دەبیستێت، و هەرچی لەوە کەمتر یا زیاتر بوو نایبیستێت، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە سەلماوە کە هەندێک ئاژەڵ هەیە وەك (سەگ ، پشیلە ، ئەسپ) هەستی بیستنی لە مرۆڤ زیاترە، بۆیە دەبینین هاوار دەکەن لە ناکاوێك ئەویش بەهۆی ئەوەیە کە ئەوان هەندێك شت دەبیستن کە ئێمە نایبیستین.

زاناکانی روح بەڵگەکان دەکەن بە دوو بەشەوە: فیکری (ذهني **mental**)، و بەرجەستەیی (سروشتیی **physical**)، بەشی یەکەمیان چەند دیاردەیەك دەگرێتەوە وەك: دیاردەی بە بیردوواندن (التخاطر **Telesphy**)، و دیاردەی بینین لە دوورەوە (**clain voiance**)، و دیاردەی دوواندنی ڕاستەوخۆ کە تێ‌یدا روحەکە قورگی وەسیتەکە بەکاردێنێت و بە زمانی ئەو قسە دەکات، لە دیاردە بەرجەستەیی‌یەکانیش وەك: بیردۆزەی شێوە وەرگرتن (التجسيد **Materialization**)، دیاردەی بەرزکردنەوەی شتەکان (**Levitation**)، و بیردۆزەی وێنەگرتنی روحی (**Psychic Photography**)، کە زانستێکی تازەیە و لەم ساڵانەی دوایی‌دا هاتەکایەوە، ئەویش پاش داهێنانی چەند فلیمێکی تایبەتی لەم بوارەدا.

دوا لێکۆڵینەوکانە لەسەر ماددەی (**D.N.A.**) کە زانایان باوەڕیان وایە نهێنی روح و ژیانە لە خانە زیندووەکانی گیانلەبەردا و پاش دۆزینەوەی پێکهاتە کیمیایی‌یەکەی (کە خەلاّتی نۆبڵی لەسەر وەرگیرا)، سەرەڕای ئەم هەموولێکۆڵینەوەیە و ئیشکردنە لەسەری هێشتا مرۆڤایەتی لە سەرەتای ڕێگادایە بۆ زانینی مانای ڕاستی ڕوح، و ڕوح یەکێکە لە زانستە شارراوە و نهێنی‌یەکان کە هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە، و تەنیا سەرچاوە بۆ ناسینی ئەم نهێنی‌یە دینە (قورئان و ئایینی پیرۆزی ئیسلامە).

## لایەنە ئایینی‌یەکەی:

هیچ پێناسەیەك یان ڕوون کردنەوەیەك لەسەر ڕوح نەنوسراوە لە (تەورات و ئینجیل)دا، بەلاّم ئەم زاراوەیە وەك وەسفێکی ئەخلاقی و مەعنەوی بەکارهێنراوە، وەك: ڕوحی خراپ کە شەیتان دەگرێتەوە، و ڕوحی چاکە و روحی شارراوە وەکو فریشتەکان، و زاراوەی (ڕوحی قودوس)یان بەکاردەهێنا بۆ ئاماژە کردن بە خوای گەورە، کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە ناردی بۆ خەڵکی و پەیامی پێغەمبەرایەتی بلاّوکردەوە، هەندێك لە بێباوەڕان چوون بۆ لای جولەکەکان تا پرسیارێکیان بۆ بدۆزنەوە کە لە پێغەمبەری بکەن دەربارەی شتێك کە لەوەوپێش هیچ پێغەمبەرێك باسی نەکردبێت (کە روحە)، ئەوەبوو داوایان لە پێغەمبەر کرد دەربارەی ڕوح بۆیان بدوێت، بەلاّم پێغەمبەر (ﷺ) داوای مۆڵەتی لێکردن تا ئایەتی قورئانی بۆ دابەزێت، ئەوەبوو قورئان وەلاّمی دانەوە: ﴿**وسألونك عن الروح**

﴿قُل الروح مِن أمر ربي وما أوتيتم من العِلْمِ إلا قَلِيلاً﴾ (الإسراء:٨٥).

ماناى زانستى ئەم ئايەتە ئەوەيە كە ڕوح گرانە تێگەيشتنى لەسەر مرۆڤ، چونكە شتێكە گەورەترە لە مێشك و زانستىئێمە، و ئێمەيش ئەوەندە زانياريمان پىٚنەدراوە تاوەكو لە ماناى ڕاستى تەواوى ڕوح بگەين.

## هەندێك خاڵ دەربارەى روح كە لە قورئاندا هاتوون و زانستى نوىٚ دووپاتى كردوونەتەوە:

**يەكەم**: ئێمە روح نابينين و دەنگيشى نابيستين، نەك لەبەر ئەوەى كە بوونى نىيە، بەڵكو لەبەر ئەوەيە كە چاوى مرۆڤ لە سنوورێكدا دەبينێت، و هەروەها گوێشى هەر لە سنوورێكى ديارى كراودا دەبيستێت كە پێشتر بە شێوەيەكى زانستىيانە باسمان كرد.

قورئانى پيرۆزيش ئەم ڕاستىيە تەئكيد دەكاتەوە و باسى ئەوە دەكات كە هەندێك شت هەيە لە دەوروبەرمان كە ئێمە بەچاو نايانبينين: ﴿فلا أقسِمُ بِما تبصِرونَ، وما لا تبصِرونَ﴾ (الحاقة:٣٨-٣٩)، لە ئيعجازى قورئان ئەوەيە كە پەروەردگار سوێند دەخوات بە هەندێك شت كە بە چاوى خۆمان ناتوانين بيانبينين، زانستى نوىٚ بۆمان باس دەكات كە ڕێژەى ئەو شتانەى چاوى ئێمە دەيبينێت بۆ ئەو شتانەى كە نايبينين دەكاتە: ١ بۆ ١٥ مليۆن، كە ئەمە ڕێژەيەكى زۆر گەورەيە و كەس تەصەورى نەدەكرد و بە خەياڵىدا نەدەهات لە سەردەمى دابەزينى قورئاندا، كە خۆى لە خۆىدا ئەمە هۆكارى ئەو سوێند خواردنەيە.

**دووەم**: ئاينى ئيسلام لە بەردەم ئەم دياردەيەدا ناوەستێت كە زانست هێشتا نەيناسيوە و لێكى نەداوەتەوە، پێغەمبەرى خوا (ﷺ) دەفەرموێت دەربارەى روح: ﴿يسمع صوتها كُل شيء إلا الإنسان فلو سمع صوتها لصعق﴾ البخاري، خواى گەورە مرۆڤى بە شێوەيەك دروست كردووە كە روح نەبينىٚ و نەيشى بيستىٚ تاوەكو تووشى ترس و تۆقان نەبێت لە بيستنيان، ئەوەش ڕەحمێكى خودايە بە مرۆڤە زيندووەكان لە دونيادا، تاوەكو پەيوەندى ماددى نێوان مرۆڤ و روحەكان پچڕاو بێت ئاسايىيە، چونكە بێگومان تووشى تۆقين دەبين ئەگەر گوێمان لێيان بێت و نەتوانين دەستيان لىٚبدەين، قورئانى پيرۆز ئەم ڕاستىيە دووپات دەكاتەوە لە چيرۆكى (إبراهيم) پێغەمبەردا (عليه السلام) چونكە لە فريشتەكان ترسا كاتێك سەردانيان كرد و خواردنى بۆ هێنان، ئەوەبوو بينى لاشەيەكيان نىيە كە بەهۆيەوە خواردن بخۆن و دەستى بۆ بەرن، هەربۆيە لێيان تۆقا: ﴿فلما رأى أيديهم لا تصِلُ إليهِ نكِرهم وأوجس مِنهم خِيفةً﴾ (هود:٧٠)، راڤەى ئەمەش ئەوەيە كە فريشتەكان وەك روحەكان وان و جەستەيەكيان نىيە كە دەستى لىٚبدرێت.

**سێهەم**: ئيعجازێكى زانستى لە ئيسلامدا ئەوەيە كە ئەم ئاينە يەكەم سەرچاوە بووە دەستنيشانى ئەوەى كردووە كە هەندێك لە ئاژەڵەكان تواناى بينين وبيستنى روحيان هەيە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿إذا سمعتم صهيل الخيل ونباح الكلاب بعد هدأة الليل فأستعيذوا بالله من الشيطان الرجيم فإنها ترى ما لاترون﴾، ئەم ڕاستىيە زانستىيە تا كۆتايى سەدەى بيستەم نەدۆزرايەوە ئەويش تەنها لە دواى دروست كردنى ئامێرى روناكى يان ئامێرى بيستنى لەرەلەرە بەرزەكان نەبێت، هەروەها ئامێرى فيكەى سەگ (صفارة الكلاب) دۆزرايەوە كە سەگەكە ئەيبيستىٚ بەلاٚم مرۆڤ نايبيستىٚ، كە بووەتە يەكێك لەو ڕێگايانەى كە گيانلەبەرەكەى پىٚڕادەهێنن و بەهۆيەوە تەجروبەى زانستىيان لەسەر كردوون.

**چوارەم**: زانستی سەردەم دووپاتی دەکاتەوە کە روح ناتوانێ دەرکەوێت، یان دەست بە هیچ کارێك بکات ئەگەر لە تاریکاییدا نەبێت یان لەژێر ڕۆشنایییەکی سووری کزدا نەبێت، هۆی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە روح خۆی لە لەرەلەرێکی رۆشنایی و دەنگ پێکهاتووە، و تێکدەشکێت ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی و دەنگی ئاساییدا بێت، بۆیە دەبینین کۆبوونەوەی (هێنانەوەی روح) ناکرێت لە شەودا نەبێت، و بە تایبەتی لەو شەوانەی کە مانگەشەوە و دوورە لە هەموو هەورە بروسکە و هەورە گرمەیەك.

پێغەمبەر (ﷺ) دەستنیشانی ئەم ڕاستیەی کردووە پێش ئەوەی زانست بیدۆزێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿أقلّوا الخروج في هدأة الليل فإن للهِ دوابّاً يبثهن في هذه الساعة﴾، مانای (هدأة الليل) ئەوەیە کە تاریکی و بێدەنگی بەیەکەوە لە شەوێکدا بێت.

**پێنجەم**: ژیانی بەرزەخ لە نێوان قورئان و زانستدا:

روح لە دوای بەجێهێشتنی جەستە ڕاستەوخۆ ناچێتە بەهەشت یان ئاگری دۆزەخ، بەڵکو دەچێتە ژیانی بەرزەخەوە، ووشەی بەرزەخ سەرچاوەکەی فارسییە بەلام عەرەبەکان بەزۆری بەکاریان هێناوە بۆ شوێنێك لە نێوان دوو شوێندا، قورئانی پیرۆزیش بەکاری هێناوە بۆ قۆناغی ژیانی مرۆڤ لە نێوان هەردوو ژیانەکەیدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ومِن ورائِهم برزخ إِلى يومِ يبعثُونَ﴾ (المؤمنون:١٠٠)، کەواتە بەرزەخ قۆناغێکە لەنێوان مردن تا بەرپابوونی رۆژی دوایی.

زانستی سەردەم یەکیگرتۆتەوە لەگەڵ قورئاندا دەربارەی بوونی ژیانی بەرزەخ، بەلام ئەم ناوی دەنێت (العالم الأثيري)، کە کتێبە زانستییەکان وەها وەسفی دەکەن کە بریتییە لەو بۆشاییەی کە لە نێوان زەمین و هەموو ئاسمانەکانی چواردەوریدا هەیە (لەگەڵ خۆر و هەسارە گەڕۆکەکانیش)، لەدوای چەند دۆزینەوەیەکی سەرنج ڕاکێش سەبارەت بە ئەتۆم و پێشکەوتنی زانستی لەو بوارەدا، ئەو بۆشایییەش کە لە نێوان پرۆتۆن و ئەلیکترۆنی تەنە ڕەقەکانیشدایە بۆ ئەو بۆشایییەی نێوان ئاسمانەکان و زەوی زیادکرا، و دەڵێن روح لەناو ئەوبۆشایییانەدا دەژی بە شێوەیەکی ئازاد، بێئەوەی هیچ شتێك ڕێگەی لێبگرێت، و دەتوانێت دەرباز ببێت لەناو بۆشایییەکانی ئەتۆم هەرچەندە کە پێکهاتەی دیوارێکی پۆڵاییینیش بن!

**شەشەم**: روح دەجووڵێت لە ژیانی بەرزەخدا بەخێرایییەك کە یەکێك لە زانایانی سەردەم بە ٥٠ ئەوەندەی خێرایی رووناکی مەزەندە کرد، ئەو زانا موسڵمانەی سەردەمیش کە دۆزییەوە بریتییە لە (د. منصور حسب النبي) کە مامۆستای فیزیکە لە زانکۆی (عین شمس) لە میسر، لە کتێبەکەیدا بەناوی (الإعجاز العلمي في القرآن) کە بە هاوکێشەیەکی بیرکاریی لە دوو ئایەتی قورئانی پیرۆزدا ئەوەی سەلماند:

یەکەمیان: لە سوورەتی (السجدة) ئایەتی(٥)دا کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يدبر الأمر مِن السماء إِلى الأرض ثُم يعرج إِليهِ في يومٍ كَانَ مِقْداره أَلف سنةٍ مما تعدونَ﴾ (السجدة:٥)، مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە کە ئەو دوورییەی (فەرمانی کەونی) دەیبڕێت لە زەمەنی یەك ڕۆژی زەمینیدا، یەکسانە بەو دوورییەی مانگ دەیبڕێت لە چوار دەوری زەوی زەوی لە زەمەنی هەزار ساڵی مانگیدا، و لەم ئایەتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خێرایی ئەو فەرمانە یەکسانە بە (٢٩٩٧٩٢,٥ کم/ چرکە)، کە ئەم ژمارەیە دەکاتە ژمارەی خێرایی رووناکی لە بۆشاییدا، و یەکسانە لەگەڵ مەبدەئی (ئەنیشتاین)دا.

دووەم ئایەت: باس لە فریشتە و روح دەکات لە جیهانی نادیاردا، و خێراییەکەیان کە دەکاتە ٥٠×خێرایی ڕابوردوو (خێرایی ڕوناکی)، خوای گەورە دەفەرموێت لە سوورەتی (معارج:٤): ﴿تعرج الملائكةُ والروح إليه في يومٍ كانَ مقْداره خمسين ألف سنةٍ﴾، ئەمەش مانای ئەوەیە کە خێرایی روح دەکاتە: (٢٩٩٧٩٢,٥×٥٠) کم/ چرکە، خوداش زاناترە لە هەمووان.

**حەوتەم**: سروشتی روح لە سروشتی خودایە:

لە چەندین ئایەتدا خوای گەورە تأکید (جەخت) لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە روح فوویەکە لە روحی خودا، خوای گەورە دەربارەی فووکردنی روح بە لەشی ئادەمدا لە دوای تەواو دروست بوونی دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا سويته ونفَخت فِيهِ مِن روحِي فَقَعوا لَه ساجِدِين﴾ (ص:٧٢)، دەربارەی ئەو منداڵەی کە دروست دەبێت و ڕوحی تیٚدەچێت خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُم سواه ونفَخ فِيهِ مِن روحِهِ وجعلَ لَكُم السمع والْأبصار والْأفْئِدةَ قَلِيلًا ما تشكُرونَ﴾ (السجدة:٩)، (روح)ی مرۆڤ سەرچاوەکەی روحی خوایە بۆیە سروشتی ڕوحیش لە سروشتی خودایە، و هەر لەبەرئەوەشە کە چاووی مرۆڤ نایبینێت، پەروەردگار دەربارەی خۆی دەفەرموێت: ﴿لا تدركُه الأبصار وهو يدرك الأبصار وهو اللطِيف الخبِير﴾ (الأنعام:١٠٣)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ولما جاء موسى لِمِيقَاتِنا وكَلمه ربه قَالَ رب أرِني أنظُر إِليك قَالَ لن تراني﴾ (الأعراف:١٤٣).

**هەشتەم**: لە ئیعجازێکی پزیشکیدا دەرکەوتووە لەوەی قورئان باسی لیٚکردووە، کە روح ناچێتە ناو کۆرپەلە لە سکی دایکیدا تا نەگاتە مانگی سێهەمی کە دەکاتە (١٢٠) ڕۆژ[*].

ئەو منداڵە پێش ئەوەی بگاتە مانگی سێهەمی تەنها لە خانەکانی زیاد دەکات تۆزە تۆزە تادەبێتە ئەوەی ببێت بە مرۆڤێکی تەواو، و بە قۆناغەکانی (نطفة، وعلقة، و مضغة)دا دەڕوات کە ئەمانە هەمووی قۆناغی بیٚروحن، و لە زانستی پزیشکیدا ناوی (ژیانی بایۆلۆجی) لیٚنراوە وەك ژیانی ڕووەك و سپێرم و هێلکۆکە، لەم بارەیەوە پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ثُم سواه ونفَخ فِيهِ مِن روحِهِ﴾ (السجده:٩) مانای (سواه) واتە: دروست کردنی تەواو کردووە، واتای ئایەتە: روح ناڕواتە جەستەی مرۆڤ تادروست کردنەکەی تەواو نەبێت.




[*] ئەم ووتەیە راست نیـیە لە رووی زانستی و تێگەیشتنی راستی فەرموودەکانەوە کە دوای (١٢٠) رۆژ روح دەکرێت بە بەری کۆرپەلەدا! هەروەها بشزانە ئەم بابەتە لە قورئاندا نەهاتووە بەڵکو لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە، تێگەیشتنی راستی فەرموودەکان ئەوەیە کە دوای (٤٢ رۆژ) دروست بوونی کۆرپەلە لە سکی دایکیدا تەواو دەبێت و پاش ئەمە روح دەکرێت بە بەریدا (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بابەتی: کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا (بەشی پێنجەم و کۆتایی): نووسینی د. کاوە فەرەج سعدون/ گۆڤاری هەیڤ– ژمارە ٦) (**هەیڤ**).

**نۆیەم**: خودای مەزن روح لە جەستەی مرۆڤدا دەپارێزێت:

ئەو روحە لە مرۆڤ جیانابێتەوە تا بە فەرمانی خودا نەبێت و لە کاتە دیاری کراوەکەی خۆیدا نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**إن كُل نفْسٍ لمـا عليها حافِظٌ**﴾(الطارق:٤)، (**حافِظ**) لێرەدا چەند مانایەکی هەیە، لەوانەیە فریشتەیەك بێت لەناو جەستەی مرۆڤدا یان لە دەرەوەی کە روحەکە لەو جەستەیەدا دەپارێزێت، بەهەرحاڵ ئێمە ئەوفریشتەیە نابینین و هەستی پێناکەین، زانستی نوێش پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکات بەلاّم بە ناوێکی جیاوازەوە، (حافظ) لە زانستدا چەند مادەیەکی کیمیاییە لەناو لەشدا هەن، و ئەو پەیوەندییەی نێوان روح و جەستە دەپارێزن، بۆچوونە زانستییەکان ئەڵێن ئەگەر بێت و ئەم پەیوەندییە تێکبچێت ئەوا مرۆڤەکە تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی و رووحی دێت بەبێ ئەوەی هیچ نەخۆشییەکی ئەندامی هەبێت.

**دەیەم**: لەو ئایەتانەی کە بەدرێژایی سەدەکان موفەسیرانی سەرسام کردوو بوو ئایەتی: ﴿**وهو الذِي أنشأكُم من نفْسٍ واحِدةٍ فَمستقَر ومستودع**﴾ (الأنعام:٩٨)، هەندێك وەها ڕاڤەیان کردووە کە ووشەی (مستقر) منداڵدان ئەگرێتەوە کە کۆرپەلەکەی تیا گەورە دەبێت، و (مستودع) ئەوەیە کە تۆوەکان ئەبەخشێتە هێلکەکە، بەلاّم ئەوە ڕاست نییە چونکە ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لە روح دەکات، چونکە لە زۆر شوێن لە قورئاندا ناوی روح بە (نفس) دەبات، لێرەدا تا ئەم تەفسیرە ڕاست بێت دەبێت بڵێین: ووشەی (مستقر) خۆی لەشی مرۆڤە کە روحەکەی لەناودا دەمێنێتەوە لەم دونیایەدا لەوکاتەی دەچێتە ناوی تا مردنی، و ووشەی (مستودع) ژیانی بەرزەخە کە روحەکانی تێدەچن لەدوای مردن و لەوێ دەمێننەوە تا ڕۆژی قیامەت بەرپادەبێت.

**یانزە**: ژیانی بەرزەخ:

روحەکان لە ژیانی بەرزەخدا یان خۆشییانە یان ناخۆشییانە، چونکە ئایندەی خۆیانیان بۆ ئاشکرا دەبێت کە بەهەشت دەبێت یان دۆزەخ دەبێت، ئەویش پەیوەستە بە کارەکانیان کە لە دونیادا کردوویانە، خودای پاك و تاکیش وەسفی ژیانی موسڵمانان دەکات لەبەرزەخدا کە دەفەرموێت: ﴿**ويستبشِرونَ بِالذِين لم يلْحقُواْ بِهم من خلْفِهم ألا خـوف عليهم ولاَ هم يحزنونَ**﴾ (آل عمران:١٧٠)، بەلاّم کافرەکان و خراپەکارەکان ئەوانە دواڕۆژی خۆیان ئەزانن کە لە دۆزەخ و سزادا دەبن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**وأماَ إن كانَ مِن المُكذِبين الضالين فَنزلٌمِن حميم وتصـلية جحـــم**﴾، پێغەمبەریش (ﷺ) ڕاڤەی ئەم راستییە دەکات بە فەرموودەی: ﴿**إنما نسمة المُؤمن طاِئر يعلق من شجر الجَنة حتى يرجعه اللهُ إلى جسده يوم يبعثه**﴾ متفق عليـه، ﴿**إن أحدكم إذا مات عرض عليه مقعده من الجنة أو النـار بالغداة والعشي**﴾.

روحەکان ئازادن لە بەرزەخدا لە نێوان زەوی و ئاسماندا و هیچ پەیوەندییان بە جەستەکەیانەوە نییە لە گۆڕەکەدا، خەڵکی پێش ئیسلام زۆر ڕێزیان لە گۆڕەکان دەگرت و جوانیان دەکرد و خواردن و رووناکییان بۆ ئامادە دەکرد، چونکە پێیان وابووە مردووەکە پەیوەندی هەیە بەو گۆڕەوە. و دڵی خۆش دەبێت بەو کارانەی ئەوان دەیکەن، بەلاّم لەگەڵ هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێغەمبەر (ﷺ) ئەو شتانەی قەدەغەکرد و فەرمانیدا بە ڕماندنی هەموو گۆڕە بەرز کراوەکان و ڕێك کردنی لەگەڵ زەویدا.



هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی مردووەکانی لە گۆڕستان قەدەغە کرد، و مەبەستی ئەوەبوو با ئەو تەقلیدەی جاهیلی یەتیان بیرچێتەوە، کاتێك بیریان چووەوە و ئیمانیان هێنا ڕێ‌ی‌دان بە زیارەت کردنیان، چونکە بە چوونەوەی مرۆڤ بۆ گۆڕستان دڵی نەرم دەبێتەوە و مردنی بیردەکەوێتەوە: ﴿كنت قد نهيتكم عن زيارة القبور ألا فزوروها فإنها ترقق القلوب﴾، لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە: ﴿إنها تذكر بالموت﴾، مانای وایە کە هیچ پەیوەندی‌یەك نی‌یە لە نێوان روحی مردووەکە وجەستەی مرۆڤە مردووەکەدا، روحەکانیش لە بەرزەخدا شوێنەکانیان جیاوازە، هەیانە لە سەرووی سەرەوە و لە سەرووی هەموو خەڵکەکەوەیە، و هەیانە لەگەڵ پێغەمبەران و پیاوچاکان و شەهیدەکاندایە، و هەیانە لە خوارەوەیە لەگەڵ بکوژەکان و زیناکەرەکان و کافرەکان و موشرکەکاندایە، ئا بەم شێوەیە پێغەمبەر (ﷺ) روحەکان و شوێنەکانیانی بینی لە بەرزەخدا لە شەوڕەوی‌یەکەی‌دا و مژدەی پێ‌دا.

روحەکان لە بەرزەخدا میوانداری یەکتری دەکەن، و گوێیان لە قسەی زیندووەکانە، و بە نزا باشەکانیان کاریگەر دەبن، قورئانی پیرۆزیش دەفەرموێت: ﴿ولو أن قرآنا سيرت به الجبال أو قطعت به الأرض أو كلم به الموتى﴾ (الرعد:٣١)، پێغەمبەری خواش (ﷺ) قسەی لەگەڵ مردووەکان دەکرد کاتێك دەچوو بۆ گۆڕستان، هاوەڵان پێیان ئەوت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ چی قسەدەکەی ئەمانە نەماون و بوون بەخۆڵ، و ناتوانن وەڵام بدەنەوە؟! ئەویش دەیفەرموو: ﴿لستم بأسمع لكلامي منهم ولكنهم لايقدرون أن يجيبوا﴾ متفق عليه.

**دوانزە**: ئەو شتانەی کە بەکەڵکی مردوو دێن و سوودی پێ‌دەگەیەنن لە بەرزەخدا دوو شتن:

١- چەند شتێك پێش مردنی ئەنجامی دابێت: وەك: صەدەقەیەکی بەردەوام و زانستێکی بەسوود و نەوەیەکی صالح کە دوعای بۆبکات، و ماڵێك بینای کردبێت بۆ کەسانێکی غەریب لەوشوێنە یان مزگەوتێك یان بیرێك یان دارێك کە بەری بێت بینێژێت، ئەمانە هەمووی پلەی مردوو بەرزدەکەنەوە لای خوا، ئەمە ئەو کردەوانەیە کە خۆی کردبێتی پێش مردن.

٢- ئەوەیە کە زیندووەکان بۆی دەکەن: وەك قەرزدانەوە و دوعای خێر و نوێژکردن بۆ ئەومردووە یان ڕۆژوگرتن و خوێندنی قورئان لەسەر ڕووحی، یان کردنی خێرێکی بەردەوام بۆی، پاشان حەجی ماڵی خودا لەجیاتی ئەو.

**سەرچاوە**:

ئینتەرنێت: سایتی (موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة: www.55a.net).



# په‌روه‌رده‌كارانی ئه‌مه‌ریكا ( بیردۆزی گه‌شه‌كردن ) له‌كار ده‌خه‌ن

نووسینی: د. أحمد نبیل أبو خطوة
وه‌رگێڕانی: مافناس دایكی لانه

ڕۆژی ٤شه‌ممه (١١ی ئابی ١٩٩٩) ڕۆژێكی یه‌كلا كه‌ره‌وه بوو له میژووی فێركردنی گشتی له وویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مه‌ریكادا، كاتێك (به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی فێركردن) له وویلایه‌تی (كانساس Kansas) له‌وه‌ی بۆ ده‌یان ساڵ باوبوو ده‌رچوو، به‌وه‌ی به زۆرینه‌ی (٦ ده‌نگ) به‌رامبه‌ر به (٤ ده‌نگ) بڕیارێكی بوێرانه‌ی په‌سه‌ند كرد به له‌كار خستنی بیردۆزی گه‌شه‌كردن یان گه‌شه‌سه‌ندن (Evolution)ی تایبه‌ت به ڕه‌چه‌ڵه‌كی مرۆڤ (أصل الإنسان)، و بیردۆزی لێدانی مه‌زن (Big Bang)ی تایبه‌ت به دروست بوونی زه‌وی، به جۆرێك ئه‌م بڕیاره هه‌موو قۆناغه‌كانی خوێندنی میریی له‌و وویلایه‌ته بگرێته‌وه.

ئه‌م بڕیاره لێدانێك بوو بۆ لایه‌نگرانی داروین (Darwinism) و بیردۆزه‌كه‌ی، به تایبه‌تی له‌كاتێكدا بوو كه جیهان به‌ره‌و هه‌زاره‌ی سێهه‌م هه‌نگاوی ده‌نا، له به‌رامبه‌ردا لایه‌نگرانی بیردۆزی دروست بوون (الخلق) كه باوه‌ڕیان وایه (سیفری دروست بوون) كه له (إنجیل)دا هاتووه ڕه‌چه‌ڵه‌كی مرۆڤ روون ده‌كاته‌وه خۆشحاڵی‌یان به‌م بڕیاره ده‌ربڕی، یه‌كێك له پیاوه ئاینی‌یه‌كان ده‌ڵێت: (له كاتی ئێستادا هیچ بیردۆزێك نی‌یه بتوانێت باوه‌ڕی پته‌ومان له‌ق بكات كه (الله) داهێنه‌ری هه‌موو گه‌ردوونه)، هه‌ندێ له ماموٚستایان داوایان كرد كه كه‌مێك ئازادی‌یان پێ بدرێت كه هه‌ڵه و كه‌م وكوڕی‌یه‌كانی بیردۆزی گه‌شه‌كردن بۆ قوتابیان ڕوون بكه‌نه‌وه، به‌تایبه‌ت ناته‌بایی ئه‌و بیردۆزه له‌گه‌ڵ ساده‌ترین پره‌نسیبه زانستی و كیمیایی و فیزیایی و بایۆلۆجی‌یه‌كاندا.

به‌ڵام ئه‌و كۆمه‌ڵانه‌ی كه له دژی ئه‌وه‌ن دین بخرێته پرۆگرامی خوێندنه‌وه، ئه‌م بڕیاره به تێكشكان و پاشه‌كشه‌ی خوێندنی ئه‌مریكی بۆ (١٠٠) ساڵ به‌ر له ئێستا ده‌بینن، ته‌نانه‌ت یه‌كێكیان له دیدارێكدا له‌گه‌ڵ كه‌ناڵی هه‌واڵی (CNN) ڕایگه‌یاند كه: (لابردنی بیردۆزی گه‌شه‌كردن له پڕۆسه‌ی خوێندندا وه‌ك لابردنی خشته‌ی خولی‌یه له زانستی كیمیا، یان لابردنی سه‌رۆك (لینكۆڵن)ه له مادده‌ی مێژوودا).



**تشارلز داروین ( ١٨٠٩ - ١٨٨٢ز) خاوه‌نی بیردۆزی گه‌شه كردن.**

ئه‌مه‌ش له كاتێكدا زۆرێك له میانڕه‌وه‌كان ڕایان وایه هه‌ردوو بیردۆزه‌كه به‌یه‌كه‌وه بخوێندرێت له قوتابخانه‌كاندا، یان له ڕێی مادده‌یه‌ك یان دوو مادده له بابه‌تی مێژووی ئاینه‌كاندا یان له مادده‌ی ئاینی به‌راورددا، كه ده‌توانێت باسی ڕاستی‌یه‌كانی زانستی سه‌رده‌م بكات و ببه‌ستێته‌وه به ناوه‌ڕۆكی په‌یامه ئاسمانی‌یه‌كانه‌وه.

گومانی تێدا نی‌یه كه ئه‌و ده‌نگانه‌ی داوای گه‌ڕانه‌وه بۆ ئاین ده‌كه‌ن زیادی كردووه، و گوێیان لێده‌گیرێت به‌تایبه‌تی دوای ئه‌وه‌ی ئه‌و ووڵاته (واته ئه‌مریكا) زنجیره‌یه‌ك له توندوتیژی و كوشتنی هه‌ڕه‌مه‌كی له‌ناو قوتابخانه‌كاندا به‌خۆوه بینی، و

دەیان قوتابی بوونە قوربانی لە ماوەی شەش مانگدا، كە بووە هۆی ئەو بێدار بوونەوەیە و گەڕانەوەیە بۆ دەستگرتن بە ئاینەوە.

## سەرەتای پریشك:

بڕیاری ویلایەتی (كەنساس) وەك یەكەم پریشك بوو بۆ دەربڕینی تووڕەیی زۆرێك لە پارێزكاران (محافظين) كە باوەڕیان وایە پابەند نەبوون بە ئایین گرنگترین هۆی لێك ترازانی كۆمەڵایەتی و تاوانەكانی توند و تیژییە لەلای لاوان، هەر بە كاریگەریی گەورەی ئەم بڕیارە بەڕێوبەرایەتی فێركردن لە هەریەك لە ویلایەتەكانی (تینیسی Tennessee) و (لویزیانا Louisiana) ڕایانگەیاند كە قوتابخانەی حكومی مافی دەركردنی هەر مامۆستایەكی هەیە كە بیردۆزی گەشەكردن وەك ڕاستی‌یەكی زانستی باوەڕپێكراو شیبكاتەوە، هەروەها ئەنجومەنی ویلایەتی (جۆرجیا Georgia) بڕیاری پێویستی خوێندنی هەموو بیردۆزەكانی ڕەچەڵەكی ژیان و لە ناویاندا بیردۆزی (دروست بوونی تایبەت)ی دەركرد وەك ئەركی هەموو قوتابخانە حكومی‌یەكان بەبێ جیاوازی، و ئەنجومەنی باڵای فێركردنی گشتی ویلایەتەكانی (واشنتۆن Washington) و (ئۆهایو Ohio) ڕایانگەیاند كە داوا دەكەن كتێبی (پاندا و خەڵك) (Pandas & people) بخوێنرێت كە هەموو لاپەڕەكانی هێرشی توندی تێدایە بۆ سەر بیردۆزی گەشەكردن.





لەڕاستی‌دا بڕیاری ویلایەتی (كانساس) ئەوە دەگەیەنێت كە (بیردۆزی دروست بوون) لە شەو و ڕۆژێكدا جێگای بیردۆزی (گەشەكردن) دەگرێتەوە، بەڵكو مانای وایە كە زۆركردن نی‌یە لە قوتابخانەكاندا بۆ خوێندنی بیردۆزی گەشەكردن (یان گەشە سەندن)، و قوتابیانیش تاقیكردنەوەی تێدا ناكەن، چونكە بەپێی ئەم بڕیارە مامۆستا ناتوانێت لە تاقیكردنەوە گشتی‌یەكاندا پرسیاری لەسەر دابنێت، هەندێك ڕایان وایە ئەم بڕیارە كاریگەریی دەبێت بۆ چاو خشاندنەوە بە هەندێك بابەتی تری خوێندن كە بووەتە جێی مشتومڕ، وەك ماددەی ڕۆشنبیریی سێكسی (Sex Education) كە ئێستا لە هەندێك لە قوتابخانەكاندا ناوەكەی گۆڕراوە بە ماددەی فێربوونی یان ڕۆشنبیری ژیانی خێزانی (Family Life Education).

## بیردۆزی گەشەكردن لە فێركردندا:

مێژووی دانانی بیردۆزی گەشەكردن لە فێركردنی گشتی قوتابخانەكانی ئەمریكادا، بە تایبەتی لە زانستی زیندەوەرزانیدا دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا، كاتێك دادگای فیدراڵی بڕیاری جیاكردنەوەی دینی دەركرد لە فێركردن لە ساڵی(١٩٦٨)دا بەپێی پرەنسیپی ئازادی ڕادەبڕین كە مادەی یەكەمی

دەستورە، لەدوای ئەوە چەند هەوڵێکی سەرنەکەوتوو درا بۆ بەزاندنی ئەم بڕیارە و کار پێنەکردنی، بۆ نمونە لە حەفتاکاندا ویلایەتی (ئارکنساس Arkansas) و ویلایەتی (لویزیانا Louisiana) رایانگەیاند کە ڕێگە دراوە بە تەرخان کردنی دووکاتی وەك یەك بۆ خوێندنی هەردوو بیردۆزی دروست بوون و گەشەکردن، بەڵام دادگای باڵادەستی خستەوە ئەم مەسەلەیە و ڕاگەیاندنەکەی ڕەتکردەوە، دوا بڕیاری ویلایەتی کەنساس بە زیرەکانە وەسف دەکرێت لەبەر ئەوەی خوێندنی بیردۆزی گەشە کردنی بە ڕاشکاوی ڕەت نەکردووەتەوە، بەڵکو داوای لابردنی کردووە لە خوێندنی ئیلزامیدا، بۆ نموونە مامۆستا دەتوانێت لە پۆلدا ئەم بیردۆزە شی بکاتەوە و ووتووێژی لەسەر بکات، بەڵام زۆر لە قوتابی ناکرێت تاقیکردنەوەی تێدا بدات، و ئەمەش بە هیچ شێوەیەك شکاندنی دەستووری تێدا نییە.

گەلی ئەمریکی بە شێوەیەکی گشتی لەمبارەیەوە دابەش بووە، لە دوا ڕیفراندۆمدا (٤٦٪)ی خەڵك بە بەڵێ بۆ راستی بیردۆزی گەشەکردن، و (٦٨٪) بە بەڵێ بۆ راستی بیردۆزی دروست بوون دەنگیاندا، بەڵام قوتابیانی قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن ڕایەکی تریان هەبوو، (٨٠٪)یان کۆکبوون لەسەرئەوەی کە (الله) داهێنەری گەردوون و هەموو ئەوانەیە کە تیایدان !.

## ڕای سیاسییەکان:

ئەم کێشەیە دەنگدانەوەی سیاسی زۆری هەبوو، و هەندێك لە سیاسییەکان و پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی بەکاریان هێنا بۆ بەدەست هێنانی دەنگی زیاتر، ووتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە (سەرۆك کلنتۆن) (سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا)، بە پێویستی دەزانێ کە هەموو لایەك پابەند بێت بە بڕیاری دادگای باڵا بە جیاکردنەوەی دین لە فێرکردن، و ووتی: (بە هیچ شێوەیەك دژی ئەم بڕیارە کارناکەین)، لە کاتێکدا جێگری ئەو کاتەی سەرۆك (آل گور) کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی ڕایگەیاند: (کە ئەو بە باشی دەزانێ قوتابخانەکان پاپەند بن بە خوێندنی ئەو بیردۆزەی گەشە کردن کە لەگەڵ دۆزینەوەکانی ئێستادا ڕێك دەکەوێت، و لەهەمان کاتدا کاتێك تەرخان بکرێت بۆ هەر قوتابخانەیەك کە بیەوێت بیردۆزی دروستبوون بخوێنێت)، (جۆرج بۆش) حاکمی ئەو کاتەی ویلایەتی (تەکساس) (و سەرۆکی ئێستا) ڕایگەیاند: کە ئەو بە باشی دەزانێ ڕێگابدرێت بە خوێندنی هەردوو بیردۆزەکە بەبێ جیاوازی، و ئەم کارە بەجێ بهێڵرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی فێرکردن لە ویلایەتەکاندا بەبێ دەست تێوەردانی حکومەتی فیدڕاڵی، کاندیدێکی تری کۆمارییەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەو کاتە ملیۆنێر (ستیف فوربس) ئەو وێنە شیکارییانەی کە بۆ بیردۆزی گەشەکردن لە کتێبەکانی خوێندندا بەکاردەهێنرێت بە فێڵێکی گەورە (Massive Fraud) و درۆ و شێواندنی زۆری ڕاستییەکانی وەسف کرد.

کاندیدێکی تری ئەو کاتەی کۆمارییەکان بەناوی (پات بوکانون) لە دیدارێکیدا لەگەڵ پەیامنێری کەناڵی (A.B.C.)دا ووتی: (من لە ڕەچەڵەکی مەیموون نیم)، و (ئەو بیردۆزی گەشەکردن بە هەموو شێوەیەك ڕەت دەکاتەوە)، هەروەها ووتی: (نابێت قوتابییەکانمان بەو ووتە پڕوپووچانە فێربکرێن)، و ووتی: ئەو باوەڕی هەیە کە (الله) گەردوونی دروست کردووە، هەتا ئێستا هیچ ووڵاتێکی ڕۆژئاوا ئامادەیی دەرنەبڕیوە بۆ گۆڕینی مەنهەجەکانی خوێندنی کە پشت ئەستورە بە بیردۆزی گەشەکردن، لەبەرئەوەی بەڕێوبەرایەتییەکانی فێرکردن لەم ووڵاتانە هێشتا لەو باوەڕەدان کە ئەم بیردۆزە لەگەڵ

زانستی هاوچەرخدا دەگونجێت، (ستیف گۆلد) لە ووتارێکی گۆڤاری (تایم)دا کە بابەتی بەرگەکەی گەشە کردن بوو، لەسەرەوە ئەم ناونیشانە هەبوو (هەستان لە مەیموونەوە Up from Apes) دەڵێت: (هۆکاری پەیوەست بوون بە بیردۆزی گەشەکردنەوە ئەوەیە لە کاتی ئێستادا هیچ بیردۆزێکی تر نی یە جێگای بگرێتەوە، و ئەمەش بەتەواوی وەك بیردۆزی سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا ڕاستی یەکی بێ هاوتایە).

## بیردۆزەکانی ڕەچەڵەکی ژیان:

لەڕاستی‌دا هیچ بەڵگەیەکی ماددی لەبەردەستدا نی یە لەسەر ئەوەی کەی و چۆن ژیان دروست بووە؟ لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەی هەست پێکراو و بیروباوەڕی یانە و زانستیی جۆراوجۆر هەیە کە وای کردووە ڕای مرۆڤەکان دابەش بن، و گریمانە و بیردۆزی زۆر بۆ ڕوون کردنەوەی دەست پێکردنی ژیان دابنرێت، لەم بیردۆزانەش بیردۆزی (پەیدابوون یان سەرهەڵدانی خۆیی Spontaneous Generation) کە دەڵێت ژیان لە ماددەی نازیندووەوە دەست پێ‌دەکات و سەرهەڵدەدات؟! بۆ نموونە مشك لە کەڵەکەی خۆڵ و خاشاك و پاشماوەوە، و مێش لە پەنیری ترشاوەوە دروست دەبن، بەڵام لویس پاستێر (١٨٢٢-١٨٩٥ز) و هەندێك لە زانایانی تر ناڕاستی و شکستی تەواوی ئەم بیردۆزەیان سەلماندووە.

بیردۆزێکی تر هەیە بەناوی (ماوەی گەردوونی) (الحقبة الكونية Cosmozoic Theory) کە دەڵێت: (تۆوی ژیان) لە ڕێگای تەنی گەردوونی‌یەوە هاتۆتە سەر زەوی بە گەشتێکی زەمەنی دوورودرێژ، ئەم بیردۆزەش جێی باوەڕ نی یە، لەبەرئەوەی ڕەچاوی کەش و هەوای نادروست بۆ ژیان لە دەرەوەی هەسارەی زەوی ناکات، هەروەها ئەم بیردۆزە چۆنێتی دروست بوونی (تۆوی ژیان) ڕوون ناکاتەوە، تەنها بیردۆزێکی تر کە مابێت بریتی‌یە لە بیردۆزی (گەشەکردنی کیمیایی Chemical Evolution)، کە دەڵێت ژیان پێش ماوەیەکی دوورودرێژ دەستی پێکردووە، دوای ئەوەی کە زەوی جێگیر بووە بەهۆی ئەوەی کە پێی دەوترێ لێدانی مەزن (الضربة الداوية)، ژیان لە ماددەی ساکاری مردوو لەناو دەریایەکی سەرەتایی‌یدا (Primordial Sea) دروستبووە، کە لە سروشت و پێکهاتەکانی‌دا لە ئاوی دەریاکانی ئێستا جیاوازە.

بیردۆزی گەشەکردنی ئەندامی (Organic Evolution) کە تەواکەری بیردۆزەکەی پێشووە دەڵێت: هەموو بوونەوەرێکی زیندوو لە زیندەوەرێکی پێش خۆی دروست بووە، و ئەم گۆڕانە لە شێوەدا پێویستی بە سێ مەرج هەیە کە بریتین لە مەرجەکانی: گۆشەگیری جوگرافی (العزل الجغرافي Geographic Isolation)، و هەڵبژاردنی سروشتی (الإنتخاب الطبيعي Natural Selection) و ماوەیەکی زەمەنی دوورودرێژ، هەموو ئەم بیردۆزانەش کە بە گشتی بە بیردۆزی گەشەکردن دەناسرێن چارلز داروین (١٨٠٩-١٨٨٢ز) لە سەدەی (١٩)دا بناغەی داڕشت، و پێی وایە کە جیاوازی‌یە سروشتی‌یەکان کە لە سیفەتە بۆماوەیی‌یەکانی هەموو بوونەوەرێکدا هەیە لەژێر بارودۆخی جیاکردنەوە (عزل)، و مانەوە بۆ باشتر (البقاء للأصلح)دا دەبێتە هۆی دروست کردنی تاکێکی تر کە سیفاتی نوێی هەبێت و لە هاوشێوەکانی بالاتر بێت، بە تێپەڕ بوونی کات تاکە لاوازەکان لەناو دەچن و بەهێزەکان دەمێننەوە، و سیفەتەکانیان بەهۆی ئەوە لە دوای یەکەکانیانەوە دەگوازرێنەوە.

وا پێویست دەکات کرداری گەشەکردن لە هەموو زیندەوەراندا نەوەستێت جگە لە مرۆڤ، بەڵام خاوەنانی ئەم بیردۆزە دەڵێن کە مرۆڤ لە گەشە کردن وەستاوە بەهۆی نەبوونی مەرجی گۆشەگیریی جوگرافی، بە بەڵگەی

ئەوەی کە مرۆڤ (ناوە زانستیەکەی بریتییە لە: **Homo sapiens** واتە: مرۆڤی ژیر) ئێستا دوور لە مرۆڤایەتی ناتوانێت بژی.

زۆر لە خەڵك بڕوایان وایە کە بیردۆزی گەشەکردن بەو شێوەیەی کە زانا ماددییەکان تەفسیری ژیانی پێدەکەن بێحورمەتی کردنە بە بیروباوەڕە پیرۆزەکان، و دژی بیردۆزی دروست بوونە، لە گەورەترین دامەزراوەی زانستی دژی بۆ چوونی گەشەکردن لە ئەمەریکادا بریتییە لە دامەزراوەی لێکۆڵینەوەکانی دروست بوون (هیئة أبحاث الخلق **The Institute for Creation Research**) لە (کالیفۆرنیا)، کە لە ساڵی (١٩٧٥)دا دامەزراوە، و لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنیدا ٨ زانای لێهاتووی لەخۆگرتووە لە بواری پسپۆڕی خۆیاندا، لە گرنگترین ئامانجە ڕاگەیاندراوەکانیان:

گەڕانەوەیە بۆ سیفری دروست بوون (سفر التكوين)، و لە چالاکییە دیارەکانیان بەستنی کۆڕ و موحازەرات و سازدانی دیدار لەگەڵ مامۆستا و قوتابیاندا (بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی گەڕانەوە بۆ لای (الله)ی دروست کەری ئەم گەردوونە.

لە دیدارێکدا لەگەڵ بەرنامەی (**Insight**) کە ڕۆژانە لە کەناڵی (**CNN**) پێشکەش دەکرێت یەکێك لە ئەندامانی ووتی: {ئێمە وەك زانایانی فیزیایی و بیرکاری و بایۆلۆجی، بیردۆزی گەشەکردن بە تەواوی ڕەت دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ سادەترین پرەنسیپی زانستیدا ناگونجێت، بە تایبەت پرەنسیپی یاسای دووەمی دینامیکی گەرمی (**Second Law of Thermodynamics**) کە دەڵێت: هەموو گۆڕانە فیزیایی وکیمیاییەکان کە بەسەر هەر سیستمێکدا بێت بەردەوام دەبێت هەتا هەڕەمەکی (**Entropy**) زیاد دەکات تا ئەو کاتەی ئەو سیستمە دەگاتە حاڵی هاوسەنگی}، ئەم یاسایەش ئەوە ئەگەیەنێت کە هەتا هەڕەمەکی سیستم زیاد بکات بە تێپەڕبوونی کات لەناو دەچێت و بەردەوام نابێت، لەبەرئەوەی سیستمە جیاوازەکان بە تێپەڕبوونی کات تووشی تێکچوون و (فوضی) دەبن، هۆی ئەمەش





ئەوەیە کە ڕێگای زۆر هەیە بۆ دروست بوونی ناڕێکی وهەڕەمەکی (عشوائیه)، لە کاتێکدا کە ڕێگای دیاری کراو هەیە بۆ گەڕاندنەوەی سیستم و ڕێکوپێکی.

سیستمی ڕێك خستنی گەرد و گەردیلەکان و پاشان کۆکردنەوەیان بۆ دروست بوونی خانە و و شانە و ئەندامەکانی لەش (کە بیردۆزی گەشەکردن باسی دەکات)، ئەگەر بەبێ دەست تێوەردانی (تدخل)ی خوای گەورە بەجێ بهێڵرایە دروست نەئەبوو، هەروەها ئەم زانایانە دەڵێن: تەمەنی زەوی (٤,٥ بلیۆن) ساڵ نییە، وەك خاوەنانی بیردۆزی گەشەکردنی بێخودا باسی دەکەن، بەڵکو (١٠٠٠٠ ساڵە) ئەمەش بەس نیە بۆ ئەو گەشەکردنە باس لێکراوە، هەروەها ئەڵێن کە هێڵکاری ژیانی ناسراو بە دی ئێن ئەی (DNA) بە هۆکارێکی زیرەکانەی لەڕاددەبەدەر نەبێت (Intelligent Agent) دروست نابێت، ئەمە وتەی زانایانی دامەزراوەی توێژینەوەکانی دروست بوونە.

ئێمە وەك کەسێکی موسوڵمان بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بیردۆزی گەشەکردن ڕێك ناکەوین ئەگەر ڕەچاوی دەسەڵاتی خوای گەورە نەکات، ئەو دەقانەی لە قورئان و سوننەتدا هەیە باس لە دروست کردنی مرۆڤ دەکات بەڕوونی، کە خوای گەورە مرۆڤی لە سەرەتادا لە قوڕ دروست کردووە (مِن طِين)، پاشان لە قوڕێکی تێکچوو و گۆڕاو (مِن حمإٍ مسنون) و دواتر لە قوڕێکی ووشکەوەبوو وەك فەخفوری (مِن صلصالٍ كالفخار)، هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە لە ئاو دروستی کردووە، و بەپێی ئەو دەقانە مرۆڤ بە شێوەیەکی تایبەت و جیا دروست کراوە، نەك بە ڕێگای گەشەکردن لە جۆرێکی تر لە زیندەوەران: ﴿لقد خلقنا الإنسانَ في أحسن تقويم﴾ (التين:٤)، هەروەها لە ئایەتێکی تردا هاتووە: ﴿ولقد خلقنا الإنسانَ مِن سلالةٍ مِن طين﴾ (المؤمنون:١٢)، هەروەها هەرچی لە گەردووندا هەیە دروست کراوی خوای گەورەیە.

زۆر لە زانایان بڕوایان هەیە کە بەدیهێنەر (خوای پەروەردگار) مرۆڤەکان و هەموو بوونەوەرەکانی تری بەجیا لەیەك دروست کردووە، بەهەمان شێوەشن کە یەکەم جار دروستی کردوون، لەمەدا ئەمانیش پشت ئەستوورن بەوەی کە هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ بوونی قۆناغی ناوەڕاست لە گەشەکردنی هیچ بوونەوەرێکدا، کە ئاماژە بدات بە تێپەڕبوونی بەو بارەدا، هەروەها ئەو ئەڵقە وونەی (قۆناغە ناوەڕاستەی) گەشەکردنی مرۆڤ هەتا ئێستا وونە، دوای ئەوەی لەم دوایی‌یانەدا لە (حەبەشە) پەیکەرە ئێسکێك دۆزرایەوە لە سەرەتادا وایان دەزانی کە ئەو ئەڵقە زەمینی‌یە وونەیان دۆزیوەتەوە لە پلەی گەشەکردنی مرۆڤدا؟! بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە ئەوە ئێسقانی ئاژەڵێکە (نەك مرۆڤ) بەناوی مێرووخۆر (آكل النمل)، کە لە پەیکەری مرۆڤ دەچێت، جگە لەوەش بیردۆزی گەشەکردن لە ڕاستیدا زانست نیە بە تەنها.

لەبەرئەوەی هەرگیز ناتوانرێت تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت و گرنتی دووبارە بوونەوەی نی‌یە لەداهاتوودا.

**سەرچاوە:** گۆڤاری (الإعجاز العلمي)/ ژمارە (٥)/ کە دەردەچێت لەلایەن: (هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة).






## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

زانستی ئەندازەیی وەك زانستەکانی تر، لە زۆر شوێندا قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە و بێبەشی نەکردووە لە خۆی...

لەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوەدا ئەتوانین سوود لە زانستی ئەندازەیی وەربگرین لە بواری بناغەی بیناکاندا لە شێوە و جۆر و چۆنێتی دروستکردنی بنچینەی بناغەی بیناکاندا، و ئاماژەپێدان لە جۆری پتەوی و فشەڵی بناغەکان ... خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أفمن أسس بنيانه على تقوى من الله ورضوان خير أم من أسس بنيانه على شفا جرف هار فانهار به في نار جهنم والله لا يهدي القوم الظالمين﴾ (التوبة:١٠٩) .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە باس لە دروستکردنی (مسجد الضرار) دەکات کە لەلایەن (دووڕووەکان) مونافیقەکانی شاری مەدینەوە هەستان بە دروستکردنی بە مەبەستی خستنەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان باوەڕداراندا...

ئەو بینایەی کە دووڕووەکان دروستیان کرد، گەرچی مزگەوت بوو وەك هەریەك لە مزگەوتەکان، بەڵام دروست کردن و مەبەست و نیەتیان لەم بونیاتنانەدا شارراوە نەبوو، جگە لە خراپی و پیسی مەبەست و نیەتیان هیچی تر نەبوو.

ئەم ئایەتە پیرۆزە وێنەیەکی هونەری جوانی (مادی ومعنوی) (بەرجەستە و بێجەستە)ی بۆ کۆکردووینەوە، بە لێکچواندنی تێگەیشتنێکی بێجەستە بۆ تێگەیشتنێکی بەرجەستەی هەست پێکراو، پوختەی واتای ئایەتە پیرۆزەکە بریتی‌یە لە: (ئەگەر کەسێك هەستێت بە دروستکردنی بینایەك بە مەبەست و نیەتی دووڕوویی و بێباوەڕی، وەك دروستکردنی ئەو بینایە وایە کە لەسەر لێواری چاڵێکی داڕووخاو دروست بکرێت، کە بێگومان ئەنجامەکەی بە داڕووخانی کتوپڕ و خێرای لێوارە چاڵەکە و بیناکەش دێت بەدوای‌دا...

لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەیەکی ئەندازەیی دەدات بە سروشتی بناغەی بیناکان لە ڕووی کاریگەری پلەی بەرگەگرتن و بەهێزی‌یان، یان داڕووخان و

هـه‌ره‌س هێنانیـان، و چـه‌ندین ئامـاژه‌ی تـر لـه‌خۆ ده‌گرێت له‌ ڕووی زانستی میكانیكی خاك و بناغـه‌ی بیناكانـــه‌وه‌، كـــه‌ لـــه‌ ئه‌نـــدازیاری شارســـتانی و بیناكاری‌دا زۆر به‌ گرنگی باسیان لێوه‌ ده‌كرێت...

لـه‌م ئایه‌تـه‌ پـیرۆزه‌دا چـه‌ند ڕوویـه‌كی ئیعجـازی ئه‌نـدازیاری ڕوون ده‌كاتـه‌وه‌، كـه‌ ده‌تـوانین چـه‌ند تێگه‌یشتن و ئاماژه‌یه‌كی ئه‌ندازه‌یی لێوه‌رگرین، و له‌م خاڵانه‌ی خواره‌وه‌دا كۆیان ده‌كه‌ینه‌وه‌:

## تێگه‌یشتنی یه‌كه‌م:

له‌ ڕاڤه‌ و تێگه‌یشتنی ئه‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌دا چه‌ند هۆكارێكی گرنگ هـه‌ن كه‌ كاریگـه‌ریی ڕاسته‌وخۆیان هه‌یه‌ له‌سه‌ر دروستبوونی بناغه‌ی بیناكان ...

* ووشه‌ی (أساس) له‌ زمانه‌وانی عه‌ره‌بی‌دا واتـای (أصل كل شيء) ده‌گه‌یه‌نێت، واتـه‌: بنچینه‌ی هـه‌موو شـتێك. و بناغـه‌ی بینـاش بنچـینه‌ی بیناكه‌یـه‌، لـه‌ زانســتی ئه‌نــدازیاری‌دا بناغــه‌ی بینــا یه‌كێكــه‌ لــه‌ ڕه‌گـه‌زه‌كانی بینـا كـه‌ به‌هۆیـه‌وه‌ هه‌رچـی قورسـایی هه‌یـه‌ له‌ســه‌ری ده‌گوێزرێتــه‌وه‌ بـۆ ئـه‌و خاكـه‌ی ژێـر خۆی ...

كاتیـك كـه‌ باسـی (بنچـینه‌ وبناغـه‌) (... **أســس بنيانــه...**) ده‌كـه‌ین، بێگومـان ئـه‌و بینایـه‌ دوو جـۆر قورسایی ده‌خاته‌ سه‌ر ئـه‌و خاكـه‌ی ژێـری ئـه‌وانیش: (قورسـایی زینـدووه‌–جووڵێنـه‌ر) (**Live load**)، و (قورسایی مردووه‌–چه‌سپاو) (**Dead load**).

كـه‌ ئه‌مـه‌ش پێویسـت بـه‌ دیزاینـی ئـه‌و ئه‌ساسـه‌ ده‌كـات بـۆ دیـاری كردنـی جـۆری ئـه‌و ماددانـه‌ی كـه‌ تیایدا بـه‌كارده‌هێنرێت، كـه‌ ئه‌مـه‌ش تیایـدا ڕه‌چاوی كاریگه‌ریی ئه‌و قورسایی‌یه‌ كراوه‌.

* ووشه‌ی (**على**) له‌ ﴿**على شفا جـرفٍ هـار**﴾ دوو واتای هه‌یه‌:

**یه‌كـــه‌میان**: جـۆری بناغـه‌ی هه‌ڵبـژێردراو لـه‌ ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌كه‌دا (بناغه‌یه‌كی ڕووكه‌شه‌) (الأساسات الســطحية) (**Shallow foundation**)، نـه‌وه‌ك بناغه‌یـه‌كی قـووڵ و دامـه‌زراو (الأساسـات العميقـة) (**Deep foundation**)، چونكه‌ ئه‌گـه‌ر مه‌به‌سـتی ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌كه‌ بناغه‌ی قووڵ بوایه‌ ئه‌وا (**في شـفا**)ی به‌كارده‌هێنرا نه‌وه‌ك (**على شفا**)، كه‌ ئه‌مه‌ش دووباره‌ تێبینی و ڕه‌چاوی جۆری بنچینه‌ی بناغه‌كه‌ كراوه‌.

ئـه‌م تێگه‌یشـتنه‌ ئه‌ندازه‌یی‌یـه‌ هاوشـانه‌ له‌گـه‌ڵ واتـای ئایه‌تـه‌ پیرۆزه‌كـه‌دا، كه‌ بێگومان ئه‌و بناغه‌یه‌ ئه‌گـه‌ر ڕووكـه‌ش بێـت وقـووڵ نـه‌بێت، و دیزاینـی بـۆ نه‌كرابێت ئه‌وا ده‌بێته‌ هۆی هه‌ره‌سهێنانی بیناكه‌...

**دووه‌میـــان**: بـاس كـردن لـه‌ قووڵـایی بناغه‌كـه‌، ووشـه‌ی (**على**) واتـه‌ باس كردن له‌ بناغه‌یـه‌ك له‌سـه‌ر ڕووكه‌شـــی ڕووی زه‌وی بێـــت، كه‌واتـــه‌ (قووڵـــایی بناغه‌كـه‌ یه‌كسـانه‌ بـه‌ سـفر)، چـونكه‌ ئه‌گـه‌ر باسـی بناغه‌یه‌كی بكردایه‌ له‌ قووڵایی ڕووی زه‌وی‌یه‌وه‌ ئـه‌وا ئایه‌تـه‌ پیرۆزه‌كـه‌ بـه‌ داڕشـته‌یه‌كی تـری گونجـاوتر باسی ئه‌كرد، كه‌ ئه‌ویش له‌ جیاتی (**على شـفا**) ئه‌وا (**بداخل شـفا**)ی به‌كارده‌هێنا، كه‌ ئه‌مـه‌ش تێبینـی و ڕه‌چاوی قووڵی بناغه‌كه‌ی تیاكراوه‌.

ئـه‌م بۆچـوونه‌ ئه‌ندازه‌یی‌یـه‌ش هاوشـانی واتـای ئایه‌تـه‌ پیرۆزه‌كه‌یـه‌، چـونكه‌ ئـه‌م هـه‌ره‌س هێنانـه‌ بێگومـان ڕووده‌دات ئه‌گـه‌ر بناغه‌كه‌ ڕووكـه‌ش بێـت، واته‌ ڕاسته‌وخۆ له‌سه‌ر ڕووی زه‌وی بێت، و ئه‌گـه‌ر لـه‌ قووڵـایی سـه‌ر ڕووی زه‌وی‌دا بێـت ئـه‌وا تووشـی ئـه‌و هه‌ره‌سه‌ نابێت.

ووشـه‌ی (**شفا**) له‌ زمانه‌وانی‌دا بـه‌ واتـای (حافة): (لێوار) یان (قه‌راغ) دێت، و له‌ زانستی ئه‌ندازه‌یی‌دا مانـــای دروســـت بـــوونی كـــه‌لێن لـــه‌ نـــاو زه‌وی‌دا له‌ئـه‌نجامی بـاران و لافـاوی زۆره‌وه‌ ده‌گه‌یـه‌نێت، كـه‌ ئه‌مــه‌ش بێگومـان تێبینـی و ڕه‌چـاوی كاریگـه‌ریی (ئاو) له‌سه‌ر بناغه‌ و گڵی ژێر بناغه‌كه‌ش كراوه‌.

* ئـه‌م كه‌لێنانـه‌ش وورده‌ وورده‌ فـراوان ده‌بـن لـه‌ ئه‌نجامی ڕۆچوونی خاكه‌كه‌وه‌. كه‌ بێگومان ڕه‌چاوی شێـوه‌ی لاری چـاڵـه‌كـه‌ و پـلـه‌ی گـۆشــه‌ی لاری

چاڵەکەش دەکرێت لە چۆنێتی ڕۆچوونی گڵەکەدا، ئەم تێگەیشتنە ئەندازەیی‌یەش هاوشانی واتای ئایەتە پیرۆزەکەیە، بەم شێوەیە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لە هەرەس هێنانی گڵەکە، دەبێت دڵنیا بیت کە چاڵەکە لێواری هەیە و بناغەی بیناکەشی لەسەر دروست کراوە ...

* ووشەی (هارٍ) لە زمانەوانی‌دا بە واتای (ئەگەری داڕوخان) دێت، و لە ئەندازەییشدا واتە جۆرە خاکێکی فشەڵ کە خەریکە دارمێت، بۆیە دەبێت لێرەشدا ڕەچاوی جۆری خاکی ئەو زەوی‌یە بکرێت کە بینای لە سەر دروست دەکرێت، ئەم تێگەیشتنە ئەندازەیی‌یەش دووبارە هاوشانە لەگەڵ واتای ئایەتە پیرۆزەکەدا.

هەروەها لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی بە هەشت هۆکاری سەرەکی داوە کە گرنگن لە دروستکردنی بناغەی بیناکاندا، کە ئەمانەن:

١- جۆری قورسایی کاریگەر لەسەر بناغەکە.
٢- جۆری مادەی بیناکە.
٣- جۆری هەڵکەندنی بناغەکە (ڕووکەش بێت یان قوڵ).
٤- قوڵتر هەڵکەندنی بناغەکە لە ئاستی ڕووی زەوی‌یەوە.
٥- دووری هەڵکەندنی بناغەکە لە لێواری چاڵەکەوە.
٦- کاریگەریی ئاو لەسەر گڵی بناغەکە.
٧- گۆشەی لاریی لێواری چاڵەکە.
٨- جۆری ئەو خاکەی لە چاڵەکەدایە.

## تێگەیشتنی دووەم:

هەروەها لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەند ئاماژەیەکی ئەندازەیی تر بەرچاو دەکەوێت، ئەویش تێڕوانینە لە ووشەی (بِهِ) کە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا هاتووە، ئەمەش بەڵگەیەکی تەواو ئەدات بەدەستەوە لە جۆر و چۆنێتی هەرەسهێنانی بناغەی بیناکە (فَانهار بِهِ فـي نـار جهـنم)، و دیاریکردنی شوێنی هەرەس هێنانەکە، کە ئەمەش هەرەسی بناغەکەیە نەوەك بیناکە.

ئەگەر ئایەتە پیرۆزەکە بەم شێوەیە بهاتایە (فانهار في نـار جهـنم)، ئەو کاتە ڕاڤەی ئایەتەکە چەند واتایەکی تری ئەگەیاند، ئایا هەرەس لە کامیاندا؟ لە بناغەدا یان لە بیناکەدا...؟ چونکە ووشەی (إنهـار) پێویستی بە فاعلێکی (مفرد)، و (مذکر) هەیە، و هەریەکەش لە (الجرف) و(البنیان) مفرد و (مذکر)ن.

دەگونجێت لێرەدا پرسیار بکرێت: ئایا دەکرێت بناغە هەرەس بێنێت بە بێ هەرەسی بیناکە...؟ یان بیناکە هەرەس بێنێت بەبێ هەرەسی بناغەکەی؟

لە ڕووی ئەندازەیی‌یەوە دەکرێت بناغە هەرەس بێنێت بەبێ ئەوەی کاریگەریی خراپی هەبێت لەسەر بیناکە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی جۆری دیزاینی بناغەکە، وچونێتی جێبەجێکردنی جۆری بنچینەی بناغەکە و هەڵبژاردنی جۆری خاکی بناغەکەیە ...

هەروەها دەگونجێت بیناکەش هەرەس بێنێت بێ ئەوەی کاریگەریی خراپی هەبێت لەسەر بناغەکەی ...

## تێگەیشتنی سێهەم:

لەم ئایەتە پیرۆزەدا ﴿شفا جرفٍ هارٍ فانهار بِهِ في نار جهـنم﴾ ئەتوانین تێگەیشتنێکی تری ئەندازەیی وەربگرین، لە کاریگەریی شێوەی بینا و جۆری خاکەکەی ژێری لەسەر خێرایی هەرەس هێنانیان، هەروەها سێ هۆکاری کاریگەریش ڕوون دەکاتەوە لە خێرا کەوتنی تەنەکاندا:

### هۆکاری یەکەم: گۆشەی لاریی بناغە:

تاوەکو لارە گۆشەی بناغەکە زیاتر بێت ئەوا خێرایی هەرەس هێنانی بیناکە زیاتر دەبێت، و بە گەیشتنی گەورەترین خێرایی هەرەس هێنانی بیناکە لارە گۆشەی بناغەکە یەکسان دەبێت بە (٩٠)پلە لەگەڵ ئاستی ئاسۆیی ڕووی زەویدا... بەم شێوەیە

ووشه‌ی (**جرف**) له تێگه‌یشتنه ئه‌ندازه‌یی‌یه‌كه‌وه به واتای (بیر یان چاڵ) دێت، و له زانستی ڕووچێویی‌دا (طوبوغرافي) به واتای به‌رز ونزمی دێت.

ئه‌م لێكدانه‌وه ئه‌ندازه‌یی‌یه هاوشانی ئایه‌ته پیرۆزه‌كه‌یه، كه وێنه‌كه‌ی دێنێته به‌رچاومان له خێرایی و به‌هێزی هه‌ره‌س هێنان، و كه‌وتنه خواره‌وه‌ی دووڕووه‌كانه بۆ ناو ئاگری جه‌هه‌ننه‌م.

**هۆكاری دووه‌م**: جۆری خاك:

ئه‌گه‌ر خاكی ناو بناغه‌كه پته‌و نه‌بێت، و فشه‌ڵ بێت واته هێزی به‌رگه‌گرتن و هه‌ڵگرتنی قورسایی نه‌بێت له‌سه‌ری، ئه‌میش دووباره ده‌بێته هۆی خێرایی هه‌ره‌س هێنانی بناغه‌كه و بیناكه، به‌م شێوه‌یه ووشه‌ی (**هـ - - - ـار**) له تێگه‌یشتنه ئه‌ندازه‌یی‌یه‌كه‌وه به واتای جۆره خاكێك دێت كه ئاماده‌یه بۆ هه‌ره‌س هێنان له‌هه‌ر ئان و ساتێكدا، به‌ڵام هێشتا هه‌ره‌سی نه‌هێناوه، واته خاكێكی فشه‌ڵه، و نابێته هۆی جێگیر بوونی بناغه‌كه و بیناكه له‌سه‌ری، به پێچه‌وانه‌ی ئه‌و جۆره خاكانه‌ی كه شێوه‌كه‌یان جیاوازه وه‌ك گڵی به‌رده‌ڵان.

**هۆكاری سێهه‌م**: شوێنی هه‌ڵگرتنی ته‌نه‌كه:

واته ئه‌گه‌ر بینای سه‌ر بناغه‌كه نزیك بێت له لێواری چاڵه‌كه‌وه، ئه‌وا ئه‌و هه‌ره‌س هێنانه خێراتر ده‌بێت به هۆی نه‌گۆڕینی گۆشه‌ی لاریی بناغه‌كه‌وه، و ئه‌گه‌ر دووربێت له لێواری چاڵه‌كه‌وه ئه‌وا نابێته هۆی داڕووخانی لێواری چاڵه‌كه، و ووشه‌ی (**شفا**) له تێگه‌یشتنه ئه‌ندازه‌یی‌یه‌كه‌وه به‌م واتایه دێت ... پێكه‌وه هاتنی هه‌ر سێ ووشه‌ی (**شفا جرف هـار**) له ئایه‌ته پیرۆزه‌كه‌دا، واتا و وێنه‌یه‌كی هونه‌ری جوانمان نیشان ده‌دات به شێوه‌یه‌كی به‌رجه‌سته له واقیعدا ... و له‌م تێگه‌یشتنه ئه‌ندازه‌یی‌یانه له ئایه‌ته پیرۆزه‌كه‌دا پێده‌چێت توێژینه‌وه و لێكۆڵینه‌وه‌ی زیاتر هه‌بێت له‌سه‌ر جۆری میكانیكی خاك و بنچینه‌ی بناغه‌ی بیناكان، و دیاریكردنی به‌رگه‌گرتنی هێزی هه‌ره‌س هێنانیان، و كاریگه‌ریی‌یان له‌سه‌ر بینا دراوسێكانی ده‌وریانه‌وه.

## تێگه‌یشتنی چواره‌م:

له واتای ئه‌ندازه‌یی (**شفا جرفٍ**)، كه لێره‌دا باس له‌و خاكه‌ی لێواری ته‌نیشت بناغه‌كه ده‌كات كه تووشی ڕۆچوون و هوڵوه‌رین بووه له ئه‌نجامی لافاو و بارانی زۆر، كه نه‌بووه‌ته پاڵپشتێكی به‌هێز بۆ بناغه‌كه، ووردە ووردە داڕووخاوه و بووه به قوڕ و لیته.

له‌م تێگه‌یشتنه ئه‌ندازه‌یی‌یه‌شدا دووباره ده‌شێت توێژینه‌وه و لێكۆڵینه‌وه‌ی زیاتر بكرێت له هۆكاری دروست نه‌كردنی بناغه‌ی بیناكان له نزیك ئه‌و لێواره چاڵانه‌ی كه خه‌ریكه هه‌ره‌س دێنن، و هه‌روه‌ها له‌سه‌ر ئه‌و خاكانه‌ی كه گرفتاری داڕووخان بوون له ئه‌نجامی لافاو و باران بارینذا ...

له كۆتایی‌دا پێویسته ئه‌وه بڵێین ئه‌و تێگه‌یشتنه جیاوازانه‌ی كه له چوار خاڵی سه‌ره‌وه كۆمان كردبوونه‌وه له ئایه‌ته پیرۆزه‌كه‌دا، پێده‌چێت تێگه‌یشتنی تازه‌تریش بێته ئاراوه چ ئه‌ندازه‌یی بن، چ به‌ده‌ر له زانستی ئه‌ندازیاری، و ئایه‌ته پیرۆزه‌كه‌ش هه‌موو واتا و تێگه‌یشتنه‌كان له‌خۆ بگرێت.

كه ئه‌مه‌ش به‌ڕاستی له باڵا ده‌ستیی خوای گه‌وره، و دڵنیابوون له‌وه‌ی كه ئه‌م ووته پیرۆزانه هه‌موویان له لایه‌ن خوای گه‌وره‌وه به پێغه‌مبه‌ری ئازیزمان محمد (ﷺ) ڕاگه‌یه‌نراون هیچ ڕاڤه و بۆچوونێكی تر له خۆ ناگرێت ...

**سه‌رچاوه**: ئینته‌رنێت .....

# زانستی فیزیا لە خزمەتی ئیعجازدایە

## بەسەرهاتی موسڵمان بوونی لاوە زانایەکی ئۆکرانی

بە پێنووسی: ئەندازیار تاریق حەمامی
وەرگێڕانی بۆ کوردی: فارووق ڕەسووڵ یەحیا

نوێژخوێنانی مەڵبەندی ئیسلامیی شاری "کیف" لە ئۆکرانیا وا ڕاهاتوون کە یەك دوو هەفتە جارێ کەسێکی ئۆکرانی – ژن بێت یان پیاو – دێت و لە بەردەمی ئەواندا موسڵمان دەبێت.

بەڵام بەسەرهاتی موسڵمان بوونی کەسی ئەم جارەیان ئاسایی نەبوو.. دەبا بزانین چۆن؟

لاوی ئۆکرانی: "دیمیتری بۆلیاکۆف" کە پسپۆڕی بواری فیزیا و عەودالّی توێژینەوە زانستییەکانە، هاتە ناو مزگەوت و، دوای تەواوبوونی نوێژ لە تەنیشتی پێشنوێژی مزگەوتەکەوە دانیشت.

پێشەکی مامۆستای پێشنوێژ وتارێکی ئاراستەی ئامادەبووان کرد، تاکو سەرنجیان ڕابکێشێت و ڕێگا بۆ بابەتەکە خۆش بکات. ئنجا دوای چەند چرکەیەك "دیمیتری" لە دوای مامۆستای پێشنوێژەوە شایەتمانی: (أشهد ألا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله)ی دووپات کردەوە و، موسڵمان بوو.

بەڵام ئایا چی وای لەم ڕووداوە کردووە کە نائاسایی بێت؟ خۆ هەموو موسڵمان بوونێك هەر بەو جۆرەیە؟

"دیمیتری" خۆی وەڵام دەداتەوە.. ئەوەبوو گەشتی باوەڕهێنانەکەی بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە و، وتی: سەرەتای بەسەرهاتی ئەم موسڵمان بوونەی هۆکارێکی زانستی و فیزیایی بووە!

لێرەدا ئامادەبووان بە گرنگییەوە



گوێیان لێ ڕاگرت، تاکو بزانن چۆن زانستی فیزیك ئەم لاوە سوورباوە قژکاڵەی بەرەو ئیسلام ڕێنمایی کردووە؟

دیمیتری ڕوونی کردەوە کە لە تیمێکی توێژینەوەی زانستیدا کار دەکات کە تایبەتە بە بواری (فیزیای بۆشایی vaccum physics) بە سەرپەرشتیی پرۆفیسۆر (نیکۆلای کۆسینیکۆف) کە یەکێکە لە زانا هەڵکەوتووەکانی ئەم بوارە.

دیمیتری باسی لەوە کرد کە چەند "نموونە"یەکیان دروست کردووە و تاقیکردنەوەی لابۆرییان لەسەر ئەنجام داوە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە تیۆرێکی نوێ بۆ لێکدانەوەی خولانەوەی زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا. بەڵام دوای دەرەنجامەکان زانیی کە فەرموودەیەکی پێغەمبەری ئیسلام هەیە – دروودی خوای لەسەر بێت – هەموو موسڵمانان دەیزانن و لە ناوەڕۆکی باوەڕیانە و، جەخت



وێنەی دیمیتری بۆلیاکۆف
کە لە مزگەوتێکی ئۆکرانیا شایەتمان دەهێنێت

لەسەر دەرەنجامی ئەزموونگەیی ئەو تیۆرە دەکاتەوە و لەگەڵ پوختەکەیدا یەك دەگرێتەوە. ئیتر دڵنیا بوو لەوەی "زانراو"ێکی وەك ئەمە کە تەمەنی زیاد لە (١٤٠٠) ساڵە، تاکە سەرچاوەکەی دەبێ بەدیهێنەری گەردوون بێت!

ئەو تیۆرەی کە پرۆفیسۆر (کۆسینیکۆف) باسی دەکات بە نوێترین تیۆر دادەنرێت لە بواری لێکۆڵینەوە لە دیاردەی خولانەوەی زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا.



ئەم گرووپە یەکەم جار نموونەیەکیان ئامادە کرد، کە بریتی بوو لە تۆپێکی پڕ لە توخمی قەصدیری تواوە و لە بوارێکی موگناتیسیدا دانرا کە بە کرداری پێچەوانە بوونەوەی بارگەکان ئامادە کرابوو.. جا هەر هێندەی تەزووی کارەبای نەگۆڕ بە دوو جەمسەرە کارەباییەکەدا دەبرێت ئەوا بوارە موگناتیسییەکە پێکدێت و، تۆپە پڕ لە قەصدیرە تواوەکەش دەکەوێتە خولانەوە بە دەوری تەوەرەکەی خۆیدا. ئەم دیاردەیەش ناونراوە بە: "کرداری تەواوکاریی ئەلیکترۆماگنۆدینامیکی" کە بە شێوە گشتییەکەی لاسایی کردنەوەیە بۆ پرۆسەی خولانەوەی زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا و، لە جیهانی ڕاستەقینەماندا وزەی خۆر دەبێت بە هێزی بزوێنەر. ئەوەتا وزەی خۆر بوارێکی موگناتیسیی ئەوتۆ بەرهەم دەهێنێت کە زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا دەخولێنێتەوە. خێرایی و سستیی ئەم خولانەوەیەی زەویش هاوڕێژەیە لەگەڵ ڕادەی چڕیی وزەی خۆردا و، بار و ئاراستەی جەمسەری باکووری گۆی زەویش پشت بەو چڕییە دەبەستێ.

تێبینی کراوە کە جەمسەری موگناتیسیی زەوی هەتا ساڵی (١٩٧٠) بە خێراییەك دەجووڵا کە لە (١٠کم) لە ساڵێکدا زیاتر نەبوو. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا خێراییەکەی زیادی کرد هەتا گەیشتە (٤٠کم) لە ساڵێکدا. تەنانەت ساڵی (٢٠٠١) جەمسەری موگناتیسیی زەوی بۆ یەك جار (٢٠٠کم) دوور کەوتەوە. ئەمەش تێمان دەگەیەنێت کە لە ژێر کاریگەریی ئەم هێزە موگناتیسییانەدا هەردوو جەمسەری موگناتیسیی زەوی شوێنەکانیان دەگۆڕنەوە. کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گۆی زەوی ئەو کاتە بە ئاراستەی پێچەوانەی ئێستایدا دەخولێتەوە و، خۆر لە خۆرئاوە هەڵدێت!

"دیمیتری" ئەم زانیاریانەی لە هیچ کتێبێکدا نەخوێندووەتەوە و پێشتریش لە کەسی نەبیستووە. بەڵکو بە دەستەکانی خۆی و لە ڕێی توێژینەوە و تاقیکردنەوە و ئەزموونەوە پێی گەیشتووە.

ئنجا دوای گەیشتن بەم دەرەنجامە، لەناو کتێبە ئاسمانییەکان و ئایینە جیاجیاکاندا کە بۆ باسی ئەمە گەڕا، هیچ شتێکی نەبینی ئاماژەی بۆ باسی ئەمە کردبێت، جگە لە ئایینی ئیسلام. چونکە بە خزمەتی ئەو فەرموودەیە گەیشت کە ئیمامی موسلیم لە ئەبوو هورەیرەوە – خوای لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە کە: پێغەمبەر – دروودی خوای لەسەر بێت – فەرموویەتی: (مَنْ تابَ قبلَ أنْ تطلعَ الشمسُ مِن مغربِها تابَ اللهُ عليه). واتە: (هەرکەسێك، پێش ئەوەی خۆر لە خۆرئاواوە هەڵبێت، تۆبە بکات خوای گەورە تۆبەکەی لێ قبووڵ دەکات).

دوای ئەوەی کە بە خزمەتی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری ئیسلام گەیشت، تەنها هێندە لە نێوان دیمیتری و موسڵمان بوونیدا مابوو کە شایەتمان بهێنێت، کە هەروەهاشی کرد!

دیارە ئەم تیۆرەی کە بە تاقیکردنەوە بۆی سەلما، نیشانەیەك بوو خوای گەورە پیشانی دیمیتریی دا تاکو ڕێنمایی بکات بۆ ڕێی ئایینی ئیسلام، کە لە دواییدا پێی بەهرەمەند بوو، ئێستا دیمیتری سەرچاوەیەکی بەخوڕی لە بەردەستدایە کە لێی هەڵدەگۆزێ و بە گیان و ژیریی خۆی لێی دەنۆشی.

دیمیتری دوای موسڵمان بوونی، لەو مەڵبەندە ئیسلامییە دانەبڕا، بەڵکو هاتوچۆی بۆ ئەوێ هەر بەردەوامە. نامەیەکی دوکتۆراشی لە بەردەستدایە کە دەیەوێ تەواوی بکات، بەڵام بە گیانێکی نوێ، کە گیانی زانای فیزیایی موسڵمانە.. کە لەناو تاقیگەکەیدا پەی بە مەزنیی بەدیهێنەر دەبات و، تەسبیحات و سوپاسگوزاریی پێشکەش دەکات.

**سەرچاوە**: پێگەی: (www.55a.net)
ئەویش لە: پێگەی (مرکز الرائد للخدمات الإعلامية – ئۆکرانیا): www. Arraid.org

# ئیسلام بوونی مێرووزانێکی ئەمەریکی

**ئامادەکردنی: باوکی هاوکار**

لێکۆڵەرەوە و مێرووزانی بەناوبانگی ئەمەریکی (جۆن سەن بایەر) گەنجێکی خوێن گەرم و زانایەکی بلیمەتە لە بواری مێرووزانی‌دا، هەر بە موسڵمان بوونی یەکسەر ناوی خۆی دەگۆڕێت بە (یەحیا)، یەحیا باسی چۆنێتی ئیسلام بوونی خۆی دەکات و دەڵێت: بۆ ماوەی دوو ساڵ بە ئیشوکاری ڕەسمی لە (میسر) مامەوە و لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا لە نزیکەوە و بە ووردی سەرنجی ژیانی کۆمەڵایەتی و گوزەران و هەڵسوکەوتی خەڵکی میسرم دەدا، و لەو ماوەیەدا بۆم دەرکەوت کە پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان لەو وولاتەدا زۆر بەتینە، بە جۆرێك کە ڕێز و خۆشەویستی و گیانی هاوکاری و هاریکاری باڵی کێشاوە بەسەر خەڵکی‌دا، ئەمە جگە لە پەیوەندی‌یە خێزانی‌یەکان کە لە لوتکەی جوانی و بەرزی‌دایە، بەجۆرێکی وا کە نموونەیان نی‌یە لە کۆمەڵگای ئەمەریکی‌دا، و من خۆشم هەستم بەوپەڕی ئاسودەیی و کامەرانی و دڵشادی دەکرد، من لەو میانانەدا بۆم دەرکەوت کە هۆی ئەو ژیانە ئاسودەیی‌یەیان ئەوەیە کە ئەوان پابەندن بە یاسا و ڕێوشوێنە ئیسلامی‌یەکانەوە و تەنها ئاینی ئیسلامە کە هەڵیان بنێت بۆ ئاوا ڕەفتارێك.

ئینجا دەڵێت: من لەو دوو ساڵەدا و لە میانەی ئیشەکەم و هەڵسوکەوتم لەگەڵ زاناکانیاندا بۆم دەرکەوت کە زۆر ئاماژەی زانستی لە قورئاندا هەیە و بە تایبەتی لە بواری مێرووزانی‌دا کە خۆم تێیدا پسپۆڕم، هەروەها دەڵێت: ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام ئەو دڵسۆزی و گورجوگۆڵی و ڕاستی‌یەتیە بوو کە تیایاندا بەدیم دەکرد، ڕۆژانە بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژ بەڕۆژوو دەبوون و کار و فرمانی خۆشیان ئەنجامدەدا، بەبێ ئەوەی ماندوو بوون و بێتاقەتی‌یان پێوە دیاربێت، ئێوارانیش پاش ڕۆژوو شکاندن دەستیان دەکرد بە نوێژی تەراویح، منیش هەرچەندە زمانی عەرەبیم نەدەزانی بەڵام بەهۆی هاوڕێکانمەوە کتێبی ئینگلزیم دەستدەکەوت کە بەهۆیانەوە باش لە ئیسلام گەیشتم و بە قەناعەتی تەواوی خۆمەوە موسوڵمان بووم، و بڕواشم وایە کە ئیسلام ئاین و ڕژێمێکی وایە کە ئەرك و مافەکانی هەموو تاکێکی تێدا پارێزراوە.

(بایەر) پەیمان دەدات کە ئەو ئیسلامە بگەیەنێت بە هاو-زمانەکانی خۆی لە ئەمەریکا، بەڵێ ئا بەو جۆرە گەڕانەوە بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئاینی فیترەتی پاکی مرۆڤایەتی لە ناوەندە زانستی‌یەکانەوە دەستپێدەکات، ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسیش (جاك بیرك) لە میانەی ووتارێکی‌دا بە ناوی (تێکەڵی‌یەك لە نێوان داهێنراوە نوێ‌یەکان و شارستانی -یەتدا) کە لە کوەیت پێشکەشی کردبوو دەڵێت: (ئاینی ئیسلام ئاینی دوارۆژی مرۆڤایەتی دەبێت، چونکە موسڵمانەکان توانایی‌یەکی وایان هەیە کە ببنە خاوەنی شارستانیەکی وا کە جێگای ئەم شارستانی‌یە مادیەی ئێستا بگرێتەوە، و ئەوان خاوەنی هێزێکی رووحی و گیانی مەزن، و کەلەپورێکی ڕەسەنن).

**سەرچاوە**: گۆڤاری (التربیة الاسلامیة)/ ژمارە (١٠ – ١٩٨٦) و ژمارە (٩ – ١٩٨٩).



# سەرنج و تێبینییەکانتان

بسم الله الرحمن الرحيم

**خوێنەرانی خۆشەویست......**

شادومانین بە گەیشتنەوەمان پێتان لەم ژمارە نوێیەی گۆڤارەکەتاندا، وەك هەمیشە هاوکاری لە بەڕێزتانەوە چەندین نامە و بابەتی جۆرا وجۆری ترمان بەدەست گەیشت، فەرموون بەڕێزتان و وەڵامی نامەکانی ئەم جارەمان:

– سوپاسی ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە دەکەین کە بە بابەت بەشداری ئەم ژمارەیەی (هەیڤ)یان کرد:

* ئەندازیار شاهۆ رشید/ سلێمانی.
* عبدالقادر علی/ سلێمانی.
* سۆزان حسین یاروەیس / سلێمانی.
* ئاودێر پێنجوێنی/ سلێمانی.
* ئەنوەر فەتاح محمد/ سلێمانی.
* دایکی لانە/ سلێمانی.

* لەلایەن بەڕێز/ هیدایەت حسێن کریم بابەتێکمان پێگەیشتووە، چاوەڕوانی وەڵام بێ لە ژمارەکانی داهاتوودا.

* لەلایەن بەڕێزێکەوە (کە ناوی خۆی نەنووسیوە) نامەیەکمان بەدەست گەیشتووە، کە دەپرسێت دەربارەی هەندێك بابەت کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا تاووتوێ دەکرێن و زۆر جار وەك هۆکارێکی دژایەتی کردنی ئیسلام و قورئان بەکار دەهێنرێن، لەوانە بابەتەکانی: کۆپی کردنی مرۆڤ، ژیان لە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر، گۆڕینەوەی جینەکان لە نێوان زیندەوەرەکاندا و ..... هتد، بە پشتیوانی خودا بەڵێن بەم بەڕێزە دەدەین کە لە ژمارەکانی داهاتوودا بەپێی توانا لەسەر ئەم بابەتانە بدوێین و راستییەکانیان روون بکەینەوە بە بەراورد بە دەقەکانی قورئان و سوننەتی پیرۆز.

– دەرگای گۆڤارەکەتان هەمیشە کراوەیە بۆ پێشوازی بابەت و سەرنج و تێبینی هەموو لایەك.

خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن بەم ڕێگایانە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

١– راستەوخۆ بابەتەکانیان بگەیەننە نووسینگەی سەرەکی ناوەند لە سلێمانی/ فولکەی (سجن).

٢– دەتوانن بەدەستیی نامەکانیان بگەیەننە ئەندامانی دەستەی باڵای ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.

**و السلام عليكم و رحمة الله و بركاته**

هەیڤ

# موعجیزەی ئیسرا و میعراج






نووسین و ئامادەكردنی:
د. كاوە فەرەج سەعدون



الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم .....

ئـەم موعجیزەیـە بریتی‌یـە لـە یـەكێك لـە مـوعجیزە گـەورەكانی ژیانی پێغەمبەر (علیـه الصـلاة والسـلام)، كـە لـە دوو بـەش پێك هاتووە: (الإسراء) واتـە شـەوڕەوی كردن كە تێ‌یدا پێغەمبەر (علیـه الصلاة والسـلام) خوای گەورە لە بەشێكی شەودا لە شاری مەككەی پیرۆزەوە گەیاندی‌یە شاری (قودس)ی پیرۆز، و بەشی دووەمی موعجیزەكە بریتی‌یە لە (المعراج) واتە بەرزبوونەوە كە خوای گەورە لە شاری (قودس)ەوە پێغەمبەری (ﷺ) بەرز كردەوە بۆ ئاسمانەكان و پاشان گەیشتە لای پەروەردگار و گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵ كرد، لەبەر گرنگی ئەم موعجیزەیە و بەناوبانگ بوونی لەنێوان موسوڵمانان‌دا و بەرز ڕاگرتنی پێم باش بوو ئەم جارە كەمێك لەسەری بنووسم لەژێر ڕۆشنایی ئایەتەكانی قورئان و فەرموودە (صحیح)ەكاندا.

ئەم موعجیزە گەورەیە لە ساڵی (١١)ی پێغەمبەرایەتی‌دا ڕووی‌دا {هەندێك لە زانایان دەڵێن لە پێش كۆچ كردن بە ساڵێك بوو و پێغەمبەر (ﷺ) تەمەنی (٥٢)ساڵ بوو}، جیاوازی‌یەكی زۆر هەیە لە نێوان زانایاندا لەسەر دیاری كردنی ئەو شەوەی ئەم موعجیزەیە

تێیدا روویدا، بەڵام ئەوەی بەناوبانگە ئەوەیە کە لە شەوی ٢٧ی مانگی (رەجەب)دا روویداوە.

## ئایەتەکانی قورئان دەربارەی ئەم موعجیزەیە:

- ﴿سبحانَ الذي أسرى بعبدِه ليلاً من المسجدِ الحرامِ إلى المسجدِ الأقصى الذي باركْنا حولَه لنريَه من آياتِنا إنه هو السميع البصير﴾ (الإسراء:١). واتە: پاك و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەی کە شەوڕەوی کرد لە بەشێکی کەمی شەودا بە بەندەی خۆی (محمد ﷺ) لە مزگەوتی حەرام (کەعبەی پیرۆزەوە) بۆ مزگەوتی (الأقصى) لە (بيت المقدس) کە دەوروبەریمان پیرۆز و پڕ بە بەرەکەت کردووە، تا هەندێك نیشانە و بەڵگەی دەسەڵاتداری و توانای خۆمانی نیشان بدەین، بە ڕاستی ئەو زاتە بیسەر و بینایە.

- ﴿والنجمِ إذا هوى {١} ما ضل صاحِبكُم وما غَوى {٢} وما ينطِق عن الهوى {٣} إنْ هو إلا وحي يوحى {٤} علمه شديد القُوى {٥} ذُو مِرةٍ فَاستوى {٦} وهو بالأفُق الأعلى {٧} ثُم دنا فَتدلى {٨} فَكانَ قَابَ قَوسين أو أدنى {٩} فَأوحى إلى عبدِه ما أوحى {١٠} ما كذَب الفُؤاد ما رأى {١١} أفَتمارونه على ما يرى {١٢} ولقد رآه نزلةً أخرى {١٣} عِند سِدرةِ المنتهى {١٤} عِندها جنةُ المأوى {١٥} إذْ يغشى السدرةَ ما يغشى {١٦} ما زاغَ البصر وما طغى {١٧} لقد رأى من آياتِ ربه الكُبرى {١٨}﴾ (النجم).

واتە: سوێند بە ئەستێرە کاتێك لە شوێنی خۆی دەترازێت و بە خێرایی بەردەبێتەوە و ئاوا دەبێت، هاوەڵ و هاوڕێی ئێوە (محمد ﷺ) گومڕا و سەر لێشێواو نەبووە و لە ڕێگەی ڕاست نەترازاوە.

قسە و گوفتاریشی بە گشتی (و ئەوەی کە قورئانە) لە ئارەزوو و هەوا و هەوەسەوە نایڵێت، ئەوەی کە رای دەگەیەنێت تەنها نیگا و وەحی خودایییە، جوبرائیلی فریشتە خاوەنی هێز و توانایی زۆر قورئانی فێر کردووە، ئەو جوبرائیلەی کە خاوەنی بیر و هۆشێکی زۆر بەهێز و دیمەنێکی جوان بوو و ئینجا لەسەر شێوە راستەقینەکەی خۆی وەستا، لە کاتێکدا لە ئاسۆی هەرە بەرز و بڵندەوە سەری هەڵدا بوو و ئاسۆی پڕ کردبوو،لەوەودوا (جوبرائیل) تا دەهات نزیك دەبووەوە و سەرەنجام هاتە خوارەوە بۆلای پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)، ئەوەندە لێی نزیك بووەوە نێوانیان بە قەدەر دوو کەوان یان کەمتریش بوو.

ئینجا خوا لە ڕێگەی ئەوەوە نیگای کرد بۆ بەندەی خۆی و ئای چ نیگایەك بوو!؟، ئەوسا ئەوەی کە بە چاوی سەری بینی لە ناخ و دەروونییەوە بڕوای پێی هەبوو و ناخ و دەروونی ڕاستییەکانی بە درۆ نەدەزانی، جا ئایا ڕاستە؟ ئێوە موجادەلەی لەگەڵدا دەکەن لەسەر شتێك کە ئەو دڵنیایە لە دیتنی؟ سوێند بەخوا بێگومان جارێکی تریش لە دابەزینێکی تردا جوبرەئیلی بینیوە (کاتێك هاتووە بیبات بۆ شەوڕەوی)، ئەویش لە کاتێکدا لە (سدرة المنتهى)دا بوو، کە لەوێدا بەهەشتی (مأوى) هەیە (بە واتای لانە و جێگەی حەوانەوە)، کاتێك ئەوەی (سدرة)ی داپۆشی مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت کێن و چین و کاریان چییە..؟، جا بینینی ئەو بەدیهێنراوانە لەو شەوەدا وەنەبێت چاوبەست لە پێغەمبەر کرابێت و چاوی لێی لادا بێت بە ڕاست و چەپدا، بێگومان پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) لەو شەوەدا لە بەڵگە و نیشانە و موعجیزە گەورەکانی پەروەردگاری بینیوە بە چاوی سەری، بە هەموو هەستی ....

- ﴿إنه لقولُ رسولٍ كريمٍ {١٩} ذِي قُوةٍ عِند ذِي العرش مكِين {٢٠} مطَاعٍ ثَم أمِين {٢١} وما صاحِبكُم بِمجنون {٢٢} ولقد رآه بِالأفُق المبِين {٢٣} وما هو على الغيبِ بِضنِين {٢٤}﴾ (التكوير). واتە: سوێندبێ بەڕاستی و بێ دوودڵی ئەم قورئانە لە زاری نێردراوێکی بەڕێزەوەیە

(کە جوبرائیلە)، خاوەنی هێز و دەسەڵاتە و لای خاوەنی عەرش فریشتەیەکی پایەدارە، فەرمانڕەوایە لەوێ و هەروەها ئەمین دڵسۆزە لە کارەکانیدا.

دڵنیابن کە هاوڕێکەتان (محمد ﷺ) شێت نییە و لە کەماڵی ژیریی‌دایە، بێگومان محمد (ﷺ) جوبرائیلی بینی لە ئاسۆی ئاشکرا و روونکەرەوەدا، هەرچی پێ‌دەگات لە جیهانی نهێنی و شاراوەکانەوە لێتان ناشارێتەوە و راستیتان پێ‌رادەگەیەنێت چونکە هەرگیز لە گەیاندنی پەیامەکەی‌دا رژد و رەزیل نییە.

لە ئایەتەکانی سوورەتی (النجم)دا خوای گەورە رێزێکی گەورەی لە پێغەمبەرەکەی ناوە، چونکە خوای گەورە سیفاتەکانی پێغەمبەری (ﷺ) بە دوور گرتووە لەمانە:

١- عیلم و زانیاری‌یەکانی بەدوور گرتووە لە گومڕایی و هەڵە ﴿ما ضل صاحِبكُم﴾.

٢- کارەکانی پاراستووە لە سەرلێشێواوی و لەخشتە بردن ﴿وما غَوى﴾.

٣- زمان و ووتەکانی پاراستووە لە شوێن هەوا و ئارەزوو کەوتن و درۆ ﴿وما ينطِق عنِ الهوى﴾.

٤- دڵ و دەروونی بەدوور گرتووە لە باوەڕ نەبوون و بەدرۆ خستنەوە ﴿ما كذَب الفُؤاد ما رأى﴾.

٥- چاو و بینینی پاراستووە لە چاوبەست و لادان بەلای راست و چەپدا ﴿ما زاغَ البصر﴾.

٦- هەروەها پاراستوویەتی لە زوڵم و ستەم و لەسنوور دەرچوون ﴿وما طغى﴾.

خوای گەورە تەئکیدی لەسەر ئەم شتانە کردووەتەوە بەوەی لە سەرەتادا سوێندیشی لەسەر خواردووە، کە بێگومان ئەمە ستایشێکی گەورەیە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی (**عليه الصلاة والسلام**)، کە خۆی لە جوانترین شێوە و بەرزترین دەربڕیندا دەبینێتەوە.

## فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و باس کردنی خۆی دەربارەی ئەم موعجیزەیە :

- عَن أَنَس بن مالك (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ﴿**أُتيت بالبراق -و هو دابة أبيض طَويل فَوق الحِمار و دون البغل يضع حافِره عِند منتهى طَرفه- قالَ فَركِبته حتى أتيت بيت المقدس، قالَ: فَربطْته بِالحَلَقة التي يربط فِيها الأنِبياء، قالَ: ثُم دخلْت المَسجِد، فَصليت فِيه ركْعتين، ثُم خرجت فَجاءَني جِبريل (عليه السلام) بِإناءٍ مِن خمر، و إناءٍ مِن لَبن، فَاخترت اللبن، فقالَ جِبريل: إخترت الفِطْرة**﴾ فَذكَر الحديث. رواه مسلم.

واتە: (ئەنەسی کوڕی مالیك) کە هاوەڵێکی پێغەمبەر بووە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لە شەوی ئیسرادا (بوراق)یان بۆ هێنام (کە ئاژەڵێکی سپی درێژە و لە گوێ‌درێژ گەورەترە و لە هێستر بچووکترە، بازەکانی بە ئەندازەی دوورترین شوێنی بینینی چاوێتی) فەرمووی: سواری بووم و چووم بۆ (بيت المقدس)، و لەوێ بەستمەوە بەو ئەڵقەیەوە کە پێغەمبەران دەیبەستنەوە پێوەی، فەرمووی: پاشان چوومە ناو مزگەوتەکەوە (واتە مزگەوتی الأقصى)، و دوو رکەعات نوێژم لێ‌کرد، و پاشان هاتمە دەرەوە و ئەوەبوو (جوبرائیل) دەفرێك لە مەی لەگەڵ دەفرێك لە شیری بۆ هێنام، منیش شیرەکەم هەڵبژارد و خواردمەوە، جوبرائیل ووتی: تۆ فیطرەتت هەڵبژارد (واتە رێگای راست کە ئیسلامە). و پاشان (ئەنەس) فەرموودەکەی بە درێژی باس کرد.

- عن مالك بن صعصعة (رضي الله عنه) أن نَبي الله (ﷺ) حدَّثهُم عن ليلة أُسرِيَ بِه قال: ﴿**بينما أنا فِي الحطيم** -وَ رُبَّما قالَ في الحِجر- **مضطَجِعاً إذ أتاني آت فَقَد** -قالَ: وَ سَمِعْته يَقول-: **فَشق ما بين هذه إلى هذه**﴾ فقلت (أحد الرواة) للجارود، وهو الى جنبي ما يعني به؟ قال: من ثُغْرة نَحْره إلى شِعرته -و سمته يقول من قَصه إلى شعرته- ﴿**فاستخرج قَلبي، ثُم أُتيت بِطِست من ذَهب مملوءَة إيماناً، فَغسل قلبي، ثُم حشِي ثُم أُعيد، ثُم أُتيت بدابة دون البغل و فَوق الحِمار أبيض**﴾ فقال له الجارود: هو البراق يا أبا حمزة؟ قالَ أنس: نعم.

﴾يضع خطوه عِند أقصى طَرفه، فَحمِلْت عليه، فانطَلَق بي جِبريل حتى أتى السماء الدنيا، فاستفْتح. فقيلَ: من هذا؟ قالَ: جِبريل، قِيلَ: و من معك؟ قالَ: محمد، قِيل: وقَد أرسِلَ إليه؟ قالَ: نعم، قيلَ: مرحباً بِهِ فَنِعم المَجيء جاء، ففتح، فَلما خلصت فَإذا فيها آدم، فَقال: هذا أبوك آدم فَسلم عليه، فَسلمت علَيه، فَرد السلام ثُم قال: مرحباً بِالإبن الصالِح، و النبي الصالِح.

ثُم صعد بي حتى أتى السماء الثانية، فاستفْتح، قيلَ: من هذا؟ قالَ: جِبريل، قِيلَ: و من معك؟ قالَ: محمد، قِيل: وقَد أرسِلَ إليه؟ قالَ: نعم، قيلَ: مرحباً بِهِ، فَنِعم المجيء جاء، ففتح، فَلما خلصت إذا يحيى و عِيسى و هما ابنا خالة، قال: هذا يحيى و عِيسى فَسلم علَيهما، فَسلمت، فَردا ثُم قالا: مرحباً بِالأخ الصالِح، و النبي الصالِح.

ثُم صعد بي إلى السماء الثّالثة، فاستفْتح، قيلَ: من هذا؟ قالَ: جِبريل، قِيلَ: و من معك؟ قالَ: محمد، قِيل: وقَد أرسِلَ إليه؟ قالَ: نعم، قيلَ: مرحباً بِهِ، فَنِعم المجيء جاء، ففتح، فَلما خلصت إذا يوسف (وفي رواية: وإذا هو قد أعطِي شطْر الحُسن)، قال: هذا يوسف فَسلم علَيهِ، فَسلمت علَيه، فَرد ثُم قال: مرحباً بِالأخ الصالِح، و النبي الصالِح. ثُم صعد بي حتى أتى السماء الرابعة، فاستفْتح، قيلَ: من هذا؟ قالَ: جِبريل، قِيلَ: و من معك؟ قالَ: محمد، قِيل: أو قَد أرسِلَ إليه؟ قالَ: نعم، قيلَ: مرحباً بِهِ، فَنِعم المجيء جاء، ففتح، فَلما خلصت إذا إدريس، قال: هذا إدريس فَسلم علَيهِ، فَسلمت علَيه، فَرد ثُم قال: مرحباً بِالأخ الصالِح، و النبي الصالِح. ثُم صعد بي حتى أتى السماء الخامِسة، فاستفْتح، قيلَ: من هذا؟ قالَ: جِبريل، قِيلَ: و من معك؟ قالَ: محمد (ﷺ)، قِيل: و قَد أرسِلَ إليه؟ قالَ: نعم، قيلَ: مرحباً بِهِ، فَنِعم المجيء جاء، فَلما خلصت فإذا هارون، قال: هذا هارون فَسلم علَيهِ، فَسلمت، فَرد ثُم قال: مرحباً بِالأخ الصالِح، و النبي الصالِح.

ثُم صعد بي حتى أتى السماء السادِسة، فاستفْتح، قيلَ: من هذا؟ قالَ: جِبريل، قِيلَ: و من معك؟ قالَ: محمد، قِيل: و قَد أرسِلَ إليه؟ قالَ: نعم، قيلَ: مرحباً بِهِ، فَنِعم المجيء جاء، فَلما خلصت فإذا موسى، قال: هذا موسى فَسلم علَيهِ، فَسلمت علَيه، فَرد ثُم قال: مرحباً بِالأخ الصالِح، و النبي الصالِح، فَلما تجاوزت بكى، قِيلَ: ما يبكيك؟ قالَ: أبكي لإن غُلاماً بعِثَ بعدي يدخل الجَنة مِن أمتِه أكْثَر مِمن يدخلُها من أمتي. ثُم صعد بي ألى السماء السابِعة، فاستفْتح جِبريل، قيلَ: من هذا؟ قالَ: جِبريل، قِيلَ: و من معك؟ قالَ: محمد، قِيل: و قَد بعِثَ إليه؟ قالَ: نعم، قيلَ: مرحباً بِهِ، ونِعم المجيء جاء، فَلما خلصت فإذا إبراهيم (وفي رواية: وإذا هو مستنِد الى البيت المَعمور، وإذا هو يدخلُه كُل يوم سبعونَ ألف ملَك، ثُم لا يعودونَ إلَيه) ، قال: هذا أبوك، فَسلم علَيهِ، فَسلمت علَيه، فَرد السلام، ثُم قال: مرحباً بِالإبن الصالِح، و النبي الصالِح.

ثُم رفِعت لي سِدرة المُنتهى، فَإذا نبقُها مِثْل قِلال هجر وإذا ورقُها مِثْلَ آذان الفِيلة، قالَ: هذه سِدرة المُنتهى وإذا أربعة أنهار: نهران باطِنان، ونهران ظاهِران، فَقلت: ما هذان يا جِبريل؟ قالَ: أما الباطِنان فَنهران في الجَنة، و أما الظاهِران فالنيل والفرات، (وفي رواية: فَإذا هو بِنهر آخر علَيه قَصر مِن لُؤلؤ و زبرجد، فَضرب يده فَإذا هو مِسك أذْفَر، فَقال: ما هذا يا جِبريل؟ قالَ: هذا الكَوثَر الذي خبأ لَك ربك).

ثُم رفِع لي البيت المَعمور، ثُم أتيت بِإناء مِن خمر، وإناء مِن لَبن، وإناء مِن عسل، فَأخذْت اللبن فَقال: هِي الفِطْرة التي أنت علَيها وأمتك، (وفي رواية: ثُم علا بِه فَوق ذلك، بما لا يعلمه إلاّ اللهُ – عز وجل- حتى جاءَ سِدرة المنتهى، ودنا رب العِزةِ فَتدلّى، حتى كان مِنه قاب قَوسينِ أو أدنى) ثُم فُرِضت علَي خمسين صلاة كُل يومفَرجت فَمررت على موسى، فقالَ: بِم أمِرت؟ قالَ: أمِرت بِخمسين صلاة كُل يوم، قال: إن أمتك لا تستطيع خمسين صلاة كُل يوم وإني والله قَد جربت الناس قَبلَك، وعالَجت بني إسرائيل أشد المُعالَجة، فَارجِع الى ربك فَاسأله التخفيف لأمتِك، فَرجعت، فَوضع عني عشراً، فَرجعت الى موسى فَقال مِثْلَه، فَرجعت فَوضع عني عشراً، فَرجعت الى موسى فَقال مِثْلَه، فَرجعت فَوضع عني عشراً، فَرجعت الى موسى فَقال مِثْلَه، فَرجعت فَأمِرت بِعشر صلوات كُل يوم، فَرجعت فَقال مِثْلَه، فَرجعت فَأمِرت بِخمس صلوات كُل يوم، فَرجعت الى موسى، فقال: بِم

أمِرت؟ قالَ: أمِرت بخمس صلوات كُل يوم، قال: إن أمتك لا تستطيع خمس صلوات كُل يوم، وإني قَد جربت الناس قَبلك، وعالجت بني إسرائيل أشد المُعالجة، فَارجِع الى ربك فَاسأله التخفيف لأمتِك، قال: سألت ربي حتى استحييت ولكن أرضى وأسلم، قال: فَلَما جاوزت نادى منادٍ: أمضيت فَريضتي وخففْت عن عِبادي﴾ رواه البخاري.

واتە: (مالیکی کوڕی صەعصەعە) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئەو شەوەی بۆ کردن کە شەوڕەوی پێکرا و فەرمووی: کاتێك کە من لەلای کەعبەوە راکشابووم، لەو کاتەدا (جوبرائیل) هات بۆ لام و سنگی هەڵدڕیم (لە گێڕەرەوەی فەرموودەکەیان پرسی: کوێی بوو، ووتی لە خوار ملی‌یەوە تا خوارووی سکی)، پاشان دڵی دەرهێنام و لەو کاتەدا تەشتێکی ئاڵتوونی‌یان هێنا کە پڕبوو لە ئیمان و باوەڕ و دڵمیان پێشۆرد، و پاشان پڕیان کرد لە باوەڕ و گێڕایانەوە بۆ ناو سنگم.

دوایی ئاژەڵێکیان بۆ هێنام کە لە هێستر بچووکتر بوو و لە گوێدرێژ گەورەتر بوو (لە گێڕەرەوەکەیان پرسی: ئەو ئاژەڵە (بوراق) بوو؟ ئەویش ووتی: بەڵێ)، کە ئەم ئاژەڵە کاتێك باز دەدات پێی دەگاتە دوورترین شوێنێك کە چاوی دەیبینێت، ئەوەبوو سواری ئەم ئاژەڵە کرام، و پاشان (جوبرائیل) بردمی لەگەڵی‌دا سەرکەوتم تا گەیشتینە ئاسمانی دونیا، و جوبرائیل داوای چوونە ژوورەوەی کرد، لێیان پرسی: کێیە، ئەویش ووتی: جوبرائیلم، پاشان ووتیان: ئەی ئەوە کێیە لەگەڵت؟ ئەویش ووتی: موحەممەدە، ووتیان: بووە بە پێغەمبەر، ووتی: بەڵێ، ووتیان: یاخوا بەخێربێت بەڕاستی نموونەی میوانی چاکە کە هاتووەتە لامان، ئەوەبوو بۆمان کرایەوە، و کاتێك بەناوی‌دا رۆیشتین بینیم (ئادەم)ی لێیە، جوبرائیل ووتی: ئەمە (ئادەم)ی باوکتە تۆش سەلامی لێبکە، منیش سەلامم لێکرد، و ئەویش وەڵامی دایەوە و ووتی: یاخوا بەخێربێیت ئەی کوڕی چاك و پێغەمبەری چاك.

پاشان (جوبرائیل) بردمی لەگەڵی‌دا سەرکەوتم تا گەیشتینە ئاسمانی دووەم، و جوبرائیل داوای چوونە ژوورەوەی کرد، لێیان پرسی: کێیە، ئەویش ووتی: جوبرائیلم، پاشان ووتیان: ئەی ئەوە کێیە لەگەڵت؟ ئەویش ووتی: موحەممەدە، ووتیان: بووە بە پێغەمبەر، ووتی: بەڵێ، ووتیان: یاخوا بەخێربێت بەڕاستی نموونەی میوانی چاکە کە هاتووەتە لامان، ئەوەبوو بۆمان کرایەوە، و کاتێك بەناوی‌دا رۆیشتین بینیم (یەحیا و عیسی)ی لێیە کە پوورزای یەکتری بوون، جوبرائیل ووتی: ئەمانە (یەحیا و عیسا) تۆش سەلامیان لێبکە، منیش سەلامم لێکردن، و ئەوانیش وەڵامیان دایەوە و ووتیان: یاخوا بەخێر بێیت ئەی برای چاك و پێغەمبەری چاك.

پاشان (جوبرائیل) بردمی لەگەڵی‌دا سەرکەوتم تا گەیشتینە ئاسمانی سێیەم، و جوبرائیل داوای چوونە ژوورەوەی کرد، لێیان پرسی: کێیە، ئەویش ووتی: جوبرائیلم، پاشان ووتیان: ئەی ئەوە کێیە لەگەڵت؟ ئەویش ووتی: موحەممەدە، ووتیان: بووە بە پێغەمبەر، ووتی: بەڵێ، ووتیان: یاخوا بەخێربێت بەڕاستی نموونەی میوانی چاکە کە هاتووەتە لامان، ئەوەبوو بۆمان کرایەوە، و کاتێك بەناوی‌دا رۆیشتین بینیم (یوسف)ی لێیە (کە وەك بڵێی نیوەی جوانی سەر زەوی درابوو بەو)، جوبرائیل ووتی: ئەمە (یوسف)ە تۆش سەلامی لێبکە، منیش سەلامم لێکرد، و ئەویش وەڵامی دایەوە و ووتی: یاخوا بەخێربێیت ئەی برای چاك و پێغەمبەری چاك.

پاشان (جوبرائیل) بردمی لەگەڵی‌دا سەرکەوتم تا گەیشتینە ئاسمانی چوارەم، و جوبرائیل داوای چوونە ژوورەوەی کرد، لێیان پرسی: کێیە، ئەویش

ووتی: جوبرائیلم، پاشان ووتیان: ئەی ئەوە کێیە لەگەڵت؟ ئەویش ووتی: موحەممەدە، ووتیان: ئەوە بووە بە پێغەمبەر، ووتی: بەڵێ، ووتیان: یاخوا بەخێربێت بەڕاستی نموونەی میوانی چاکە کە هاتووەتە لامان، ئەوەبوو بۆمان کرایەوە، و کاتێک بەناویدا ڕۆیشتین بینیم (ئیدریس)ی لێیە، جوبرائیل ووتی: ئەمە (ئیدریس)ە تۆش سەلامی لێبکە، منیش سەلامم لێکرد، و ئەویش وەڵامی دایەوە و ووتی: یاخوا بەخێربێیت ئەی برای چاک و پێغەمبەری چاک.

پاشان (جوبرائیل) بردمی لەگەڵ خۆیدا تا گەیشتینە ئاسمانی پێنجەم، و جوبرائیل داوای چوونە ژوورەوەی کرد، لێیان پرسی: کێیە، ئەویش ووتی: جوبرائیلم، پاشان ووتیان: ئەی ئەوە کێیە لەگەڵت؟ ئەویش ووتی: موحەممەدە، ووتیان: ئەوە بووە بە پێغەمبەر، ووتی: بەڵێ، ووتیان: یاخوا بەخێربێت بەڕاستی نموونەی میوانی چاکە کە هاتووەتە لامان، ئەوەبوو بۆمان کرایەوە، و کاتێک بەناویدا ڕۆیشتین بینیم (هاروون)ی لێیە، جوبرائیل ووتی: ئەمە (هاروون)ە تۆش سەلامی لێبکە، منیش سەلامم لێکرد، و ئەویش وەڵامی دایەوە و ووتی: یاخوا بەخێربێیت ئەی برای چاک و پێغەمبەری چاک.

پاشان (جوبرائیل) بردمی لەگەڵ خۆیدا تا گەیشتینە ئاسمانی شەشەم، و جوبرائیل داوای چوونە ژوورەوەی کرد، لێیان پرسی: کێیە، ئەویش ووتی: جوبرائیلم، پاشان ووتیان: ئەی ئەوە کێیە لەگەڵت؟ ئەویش ووتی: موحەممەدە، ووتیان: ئەوە بووە بە پێغەمبەر، ووتی: بەڵێ، ووتیان: یاخوا بەخێربێت بەڕاستی نموونەی میوانی چاکە کە هاتووەتە لامان، ئەوەبوو بۆمان کرایەوە، و کاتێک بەناویدا ڕۆیشتین بینیم (مووسی)ی لێیە، جوبرائیل ووتی: ئەمە (مووسی)یە تۆش سەلامی لێبکە، منیش سەلامم لێکرد، و ئەویش وەڵامی دایەوە و ووتی: یاخوا بەخێربێیت ئەی برای چاک و پێغەمبەری چاک، کاتێک کە لەلای ڕۆیشتین مووسا گریا، لێی پرسی: بۆ دەگریت، ووتی: لەبەرئەوە دەگریم چونکە لە پاش من ئەم گەنجە نێردراوە بە پێغەمبەر کە لە نەتەوەکەی ئەو زۆر زیاتر لە نەتەوەکەی من دەچنە بەهەشتەوە.

پاشان (جوبرائیل) بردمی لەگەڵیدا سەرکەوتم تا گەیشتینە ئاسمانی حەوتەم، و جوبرائیل داوای چوونە ژوورەوەی کرد، لێیان پرسی: کێیە، ئەویش ووتی: جوبرائیلم، پاشان ووتیان: ئەی ئەوە کێیە لەگەڵت؟ ئەویش ووتی: موحەممەدە، ووتیان: ئەوە بووە بە پێغەمبەر، ووتی: بەڵێ، ووتیان: یاخوا بەخێربێت بەڕاستی نموونەی میوانی چاکە کە هاتووەتە لامان، ئەوەبوو بۆمان کرایەوە، و کاتێک بەناویدا ڕۆیشتین بینیم (ئیبراهیم)ی لێیە (کە پشتی دابوو بە (البیت المعمور)دا، کە هەموو ڕۆژێک ئەم خانووە حەفتا هەزار فریشتە سەردانی دەکەن و دەچنە ناوی و ئیتر جارێکی تر ئەمانە بۆی ناگەڕێنەوە)، جوبرائیل ووتی: ئەمە باوکتە تۆش سەلامی لێبکە، منیش سەلامم لێکرد، و ئەویش وەڵامی دایەوە و ووتی: یاخوا بەخێربێیت ئەی کوڕی چاک و پێغەمبەری چاک.

پاشان (سدرة المنتهی)م لێنزیک کرایەوە (کە دارێکە)، بینیم بەرەکانی بە قەدەر گۆزەی گەورە دەبێت، و گەڵاکانی وەک گوێی فیل وان، پاشان ووتی: ئەمە (سدرة المنتهی)یە، کە چوار ڕووبار لێوەی سەرچاوەیان گرتبوو، دوو ڕووباری شاراوە بوون و دووانیان ئاشکرا بوون، پرسیارم کرد ئەمانە چین ئەی جوبرائیل؟ ووتی: دوو ڕووبارە شارراوەکە دوو ڕووباری بەهەشتن، و دوو ڕووبارە ئاشکراکەش (نیل و فورات)ن، (لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ڕووبارێکی ترم بینی کە کۆشکێکی لە مرواری و گەوهەر لەسەر دروست کرابوو، کاتێک

دەستم لێدا بینیم لە میسکی زۆر بۆن خۆش پێکهاتووە، پرسیم: ئەم رووبارە چییە ئەی جوبرائیل؟ ووتی: ئەمە ئەو رووباری کەوسەرەیە کە پەروەردگارت بۆی هەڵگرتووی).

پاشان (البیت المعمور)م لێنزیک کرایەوە و نیشانم درا، پاشان دەفرێک مەی و دەفرێک شیر و دەفرێک هەنگوینیان بۆ هێنام، منیش شیرەکەم وەرگرت و خواردمەوە، (جوبرائیل) ووتی: ئەوە فیطرەتت هەڵبژارد کە خۆت و ئوممەتەکەت لەسەرین، (لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: پاشان سەرکەوت لەگەڵیدا بۆ سەرووتر، بۆ شوێنێك کە تەنیا خوای گەورە دەیزانێت تاوەکو گەیشتە (سدرة المنتهی)، خوای پەروەردگاریش لێی نزیك بوویەوە تاوەکو بە ئەندازەی دوو کەوان لە نێوانیاندا بوو)، پاشان پەنجا نوێژم لەسەر پێویست و فەرز کرا هەموو رۆژێك، کاتێك گەڕامەوە بەلای (موسی)دا تێپەڕیم، ووتی: فەرمانی چیت پێکرا؟ ووتم: فەرمانی پەنجا نوێژم پێکرا هەموو رۆژێك، (موسی) ووتی: ئوممەتەکەت ناتوانن رۆژی پەنجا نوێژ بکەن، منیش سوێند بەخوا پێش تۆ خەڵکیم تاقی کردووەتەوە، و چارەسەری (بەنی ئیسرائیل)م بە توندی کرد، بۆیە بگەڕێرەوە بۆلای خوات و داوای ئاسانکاری لێبکە بۆ ئوممەتەکەت.

ئەوەبوو گەڕامەوە و خوای گەورە دە نوێژی لەسەر لابردم، منیش گەڕامەوە بۆلای (موسی)، و ئەویش هەمان شتی پێ ووتمەوە، ئەوەبوو گەڕامەوە و خوای گەورە دە نوێژی تری لەسەر لابردم، پاشان گەڕامەوە بۆلای (موسی)، و ئەویش هەمان شتی پێ ووتمەوە، ئەوەبوو منیش گەڕامەوە و خوای گەورە دە نوێژی تری لەسەر لابردم، پاشان گەڕامەوە بۆلای (موسی)، و ئەویش هەمان شتی پێ ووتمەوە، منیش گەڕامەوە و فەرمانی دە نوێژم پێکرا هەموو رۆژێك، پاشان گەڕامەوە و ئەویش هەمان شتی پێ ووتمەوە، منیش گەڕامەوە و فەرمانی پێنج نوێژم پێکرا رۆژانە، پاشان گەڕامەوە بۆلای (موسی) و ووتی: فەرمانی چیت پێکرا؟ ووتم: فەرمانی پێنج نوێژم پێکرا هەموو رۆژێك، (موسی) ووتی: ئوممەتەکەت ناتوانن رۆژی پێنج نوێژ بکەن، و منیش پێش تۆ خەڵکیم تاقی کردووەتەوە، و چارەسەری (بەنی ئیسرائیل)م بە توندی کرد، بۆیە بگەڕێرەوە بۆلای خوات و داوای ئاسانکاری لێبکە بۆ ئوممەتەکەت، پێغەمبەر فەرمووی: زۆر پرسیارم لە پەروەردگارم کرد و ئێستا شەرم دەکەم بگەڕێمەوە بۆیە من رازی دەبم و تەسلیمی ئەم فەرمانە دەبم، فەرمووی: کاتێك کە دەرچووم بانگکەرێك هاواری کرد: من فەرزەکەم دامەزراند و کارئاسانیشم بۆ بەندەکانم کرد.

- عن إبن عبّاس -رَضِيَ اللهُ عَنهُما- قال: قال رسول الله (ﷺ): ﴿لما أسري بي مرت بي رائحةٌ طيبة، فَقُلت: ما هذه الرائحة؟ قالوا: ماشطةُ بنت فرعون وأولادها، سقط مشطها من يدها، فقالت: باسم الله. فقالت ابنة فرعون: أبي؟ قالت: ربي وربك ورب أبيك. قالت: أو لك رب غير أبي؟ قالت: نعم، ربي وربك ورب أبيك الله. قال: فَدعاها فقال: أ لك رب غيري؟ قالت: نعم، ربي وربك الله عز وجلّ. قال: فَأمر بنقرةٍ من نحاس فَأُحميت، ثُم أمر بها أن تلقى فيها، قالت: إن لي إليك حاجة. قالَ: ما هي؟ قالت: تجمع عظامي وعظام ولدي في موضع. قالَ: ذاك لك، لما لك علينا من الحَق. قالَ: فَأمر بهم فَأُلقوا واحداً واحداً، حتى بلغَ رضيعاً فيهم، فقال: قِعي يا أماه ولا تقاعسي، فإنا على الحَق﴾ رواه البيهقي وقال: إسنادٌ لا بأسَ به.

واتە: پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) فەرمووی: لەو شەوەدا کە شەوڕەویم پێکرا بۆنێکی زۆر خۆش هات بە لامدا، منیش پرسیم: ئەم بۆنە چییە؟ ووتیان: ئەمە بۆنی قژداهێنەرەکەی کچی فیرعەون و منداڵەکانێتی، کاتێك شانەکەی لە دەستی کەوتە خوارەوە، ووتی: بەناوی خودا. کچەکەی فیرعەون ووتی: مەبەستت لە باوکمە؟ ئەویش ووتی: نەخێر مەبەستم لە خودای من و تۆ و

باوکتە. کچەکەش ووتی: یانی تۆ خودای ترت هەیە لە غەیری باوکم؟ ووتی: بەڵێ، خودای من و تۆ و باوکت (الله)یە.

ووتی: ئەوەبوو فیرعەون بانگی قژداهێنەرەکەی کرد و پێی ووت: تۆ خودای ترت هەیە بێجگە لە من؟ ووتی: بەڵێ خودای من و تۆ (الله)ی پاك و بێگەرد و بە دەسەڵاتە. ووتی: ئەوەبوو فیرعەون فەرمانی کرد کە چاڵێکی پڕ لە مسی تواوە گەرم بکرێت و ئامادە بکرێت، و فەرمانی کرد کە بخرێتە ناوی، ئەوەبوو قژداهێنەرەکە ووتی: من داواکاری‌یەکم لە تۆ هەیە، فیرعەون ووتی: چی‌یە؟ ووتی: ئێسکەکانی من و منداڵەکانم لە پاش مردنمان لە یەك شوێن کۆبکەرەوە، فیرعەون ووتی: ئەوەت بۆ دەکەین، چونکە تۆ حەقت بەسەرمانەوەیە، ئەوەبوو فیرعەون فەرمانی کرد و خۆی و منداڵەکانی یەك لە دوای یەك خرانە ناوی، تا ئەوە بوو سەرە گەیشتە سەر بچووکترین منداڵی کە شیرەخۆرە بوو، خوای گەورە خستی‌یە گفتوگۆ و بە دایکی ووت: دایە گیان خۆت هەڵدەرە ناوی و دوودڵ مەبە بەهۆی منەوە، چونکە ئێمە لەسەر حەقین.

– عن عبدالله بن شقيق قال: قُلتُ لأبي ذَرّ: لَو رَأَيْتُ رَسول الله (ﷺ) لَسَأَلْتُه. قال: وَما كُنْتَ تَسْأَلُه؟ قال: كُنت أَسْأَلَه: هَل رَأى رَبَّه؟ فقال: إنّي قَدْ سَأَلْتُه فقال: ﴿إني قد رأيته نوراً أنى أراه﴾ حديث صحيح رواه أحمد.

– عن عبدالله بن شقيق: عن أبي ذرّ قال: سَأَلْتُ رَسول الله (ﷺ): هَل رَأَيْتَ رَبَّك؟ قال: ﴿نور أنى أراه﴾ رواه مسلم.

– عن عبدالله بن شقيق قال: قُلتُ لأبي ذر: لَو رَأَيْتُ رَسول الله (ﷺ) لَسَأَلْتُه. فقال: عَن أيّ شَيءٍ كُنْتَ تَسْأَلُه؟ قال: كُنت أَسْأَلَه: هَل رَأَيْتَ رَبَّك؟ قال أبوذَرّ: قَدْ سَأَلْتُه فقال: ﴿رأيت نوراً﴾ رواه مسلم.

**واتای سێ فەرموودەکە:**

(عبدالله ی کوڕی شەقیق) بە (ئەبو ذەر)ی هاوەڵی پێغەمبەری (ﷺ) ووت: ئەگەر من پێغەمبەری خودام (ﷺ) ببینی‌یایە پرسیارێکم لێدەکرد. (ئەبو ذەر) ووتی: دەربارەی چ شتێك پرسیارت لێدەکرد؟ ووتی لێم دەپرسی: ئایا تۆ پەروەردگاری خۆت دیوە؟ (ئەبو ذەر) ووتی: من ئەو پرسیارەم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد و ئەویش فەرمووی: من تەنها وەك نوور و رووناکی بینیم، و نەمتوانی لەبەر ئەو نوورە خۆی ببینم (کەواتە پێغەمبەر (ﷺ) خودای نەدیوە چ لە کاتی میعراج یان لە کاتی تردا).

– عن ابن عباس (رَضيَ الله عنهما) قال: ﴿أسري بالنبي (ﷺ) إلى بيت المقدس...... ورأى الدجال في صورته رؤيا عين ليس برؤيا منام، وعيسى وموسى وإبراهيم (عليهم السلام)، فسئل النبي عن الدجال، فقال: فيلمانياً أقمر هجاناً، إحدى عينيه قائمة كأنها كوكب دري، كأن شعر رأسه أغصانُ شجرة. ورأيت عيسى أبيض، جعد الرأس، حديد البصر، مبطّن الخَلق. ورأيت موسى (عليه السلام) أسحم آدم، كثير الشعر، شديد الخَلق، ونظرت إلى إبراهيم (عليه السلام) فلم أنظر إلى أرب منه إلا نظرت إليه مني، حتى كأنه صاحبكم. قال جبريل: سلم على مالك. فسلمت عليه... (وفي رواية: وأري مالكاً خازن جهنم...)﴾ صحيح رواه أحمد والنسائي وأبو يعلى.

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) شەوڕەوی پێکرا بۆ (بيت المقدس)..... هەر لەو شەوەدا (دەججال)ی درۆزنی بینی لەسەر شێوەی خۆی و بە چاوی سەری و ئەم رووداوە لە خەودا نەبوو، هەروەها (عیسی و موسی و ئیبراهیم)ی بینی، ئەوەبوو پێغەمبەر پرسیاری لێکرا دەربارەی (دەججال)، ئەویش وەسفی تەواوی کرد و هەروەها وەسفی (عیسی و موسی و ئیبراهیم) پێغەمبەری بۆ کردن، هەروەها (مالیك)ی بەرپرسی دۆزەخیشیان نیشاندا و پێغەمبەر (ﷺ) سەلامی لێکرد.

– عن عبدالله بن مسعود (رَضيَ الله عنه) عن النّبي (ﷺ) قال: ﴿لقيت ليلة أسري بي إبراهيم و موسى وعيسى (عليهم السلام) فتذاكروا أمر

**الساعة، قال: فَردوا أمرهم الى إبراهيم (عليه السلام) فقال: لا عِلْم لي بها. فَردوا أمرهم الى موسى (عليه السلام) فقال: لا عِلم لي بها. فَردوا أمرهم الى عيسى (عليه السلام) فقال: أما وجبتها فَلا يعلم بها أحد إلاّ الله عزوجلّ، وفيما عهد إليّ ربي أن الدجال خارج، قال: ومعي قضيبان، فَإذا رآني ذاب كما يذوب الرصاص، قال: فَيهلكُه الله إذا رآني، حتى إن الحَجر والشجر يقول: يا مسلم، إن تحتي كافِراً، فَتعال فاقْتله، قال: فَيهلِكُهم الله، ثُم يرجع الناس إلى بِلادِهم وأوطانِهم، قال: فَعند ذلك يخرج يأجوج ومأجوج وهم مِن كل حدبٍ ينسِلون، فَيطئون بِلادهم، فَلا يؤتونَ على شيءٍ إلاّ أهلكوه. ولا يمرون على ماءٍ إلاّ شربوه.**

**قال: ثُم يرجع الناس إلي فَيشكونهم، فَأدعوا اللهَ عليهم، فَيهلكُهم ويميتهم، حتى تجوى الأرض مِن نتن ريحهم -أي تنتن- قال: فَينزل اللهُ المَطر، فَتجرف أجسادهم حتى يقْذِفَهم في البحر. ففيما عهد إليّ ربي أن ذلِك إذا كان، كَذلِك أن الساعة كالحامِل المُتِم، لا يدري أهلُها متى تفْجؤهم بِولادِها ليلاً أو نهاراً﴾** رواه أحمد وابن ماجة وصححه الحاكم ووافقه الذهبي.

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لە شەوی شەوڕەویمدا (ئیبراهیم و موسی و عیسی)م بینی (ڕەزای خوایان لێبێت)، ئەوەبوو باسی ڕۆژی دوایییان دەکرد، فەرمووی: ڕوویان کردە ئیبراهیم (ڕەزای خوای لێبێت)، ئەویش ووتی: من هیچی لێنازانم، پاشان داوایان لە (موسی) کرد (ڕەزای خوای لێبێت) ئەویش ووتی: منیش لێی نازانم، ئەوەبوو داوایان لە (عیسی) کرد (ڕەزای خوای لێبێت) کە باسیان بۆ بکات، ئەویش ووتی: ئەوانەی کە تووشی دەبن تەنها خودا دەزانێت کێن، ئەوەش کە خوای گەورە فێری کردووم و بۆی داناوم ئەوەیە کە (دەججال) دەردەچێت لەسەر زەوی، منیش دوو ئاسنم پێیە بۆ کوشتنی، کاتێك کە دەمبینێت وەك قورقوشم لەبەردەممدا دەتوێتەوە، ووتی: خوای گەورە لەناوی دەبات کە دەمبینێت، تەنانەت بەرد و دار دەڵێن: ئەی موسوڵمان لەژێر یان لەپشتی مندا کافر هەیە وەرە بیکوژە، ئەوەیە خوای گەورە لەناویان دەبات، پاشان خەڵکی دەڕۆنەوە بۆ وولات و نیشتمانیان.

ووتی: ئا لەو کاتەدا (یەئجوج و مەئجوج) بەسەر زەویدا بڵاودەبنەوە و لە هەموو شوێنێکەوە دێنە دەرەوە، و وولاتی موسوڵمانان کاول دەکەن، و هیچ شتێك نییە کە دێتە ڕێیان ئیللا لەناوی دەبەن، و هەموو ئاوێك کە دەیبینن دەیخۆنەوە و ووشکی دەکەن، ووتی: پاشان خەڵکی دەگەڕێنەوە بۆ لای من و سکاڵا دەکەن، منیش داوا لە خوا دەکەم لەناویان بەرێت، خوای گەورە لەناویان دەبات و دەیانمرێنێت، بە شێوەیەك کە هەموو زەوی بۆگەن دەکات لە بۆنی پیسیان، ووتی: پاشان خوای گەورە باران دەبارێنێت، و دەبێتە هۆی ڕامالینی لاشەکانیان تاوەکو فڕێیان دەداتە دەریاوە، (عیسی) ووتی: ئەوەی کە خوای گەورە فێری کردووم کە کاتێك ئەوە ڕوویدا ئەوا ڕۆژی دوایی ئەوەندە نزیك دەبێت، هەروەك ئافرەتی سکپڕ وایە لە کۆتایی سکپڕیدا کە کەس وکاری نازانن کەی ئەو منداڵەی لە کتوپڕ دەبێت لە شەو یان لە ڕۆژدا.

– عن ابن عبّاس (رَضِيَ الله عنهما) قال: قال رسول الله (ﷺ): **﴿لما كان ليلة أسري بي فَأصبحت بِمكّة، فَظِعت بِأمري وعرفت أن الناس مكَذبي. فَقعد معتزلاً حزيناً، فَمر به عدو الله أبوجهل -قبحه الله- فَجاءَ حتى جلس إليه، فقالَ له كالمُستهزيء: هل كانَ مِن شيء؟ فَقال له رسول الله (ﷺ): نعم. قال: وما هو؟ قال: إني أسري بي الليلة، قالَ: إلى أين؟ قال: إلى بيتِ المَقْدِس. قالَ: ثُم أصبحت بين ظهرانينا؟ قال: نعم. قال: فَلم يره أنه يكَذبه مخافَة أن يجحده الحَديث إن دعا قومه إليه. فَقال: أرأيت إن دعوت قَومك إليك أتحدثُهم بِما حدثْتني؟ فقال رسول الله (ﷺ): نعم.**

**فقال: هيا معشر بني كَعب بن لُؤي. قال: فانقضت إليه المَجالس وجاءوا حتى جلسوا إليهما. قال: حدث قَومك بِما حدثتني. فقال رسول الله (ﷺ): إني**

أسري بي الليلة، فقالوا: إلى أين؟ قال: إلى بيت المقدس. قالوا: ثم أصبحت بين ظهرانينا؟ قال: نعم. قال: فمن بين مصفق، ومن بين واضع يده على رأسه متعجباً للكذب -زعم- قالوا: وتستطيع أن تنعت المسجد؟ -وفي القوم من سافر الى ذلك البلد ورأى المسجد- قال رسول الله (ﷺ):

فذهبت أنعت، فما زلت أنعت حتى التبس علي بعض النعت، قال: فجيء بالمسجد وأنا أنظر إليه، حتى وضع دون دار عقيل، أو قال: فنعته وأنا أنظر إليه، قال: وكان مع هذا نعت لم أحفظه، فقال القوم: أما النعت فوالله لقد أصاب فيه﴾ صحيح أخرجه أحمد والنسائي والطبراني والبيهقي.

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لەو شەوەدا کە شەوڕەویم پێکرا بۆ بەیانییەکەی لە شاری مەککە بووم، ئەوەبوو لە حاڵی خۆم ترسام و زانیم کە خەڵکی باوەڕم پێناکەن و بەدرۆم دەخەنەوە، بە دڵناخۆشی و بە تەنیایی دانیشت و ئەبو جەهلی دوژمنی خودا بەلایدا تێپەڕی و هات لەلای دانیشت، و بە گاڵتە کردنەوە پێی ووت: هیچ رووی‌داوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ، ووتی: چی بووە؟ فەرمووی: من ئەم شەو شەوڕەویم پێکراوە. ووتی: بۆ کوێ؟ فەرمووی: بۆ (بیت المقدس). (أبو جهل) پرسی: بۆ بەیانییەکەشی لای ئێمە بووی!؟

فەرمووی: بەڵێ. ووتی: ئەبو جەهل نەیویست بەدرۆی بخاتەوە لەبەر ئەوەی لەوە دەترسا کە قسەکانی نەفی بکات ئەگەر بانگی قەومەکەی بکات بۆ گوێگرتن لە قسەکانی، و پێی ووت: ئەگەر من قەومەکەت بۆ بانگ بکەم ئەم ووتانەی بە منت ووت بەوانیشی دەڵێیت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ. ئەبو جەهل هاواری کرد: ئەی نەوەی (کەعبی کوڕی لوئەی) وەرن. ووتی: ئەوەبوو خەڵکی لە دانیشتنەکانیان هەستان و هاتن گوێ لەم دووانە بگرن و دانیشتن لەلایان، ئەبوجەهل ووتی: ئەوەی بۆ منت باس کرد بۆ قەومەکەشتی باس بکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەمشەو من شەوڕەویم پێکرا، ووتیان: بۆ کوێ؟ فەرمووی: بۆ (بیت المقدس). ووتیان: بۆ بەیانیش هاتیتەوە بۆلای ئێمە!؟ فەرمووی: بەڵێ. ووتی: ئەوەبوو هەندێکیان بۆ گاڵتە کردن چەپڵەیان لێدەدا، و هەندێکیان دەستیان لەسەر سەریان دانا لە سەرسوڕمانیان لەم درۆیە (بە خەیاڵی خۆیان).

ووتیان: دەتوانی وەسفی مزگەوتی (الأقصى)مان بۆ بکەیت لە (بیت المقدس)؟ کە زۆریان هەبوو سەفەری کردبوو بۆ ئەو وڵاتە و مزگەوتەکەی دیبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوەبوو دەستم کرد بە وەسف کردنی، هەتا ئەوەندەی دەمزانی و هەندێکیم لێهەڵە بوو، فەرمووی: ئەوەبوو خوای گەورە مزگەوتەکەی لێنزیک کردمەوە و منیش سەیرم دەکرد، تەنانەت بە قەدەر ماڵی عەقیل لای کەعبەوە لێم دووربوو، و منیش وەسفم کرد لە کاتی سەیرکردنیدا، فەرمووی: لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا هەندێك وەسفیم بۆ لەبەر نەکرا، خەڵکی مەککە ووتیان: دەربارەی وەسفەکانی سوێند بەخوا راستی تێدا کرد.

- عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ﴿لقد رأيتني في الحجر وقريش تسألني عن مسراي، فسألوني عن أشياء من بيت المقدس لم أثبتها، فكربت كرباً ما كربت مثله. فرفعه الله لي أنظر إليه، ما سألوني عن شيء إلاّ وأنبأتهم به. وقد رأيتني في جماعة من الأنبياء فإذا موسى (عليه السلام) قائم يصلّي، فإذا رجلٌ ضرب جعد كأنه من رجال شنوءة، وإذا عيسى ابن مريم قائم يصلّي أقرب الناس به شبهاً عروة بن مسعود الثقفي، وإذا إبراهيم (عليه السلام) قائم يصلّي أشبه الناس به صاحبكم -يعني نفسه- فحانت الصلاة فأممتهم، فلما فرغت قال قائل: يا محمد، هذا مالك صاحب النار، فسلم عليه فالتفت إليه، فبدأني بالسلام﴾ رواه مسلم.

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: من لەلای کەعبەوە دانیشتبووم و قورەیشییەکان

پرسیاریان لێدەكردم دەربارەی شەوڕەوییەكەم.

ئەوەبوو پرسیاری هەندێك شتیان لێكردم دەربارەی (بيت المقدس) كە دوودڵ بووم لێی، منیش زۆر ناڕەحەت بووم بەشێوەیەك پێشتر هەرگیز بەو شێوەیە ناڕەحەت نەبوو بووم، ئەوە بوو خوای گەورە (بيت المقدس)ی بۆ نزیك كردمەوە و منیش سەیرم دەكرد، و هەر شتێكیان لێبپرسیمایە منیش هەواڵیم پێ دەدان، لەكاتی شەوڕەوییەكەمدا لەناو كۆمەڵێك لە پێغەمبەراندا بووم و بینیم موسی (سەلامی خوای لەسەربێت) نوێژ دەكات و پیاوێكی بەهێز و قژ لوول بوو و لە پیاوانی (شنوءة) دەچوو، هەروەها عیسای كوڕی مەریەمم بینی نوێژی دەكرد كە نزیكترین كەستان كە لە شێوەدا لەو بچێت (عوروەی كوڕی مەسعوودی سەقەفی)یە.

هەروەها ئیبراهیم پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەربێت) بەپێوە نوێژی دەكرد كە نزیكترین كەس لە شێوەیدا بەو منم -واتە پێغەمبەر (ﷺ)- ئەوەبوو كاتی نوێژ هات و من ئیمامەتی نوێژم بۆ كردن، كاتێك تەواو بووم یەكێك پێی ووتم: ئەی محمد ئەوە (مالیك)ی خاوەنی دۆزەخە، تۆش سەلامی لێبكە، منیش ئاوڕم لێدایەوە، بەڵام ئەو سەرەتا سەلامی لێكردم.

– لمّا رَجَع رَسول الله (ﷺ) مِن رحلَتِه الميمونة أخْبر قومَه بذلك، فقالَ لَهم في مَجْلِسٍ حَضَره المطعَم بن عَديّ، وعَمرو بن هشام والوَليد بن المُغيرة، فقال: ﴿إني صليت الليلة العشاء في هذا المسجد، وصليت به الغداة، وأتيت فيما دونَ ذلك بيت المقدس، فنشر لي رهط من الأنبياء منهم إبراهيم وموسى وعيسى، وصليت بهم وكلمتهم﴾ فقال عَمرو بن هِشام كالمُستَهزِيء به: صِفهم لي، فقال: ﴿أما عيسى، ففوق الربعة ودونَ الطّول، عريض الصدر، ظاهر الدم، جعد أشعر تعلوه صهبة، كأنه عروة بن مسعود الثقفي، أما موسى فضخم آدم طوال، كأنه من رجال شنوءة، متراكب الأسنان، مقلص الشفة، خارج اللثة، عابس، وأما إبراهيم فوالله إنه لأشبه الناس بي، خلقاً وخلقاً﴾.

فقالوا: يا محمد! فَصف لنا بيت المقدس، قال: ﴿دخلت ليلاً وخرجت منه ليلاً﴾ فأتاه جبريل بصُورته في جناحه، فجعَل يقول: ﴿باب منه كذا، في موضع كذا، وباب منه كذا، في موضع كذا﴾.

ثُمَّ سَألوه عَن عيرِهم، فقال لهم: ﴿أتيت على عير بني فلان بالروحاء، قد أضلوا ناقةً لهم، فانطلقوا في طلبها، فانتهيت إلى رحالهم ليس بها منهم أحد، وإذا قدح ماء فشربت منه، فاسألوهم عن ذلك﴾ قالوا: هذه والإله آية، ﴿ثم انتهيت إلى عير بني فلان، فنفرت مني الإبل، وبرك منها جمل أحمر، عليه جوالق مخطط ببياض، لا أدري أكسر البعير، أم لا، فاسألوهم عن ذلك﴾ قالوا: هذه والإله آية، ﴿ثم انتهيت إلى عير بني فلان في التنعيم، يقدمها جمل أورق، وها هي تطلع عليكم من الثنية﴾ فقال الوَليد بن المغيرة: ساحِر، فانطَلَقوا فنَظَروا، فوَجدوا الأمر كما قال، فرَموه بالسِّحر، وقالوا: صَدَق الوَليد بن المغيرة فيما قال.

كانت هذه الحادثة فتنة لبعض الناس، فارتَدَّ ناس ممن كان آمنوا به وصَدَّقوه وسَعَوا بذلك إلى أبي بكر الصدِّيق (رَضيَ الله عنه)، فقالوا: هَل لك إلى صاحبك، يزعم أنَّه أُسْرِيَ به الليلة إلى بيت المقدس. قال: أوَ قالَ ذلك؟ قالوا: نَعم، قال: لئن كان قال ذلك لقد صدَق، قالوا: أوَ تُصدِّقه أنَّه ذهبَ الليلةَ إلى بيت المقدس وجاءَ قبلَ أن يُصبح؟ قال: نَعم إنّي لأُصدِّقه فيما هُو أبعَد من ذلك، أُصدِّقه بخبَر السَّماء في غدوة أو روحة، فلذلك سُمِّيَ أبوبكر الصدِّيق. (رواه الحاكم وقال: صحيح الإسناد وأقرّه الذّهبي).

واتە: كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە سەفەرە پڕ بەرەكەتەی ئیسرا و میعراج گەڕایەوە هەواڵی ئەم سەفەرەیدا بە قەومەكەی، ئەوەبوو لە كۆڕێكدا لەلای كەعبە كە (موتعەمی كوڕی عەدی) و (عەمری كوڕی هیشام) و (وەلیدی كوڕی موغیرە)ی تێدا بوو فەرمووی: من

ئەمشەو نوێژی خەوتنانم لەم مزگەوتە کرد و هەروەها نوێژی بەیانیشم لێرە کرد، لە نێوان ئەو دوو نوێژەدا من شەوڕەویم پێکرا بۆ (بیت المقدس)، لەوێ کۆمەڵێك لە پێغەمبەرانم بینی، لەوانە: ئیبراهیم موسا و عیسا (سەلامی خوایان لێبێت) و ئیمامەتی نوێژم بۆ کردن و گفتوگۆم لەگەڵ کردن، (عەمری کوڕی هیشام) بە گاڵتە کردنەوە ووتی: وەسفی ئەو پێغەمبەرانەم بۆ بکە؟ فەرمووی: عیسا نەکورتە و نەدرێژ، سنگی پانە، قژی لوولە و سپێتی‌یەکی سووربـاوی پێوەیە، وەك (عوروەی کوڕی مەسعود ی سەقەفی) وایە، دەربارەی موسا پیاوێکی کەتەی بەخۆ و باڵا بەرز بوو، لە پیاوەکانی (شَنوءة) دەچوو، دانەکانی تۆکمە و لێوی بچووك بوو و روخساری گرژ بوو، بەڵام ئیبراهیم سوێند بەخوا نزیکترین کەس لێیەوە لە لاشە و لە ڕەووشتدا منم.

ووتیان: ئەی محمد وەسفی (بیت المقدس)مان بۆ بکە، پێغەمبەر فەرمووی: من بە شەو چوومە ناوی و بە شەویش لێی دەرچووم، بەڵام خوای گەورە جوبرائیلی بۆ ناردم کە لەسەر باڵی شێوەی (بیت المقدس) هەبوو، منیش ئیتر بۆم باس دەکردن کە دەرگای فلانە شوێنی بەو شێوەیەیە، و فلانە شوێنی بەو شێوەیەیە، هەروەها دەرگای فلانە شوێنی بەو شێوەیەیە، و فلانە شوێنی بەو شێوەیەیە.

پاشان پرسیاری شتی تر و بەڵگەی تریان لێدەکرد، ئەویش پێی فەرموون: من بەلای کاروانی فلانە خەڵکدا ڕۆیشتم لە ناوچەی (الروحاء)، کە ووشترێکیان لێوون: بوو بوو، و چووبوون بۆ گەڕان بەدوای‌دا، منیش گەیشتمە لای کاروانە ووشترەکەیان کە کەسیان لەلای نەبوون، منیش دەفرێك ئاوی لێبوو لێم خواردەوە، لەبەرئەوە پرسیاری ئەوەیان لێبکەن، ئەوانیش ووتیان: سوێند بەخوا ئەمە بەڵگەیەکە کە بەدوای‌دا بچین، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:دوایی گەیشتم بە کاروانی فلانە خەڵکی تر، ئەوەبوو ووشترەکانیان لە من رایانکرد، بەڵام یەك ووشتریان دانیشت کە ڕەنگی سووربوو و تووڕەکەی بارەکەی ڕەنگی سپی خەت خەتی تێدابوو، دەتوانن ئێوە لێیان بپرسن، ئەوانیش ووتیان: سوێند بەخوا ئەمە بەڵگەیەکە کە بەدوای‌دا بچین.

پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پاشان گەیشتم بە کاروانی فلانە خەڵك لە ناوچەی (التنعیم) لە نزیك مەککە، کە ووشترێکی سپی لە پێش کاروانەکەیانە، ئەوەتا سەیرکەن گەیشتنە دەرگای شاری مەککە، لێرەدا (وەلیدی کوڕی موغیرە) ووتی: محمد جادووگەرە، ئەوەبوو کۆمەڵی قورەیشی‌یەکان ڕۆیشتن و کاروانەکەیان بینی، و بەو شێوەیە بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) ووتبووی، ئەوانیش هەرووتیان ئەمە جادووە و (وەلیدی کوڕی موغیرە) راستی ووتووە.

ئەم ڕووداوە بووە مایەی فیتنە بۆ هەندێك لە خەڵکی و هەندێك کەس پاشگەز بوونەوە لەوانەی کە باوەڕیان هێنابوو، و هەندێکی تر چوون بۆلای ئەبوبەکری صیدیق (ڕەزای خوای لێبێت) و ووتیان: دەزانی هاوەڵەکەت دەڵێ چی؟ ئەو پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە ئەم شەو شەوڕەوی پێکراوە بۆ (بیت المقدس)، (ئەبوبەکر) ووتی: ئەو وای ووتووە، ووتیان: بەڵێ، (ئەبوبەکر) ووتی: ئەگەر ئەو ئەم قسەیەی کردبێت ئەوا راستی فەرمووە، ووتیان: تۆ باوەڕی پێدەکەیت کە ئەم شەو چووە بۆ (بیت المقدس) و پێش بەیانی هاتووەتەوە؟ (ئەبوبەکر) ووتی: بەڵێ من باوەڕی پێدەکەم لە شتی گەورەتردا، من باوەڕی پێدەکەم کە هەواڵی ئاسمانی بۆ دێت لە ڕۆیشتن و هاتنی‌دا، لەبەر ئەم هەڵوێستەی بوو کە ئەبووبەکری هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) نازناوی (الصدِّیق)ی لێنرا.

## هەندێك سەرنج و تێبینی دەربارەی ئەم موعجیزەیە:

١- لە كۆی گشتی فەرموودە پیرۆزەكانەوە دەگەینە ئەوەی كە پێغەمبەر (ﷺ) یەك جار شەوڕەوی پێكرا لە مەككەوە بۆ شاری قودس و لە كاتی بەخەبەریدا بوو و لەخەودا نەبوو، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئایەتی ﴿أسرى بعبده﴾، واتە بەندەكەی كە لاشەو رۆحە، و هەروەها بەدرۆ خستنەوەی قورەیش بوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) چونكە ئەگەر لە خەودا بووایە یان تەنیا بە رۆحی بووایە ئەوا بەدرۆیان نەدەخستەوە لەبەرئەوەی مرۆڤ لە خەودا شتی سەیر و سەمەرە دەبینێت و مایەی سەرسوڕمانی كەس نییە، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) لەوێوە بەرزكرایەوە و عوروجی پێكرا بۆ ئاسمانەكان و لەوێ پێغەمبەرانی بینی و سەلامی لێكردن، پاشان لەوێوە بەرز بووەوە بۆ ئاستێك كە گوێی لە خشە خشی نووسینی قەڵەمەكانی قەدەر بوو (كە فەرمانە راستەوخۆكانی پەروەردگار دەنووسن).

و گەیشتە (سدرة المنتهى) و بەهەشت و دۆزەخی بینی و جوبرائیلی بینی لەسەر شێوە فریشتەییەكەی (كە شەش سەد باڵی هەیە)، و خوای گەورە پەنجا نوێژی لەسەر فەرز كرد كە پاشان كەم كرایەوە بۆ پێنج نوێژ وەك رەحمەتی خودا بە بەندەكانی، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ پێغەمبەرانی تر كۆبوویەوە و ئیمامەتی بۆكردن لە مزگەوتی (الأقصى) كە رێزی پێغەمبەری دەرخست بەسەر هەموو پێغەمبەرانی تردا، لە كۆتاییدا پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەككە پێش ئەوەی كە شەو كۆتایی بێت.

٢- خوای گەورە بۆ رێزلێنانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم موعجیزە گەورەیەی بۆ ئەنجامدا كە مەبەست پێی نیشاندانی گەورەیی دەسەڵاتی خودا بوو بۆ پێغەمبەرەكەی ﴿لنريه من آياتنا﴾، بەڕاستی ئەم موعجیزە گەورەیە هەلێك بوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بۆ بینینی گەورەیی دەسەڵاتی پەروەردگار، ئەوەش بۆ ئەوەی دڵنیاییەكەی تەواو زیاد بكات و بە گوڕێكی نوێوە بچێتەوە بۆ گفتوگۆی بێباوەڕان، سوننەتێكی خوداییشە كە خوای گەورە یەكەم جار موعجیزەكان نیشانی پێغەمبەرەكان خۆیان دەدات بۆ ئەوەی دڵنیایی تەواو سەرەتا لای خۆیان دروست ببێت، ئەوەتا خوای گەورە بۆمان باس دەكات لە بەسەرهاتی (موسا) پێغەمبەردا (سەلامی خوای لەسەربێت) كە سەرەتا موعجیزەكان نیشانی خۆی درا: ﴿وهل أتاك حديث موسى {٩} ........ وما تلك بيمينك يا موسى {١٧} قال هي عصاي أتوكأ عليها وأهش بها على غنمي ولي فيها مآرب أخرى {١٨} قال ألقها يا موسى {١٩} فألقاها فإذا هي حية تسعى {٢٠} قال خذها ولا تخف سنعيدها سيرتها الأولى {٢١} واضمم يدك إلى جناحك تخرج بيضاء من غير سوء آية أخرى {٢٢} لنريك من آياتنا الكبرى {٢٣}﴾ (طه).

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا هەواڵی بەسەرهاتی موسات پێگەیشتووە!؟...... كاتێك پەروەردگار لێی پرسی: ئەی موسا ئەوە چییە، بەدەستی راستتەوە (گرتووتە)؟ موسا ووتی: ئەوە گۆچانەكەمە، خۆمی بەسەردا دەدەم و (دەیماڵم بە درەختدا) تا گەڵا بوەرێنم بۆ مەڕەكانم، و چەند مەبەستێكی تریشم تێدا هەیە، پەروەردگار فەرمووی: دە فڕێی بدە ئەی موسا، جا هەر كە فڕێیدا یەكسەر بوو بە مارێكی زیندوو و بەخێرایی دەجوولایەوە، خودا فەرمووی: بیگرە و مەترسە وەك ئەوسای خۆی لێدەكەینەوە، دەستیشت بخەرە ژێر باڵتەوە ئەو كاتە بەڕەنگی سپی و درەوشاوەیی دێتە دەرەوە بێئەوەی عەیبدار ببێت كە ئەمەش نیشانە و بەڵگەیەكی ترە.

(ئـەم شـتانە بـۆ ئەوەیـە) تـا هەنـدێك لـە مـوعجیزە گـەورەكانی خۆمانـت نیشـان بـدەین، كەواتـە دەبێت پێغەمبەرەكە یەكەم كەس بێت كە نیشانەكانی پەروەردگار ببینێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە (یقین)ەوە پەیامەكەی بگەیەنێت، بۆیە خوای گەورە دوای نیشاندانی ئەم بەڵگانە بۆ (موسا) ئینجا دەفەرموێت: ﴿إذْهب إِلى فِرعونَ إِنه طَغــى {٢٤}﴾ (طه)، واتە: ئێستا ئەی (موسا) بچۆ بۆلای فیرعەون چونكە بێگومان یاخییە و لە سنوور دەرچووە.

كەواتە موعجیزەی (ئیسرا و میعراج) سەرەتا بۆ ئەوە بوو كە پێغەمبەر (ﷺ) نیشانە گەورەكانی خودا ببینێت و (یقین)ی نوێ ببێتەوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی كارە چارەنووس سازەكەی، هەروەها ئێمەی موسوڵمانیش ئەو دەرسە وەردەگرین كە هەمیشە پێویستمان بەوە هەیە كە باوەڕمان بەهێز بكەین و بەڵگە و نیشانەكانی پەروەردگار ببینین، بۆ ئەوەی بتوانین بەو پەڕی باوەڕبوون و دڵنیاییەوە پەیامەكەی پەروەردگار بگەیەنین.

٣- حیكمەتێكی گەورەی پەروەردگار لەم موعجیزەیەدا ئەوەبوو كە كردی بە دوو بەشەوە، بەشێكی لەسەر زەوی بوو كە شەوڕەوی (الإسراء) بوو، و بەشێكی لە ئاسمان كە بەرز كردنەوە (المعراج) بوو، كە خوای گەورە دەیتوانی یەكسەر پێغەمبەر (ﷺ) بەرز بكاتەوە بۆ ئاسمانەكان!

بەڵام زانایان دەڵێن حیكمەت و مەبەست لە دابەش كردنی ئەم موعجیزەیە بۆ دوو بەش ئەوەبوو كە بەشە زەوییەكەی ئەم موعجیزەیە بەڵگە بێت بۆ بەشە ئاسمانییەكەی، ئەویش كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) كە بۆ رۆژی دوایی گەڕایەوە و بۆ خەڵكی باس كرد (وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا) خەڵكەكە بەدرۆیان خستەوە و گاڵتەیان پێكرد و هەندێكیان دەستیان كرد بە چەپڵە لێدان، و دەیانووت ئەم كابرا تێكچووە چییە كە دەڵێت من لە بەشێكی شەودا چووم بۆ (بیت المقدس) و گەڕاویشمەتەوە!؟ كە ئێمە بۆ رۆیشتن مانگێك و بۆ هاتنەوە مانگێكمان زیاتر پێدەچێت!

بەڵام هەندێك لە زیرەكەكانیان دەیانزانی كە گاڵتە پێكردن دەوری نییە لە دژایەتی كردنی بانگەوازەكەی محمد (ﷺ)، و ئەم هەلەیان بە فورسەت زانی كە بیقۆزنەوە بۆ ئەوەی رەخنەی گەورەی لێبگرن و ئەوەبوو لێیان پرسی: ئەگەر راست دەكەیت تۆ چوویت بۆ (بیت المقدس) ئەوا دەمانەوێت بۆمان وەسف بكەیت؟

پێغەمبەر (ﷺ) لەو سەفەرەیدا بە پەرۆش بوو بۆ گەیشتن بۆلای پەروەردگار و سەفەرەكەشی لە شەودا بوو، بۆیە دڵی ناخۆش بوو بەو پرسیارە و غەمداربوو، بەڵام خوای گەورە پشتی پێغەمبەرەكەی بەرنادات و ئەوەبوو خوای گەورە چاوی كردەوە و (بیت المقدس)ی بۆ نزیك كردەوە و دەستی كرد بە وەسف كردنی شوێن بە شوێنی و بەرد بە بەردی، ئەمە وای كرد ئەوانەی كە پێشتر گاڵتەیان دەكرد و هاواریان دەكرد ملكەچ ببن بۆ ئەو وەسفە ووردە و دەمكوت بن.

كاتێك كە بێدەنگی باڵی بەسەر كۆمەڵەكەدا كێشا یەكێكی تریان بۆ ئەوەی لەسەر قورەیشییەكان بكاتەوە ووتی: ئەی محمد مادام تۆ دەڵێیت كە سەفەرم كردووە بۆ (بیت المقدس) ئەوا ئێمە كاروانێك ووشترمان هەیە لە رێگا و دەبێت تۆ دیبێتت، بۆیە بۆمان باس بكە و پێمان بڵێ لە كوێن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ دیومە و لە فلانە شوێنە و لە پێشیانەوە ووشترێك هەیە كە ئەوە سیفەتەكەیەتی و لەو كاروانەدا فلانە كەس و فلانە كەسی تێدایە لە فلان تیرە و فلان خێزانن، ئەوەبوو گاڵتە كردنەكە گەڕایەوە بۆ خۆیان چونكە پاش كەمێك كاروانەكە هاتە ناو مەككەوە و بە تەواوەتی بەو شێوەیەبوو كە

پێغەمبەر (ﷺ) وەسفی کردبوو و ئەمە بووە مایەی باوەڕهێنانی هەندێك لەو بێباوەڕانە و ووتیان بەڕاستی محمد (ﷺ) راستی فەرمووە و خاوەنی موعجیزەیە و لەلایەن ئاسمانەوە پشتگیری دەکرێت.

ئیتر لێرەوە بێباوەڕان بە تەواوەتی لغاو کران و ئەو شتەی بە هەلیان زانی بیکەن بە رەخنە و تانە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بووە مایەی زیاتر پشتگیری کردنی و دەرخستنی راستی ووتەکانی و گەورەیی و رێزی لەلای پەروەردگار.

٤- لەلایەکی ترەوە مەبەستێکی تر لەم موعجیزەیە بریتی بوو لە دڵنەوایی کردنی پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە پێش ئەمە چەندین رووداوی ناڕەحەتی دیبوو، کە بریتی بوون لە کۆچی دوایی (خدیجة)ی خێزانی کە گەورەترین پشتیوان و لایەنگری بوو، هەروەها کۆچی دوایی (أبوطالب)ی مامیشی کە ئەمیش بەرگری گەورەی لێدەکرد لە دژی بێباوەڕەکانی مەککە، هەروەها بێباوەڕەکان ئابلووقەی تەواویان خستبووە سەر بانگەوازەکە و پیاوەکانی، تەنانەت کە پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ (طائف) بۆ گەیاندنی بانگەوازەکەی، وەڵامیان نەدایەوە و خەڵکی نەزان و نەفامیان لێهاندا کە ئەزێت و ئازارێکی گەورەی لاشەیی و دەروونییاندا، بۆیە خوای گەورە ئەم موعجیزەیەی بۆ ئەنجامدا تاوەکو رێزی گەورەی لەلای هەموو دروستکراوەکان دەربخات و راستەوخۆ و بەبێ ناوەند گفتوگۆ لەگەڵ پەروەردگاردا بکات.

٥- پێغەمبەر (ﷺ) قۆناغێکی گەورە و وەرچەرخانێکی نوێی لەبەردەمدا بوو کە بریتی بوو لە کۆچ کردن بۆ (مەدینە) و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام، هەربۆیە خوای گەورە ئەم موعجیزەیەی بۆ ئەنجامدا بۆ ئەوەی سەرەتا پێغەمبەر (ﷺ) ئامادە بکات، و پاشان موسوڵمانانیش پاك بکاتەوە لەوانەی ئیمان لاوازن و باوەڕ بە پێغەمبەرەکەیان ناکەن و گومان لەدڵیاندایە و بە کەڵکی ئەو قۆناغە نوێ و چارەنووس سازە نایەن.

٦- موعجیزەی (ئیسرا و میعراج) تەنیا رووداوێکی تاکە کەسی نەبوو، بەڵکو دەرخستنی گەورەیی و سەروەریی پێغەمبەر و ئوممەتەکەی بوو بەسەر هەموو نەتەوەکاندا، کە محمد (ﷺ) پێشەوای هەردوو قیبلەکەیە و ئیمامی رۆژهەڵات و رۆژئاوایە، و میراتگری پێغەمبەرانە و پێشەوای هەموو نەوەکانی دوای خۆیەتی، کاتێك هەموو پێغەمبەران نوێژیان لەدواوە کرد ئەمە دانپێدانانی پێغەمبەران بوو بە پێشەوایەتییەکە و دەرخەری گشتگیری و نەمریی پەیامەکەی بوو، هەروەها گونجاویی بۆ هەموو زەمانێك و بۆ هەموو شوێنێك.

٧- بەستنەوەی مزگەوتی (الحرام) لە مەککە بە مزگەوتی (الأقصی) لە (قودس) و دەرخستنی گەورەیی ئەم مزگەوتە بۆ موسوڵمانان کە جێگەی شەوڕەوی پێغەمبەرەکەیانە، و ماوەیەکیش قیبلەیان بووە.

٨- خواردنەوەی شیر لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) کاتێك کە دەفری (شیر و مەی)یان بۆ هێنا ئەوە دەردەخات کە ئاینی ئیسلام ئاینی فیطرەتە و هەمیشە لەگەڵ دەروونی مرۆڤدا دەگونجێت و یەکدەگرێتەوە، و ئەمە ئەوەبوو کە جوبرائیل مژدەی بە پێغەمبەردا (ﷺ).

٩- گرنگی عیبادەتی نوێژ دەردەخات، کە هەموو فەرزەکانی تر لەسەر زەویدا پێویست کران تەنیا نوێژ نەبێت کە لە ئاسماندا فەرز کرا.

١٠- گەورەیی و قووڵیی و دامەزراوی بیروباوەڕی ئیمامی (ئەبوبەکری صیدیق) دەردەخات، لە بەرامبەر هەموو هەواڵێکدا کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی، هەربۆیە زانایان کۆن لەسەر ئەوەی

کە باشترینی نەتەوەی محمدە لە پاش پێغەمبەر (ﷺ).

١١- لە کۆتاییدا ئاماژەی تێدایە بۆ هەموو موسوڵمانانیش کە بیر لە گەورەیی دروستکراوەکانی پەروەردگار و فراوانی دەسەڵاتی بکەنەوە، کاتێك کە خوای گەورە سەرەتا هەموو یاساکانی گەردوون (بە تایبەتی یاساکانی فیزیا و ئەندازیاریی گەردونیی) بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەشکێنێت، و پاشان نیشانی پێغەمبەرەکەی دەدات و بۆ خەڵکی روون دەکاتەوە کە دروستکراوی گەورەتر و فراوانتر و سەرسوڕهێنەتری لەم گەردوونەدا هەیە، بۆیە ئەگەر ئێوە پێکهاتەی ئەم گەردوونەتان لا گەورەیە ئەوا بزانن ئەو کەسەی دروستی کردووە زۆر لە ئێوە بەدەسەڵاتترە و ئێوە ناتوانن هاوشانی بن ﴿أأنتم أشد خلقًا أم السماءُ بناها {٢٧} رفع سمكها فسواها {٢٨} وأغطش ليلها وأخرج ضحاها {٢٩}﴾ (النازعات)، هەربۆیە تێڕوانینتان لەوەی لە ئاسمان و زەویدایە دەبێت تەنها بۆ بینینی گەورەیی دەسەڵاتی پەروەردگارەکەی بێت و دەبێت گەیشتن بەم (یقین)ە هاندەرتان بێت بۆ باوەڕهێنان و ملکەچ بوون بۆی ﴿قل انظروا ماذا في السماوات والأرض وما تغني الآيات والنذر عن قوم لا يؤمنون﴾ (یونس:١٠١).

## سەرچاوەکان:

١- قورئانی پیرۆز.
٢- مفردات القرآن (تفسير وبيان) مع أسباب النزول/ إعداد: د. محمد حسن الحمصي/ دار الرشيد.
٣- (تفسير القرآن العظيم)/ للإمام ابن كثير/ تحقيق: عبدالرزاق المهدي/ الطبعة الأولى-٢٠٠٤.
٤- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان - مامۆستا بورهان محمد أمين / چاپی شەشەم - ٢٠٠٤.
٥- پوختەی تەفسیری قورئان (موفرەداتی قورئان) - مامۆستا محمد مەلا صالح بامۆکی - چاپی یەکەم ٢٠٠٥.
٦- ژیانی پێغەمبەری مەزن (ﷺ)/ عبدالعزيز شێخ أمين پاڕەزانی/ لێکۆڵینەوەی: رزگار کریم/ چاپی یەکەم - ٢٠٠٤ز.
٧- السيرة النبوية/ لإبن هشام/ تحقيق: مصطفى السقا، إبراهيم الأبياري، عبدالحفيظ شلبي/ الطبعة الثانية- ٢٠٠٣.
٨- صحيح السيرة النبوية/ إبراهيم العلي/ الطبعة الثانية-١٩٩٦.
٩- سيرة النبي (ﷺ) من القرآن الكريم والسنة الصحيحة/ عبدالحميد طهماز/ الطبعة الأولى- ٢٠٠٣.
١٠- الرحيق المختوم/ صفي الرحمن المباركفوري/ دار الأرقم.
١١- السيرة النبوية/ أبوالحسن الندوي/ دار ابن كثير- الطبعة الثانية عشرة- ٢٠٠١.
١٢- السيرة النبوية/ د.علي محمد الصّلابي/ دار المعرفة- الطبعة الأولى-٢٠٠٤.
١٣- فقه السيرة/ الشيخ محمد الغزالي/ تخريج: محمد ناصرالدين الألباني/ دار الكتب الحديثة - ١٩٧٥.
١٤- رفع الخفا شرح ذات الشفا/ الشيخ محمد بن الحاج حسن الآلاني الكردي/ تحقيق: حمدي عبدالمجيد السلفي، صابر محمد الزيباري/ دار إحسان للنشر.
١٥- الإسراء والمعراج/ د.عبدالحليم محمود/ دار وحي القلم/ الطبعة الأولى- ٢٠٠٣.
١٦- معجزات الرسول/ د.مصطفى مراد/ الطبعة الأولى- ٢٠٠٢.
١٧- موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن الكريم والسنة المطهرة/ يوسف الحاج أحمد/ الطبعة الثانية- ٢٠٠٣.



سیمیناری ڕۆژی (٢٧/٤/٢٠٠٦ز) كە ناوەندی كوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا لە سلێمانی هۆڵی (بنار) بە بۆنەی یادی لەدیك بوونی پێغەمبەری پێشەوا دروودی خوای لەسەربێت سازی كرد بۆ هەریەك لە بەڕێزان: **(مامۆستا نەشئەت غەفور سەعید)** و **(مامۆستا فاروق رەسوڵ یەحیا)**.

شایەنی باسە: د. دارا گوڵ حامد بە سەركەوتویی سیمینارەكەی بەڕێوەبرد.

---

**بابەتی یەكەم:**

## پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) لە دڵی ئیمانداران و لە دیدگای گەورە مەردانی خۆرئاواوە.

لەلایەن بەڕێز: (مامۆستا نەشئەت غەفوور سەعید) سەرۆكی ناوەند پێشكەش كرا.

### بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار و دروستكەری جهانیان، درووود و ڕەحمەت بڕژێ بەسەر گیانی پێغەمبەری نازدار و بنەماڵە و یارویاوەرانی، و بەسەر ئەوانەشدا كە بانگەشە بۆ ئەو بانگەوازەی پێغەمبەری نازدار دەكەن تا ڕۆژی دوایی ....

سەرەتا .....

السلام علیكم ورحمة الله وبركاته ...

سڵاوی پەروەردگارتان لێبێت، بەخێرهاتنی گەرمی هەموو خوشكان و برایانی بەڕێز دەكەم، وا بڕیاربوو ئەم بۆنە و ئاهەنگ و یادكردنەوەیەی لەدیكبوونی پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) لە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو (٢٠/٤/٢٠٠٦)دا سازبكرایە، كە بە هاتنی ئەو ڕۆژە (١٤٣٥) ساڵی (هەتاوی) زاینی بەسەر لەدایكبوونی پیرۆزی ئەو كەسایەتی‌یە هەرە بەرزەدا تێپەڕ دەبێت، كە لە ڕۆژی (٢٠/٤/٥٧١ن)دا بەپێی لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی گەردوون ناسی ڕێزدار (مختار پاشا) و (موحەمەد صاڵح فەلەكی) پێغەمبەری ئیسلام هاتووەتە دنیاوە، بەڵام خوای گەورە ئەمڕۆی تەقدیر كرد بۆ سازدانی ئەم كۆڕەی كە یادی پێغەمبەری (ﷺ) تێدا دەكەینەوە، بۆیە دەڵێین: یادی لەدایكبوونی ئەو زاتە پیرۆزبێت كە لە بەهاری (٥٧١ن)دا هاتە دونیاوە، بە تایبەتیش ئەم یادە لە موسوڵمانان پیرۆزبێت بە بۆنەی هاتنە دونیای مەشخەڵ و ڕۆشنایی و كۆتا بەرنامەی پەیامی گەردوونی و ژیان و مرۆڤ.

بێگومان میری شاعیرانی عەرەب (ئەحمەد شەقی) ڕەحمەتی خوای لێبێت راستی گوتووە:

((ولد الهدی فالكائنات ضیاء
وفم الزمان تبسم وثناء
الروح والملاء الملائك حوله
للدین والدنیا به بشراء
والعرش یزهو والحظیرة تزدهي
والمنتهی والسدرة العصماء
یوم یتیه علی الزمان صباحه
ومسائه بمحمد وضّاء))

هەروەك چۆن شاعیری مەزنی پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ) حەسسانی كوڕی سابت (ڕەزای خوای لێ بێت) لەبارەی شێوازی لەدیكبوونی ئەو زاتە دەفەرموێت:

(وُلِدتَ مبرءاً من كل عیب    كأنك قد خلقت كماتشاء)

واتە: ((بەبێ هیچ كەموكوڕیەك لەدایك بوویت وەك ئەوەی خۆت چۆن حەزت لێیە وا دروست كرابیت)).

ئێمە لە (**ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا**) بڕوامان وایە کە باشترین ڕێگە بۆ یادکردنەوەی ئەو بۆنە پڕشکۆیە کە یادی لەدیکبوونی پێغەمبەرە (ﷺ) بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی پیرۆزی ئەو زاتە، کە ژیاننامەیەکی مێژوویی زانستی و کردەیی هەمەلایەنی هەموو بوارەکانی ژیانە، لەپێناو سوودمەندبوون لێی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە هەنووکەییەکانی تاك و خێزان و کۆمەڵ و دەوڵەت لەژێر ڕۆشنایی ئەو ژیاننامە پڕپایەخەدا بۆ دونیای ئێستای مرۆڤایەتی، ئەمەش سەرسوڕهێنەر نییە بۆ ژیاننامەیەکی پڕ لە ڕەهەندی پەروەردەیی و بە حیکمەت و نموونەی بەرزی زیندوو لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿**لقد كانَ لكُم في رسول اللهِ أُسوةٌ حسنةٌ لمن كانَ يرجو الله واليوم الآخِر وذكَر الله كثيرا**﴾ (الأحزاب: ٢١)، واتە: ((سوێند بەخوا بەڕاستی لە ژیانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) سەرمەشقی و پێشەوایەتی چاك و نموونەی بەرز هەیە بۆ کەسێ بەهیوای پاداشتی خودا و ڕۆژی دوایی بێت))، هاوکاتیش لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی پاکی ئەوزاتەدا، پێویستە گیانی خۆشەویستی لە دڵی نەوەی نوێدا بۆ پێغەمبەری بەڕێز بچێنین، بۆ ئەوەی لوتکەی خۆشەویستی بەرجەستە بکەین کە ئەویش لە ئایەتی: ﴿**يحِبهم ويحِبونه ...**﴾ (المائدة: ٥٤)دا بەرجەستە بووە، واتە: ((خوای گەورە ئەوانی خۆش دەوێت و ئەوانیش خوای گەورەیان خۆشدەوێت)).

بێباوەڕان و هاوەڵپەرستان خوا درۆینەکانی خۆیان خۆشدەوێت، بەڵام ئیمانداران زیاتر لەوان خوای خۆیان خۆشدەوێت: ﴿**يحِبونهم كحبِ الله والذِين آمنوا أشد حبا للهِ**﴾ (البقرە: ١٦٥).

ئەم خۆشەویستییەش کە لە سەرچاوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەردا بەرچاومان دەکەوێت، لەلایەن وێژەر (ئەدیب) و شاعیری بەناوبانگ (وەلید ئەلعەزەمی) ڕەحمەتی خوای لێبێت کۆکراوەتەوە، لە کتێبی (الرسول ﷺ في قلوب أصحابه) ((پێغەمبەر ﷺ لەدڵی یاوەرانیدا))، ئێمەش بە پشتیوانی خوا چەند نموونەیەکی ئەو خۆشەویستییەتان بۆ دەخەینەڕوو هەروەك لە کتێبەکانی فەرموودەدا هاتوون:

١-جارێك پیاوێك لە پشتیوانان (الأنصار) بە غەمباری دێت بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خۆشەویستیش (ﷺ) لێی دەپرسێ: ئەی فلان کەس بۆچی غەمبار دەتبینم؟ پیاوەکە لە وەڵامدا دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا بەهۆی شتێکەوەیە کە بیرم لێکردۆتەوە، پێغەمبەرمان فەرمووی: ئەو شتە چییە؟ پیاوەکە ووتی: ئێمە بەیانیان و ئێواران دێین بۆ لات و سەیری ڕووخسارت دەکەین و لەگەڵت دادەنیشین، بەڵام لە دواڕۆژدا تۆ لەگەڵ پێغەمبەراندا شوێن و پێگەتان بەرز و بڵندە و ناتوانین بگەینە لات، پێغەمبەر هیچ وەڵامی نەدایەوە، پاش ماوەیەکی کەم جبریل ئەم ئایەتەی لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بۆ دابەزاند: ﴿**ومن يطِع اللهَ والرسولَ فأُولئك مع الذِين أنعم الله عليهم من النبيين..... الآية**﴾ (النساء:٦٩)، واتە: ((هەر کەسێك فەرمانبەری و گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەری بکات، ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدان کە خودای گەورە نیعمەتی بەسەردا ڕشتوون لە پێغەمبەران و .... تا کۆتایی ئایەتەکە)).

٢- دایکی ئیمانداران عائیشە (خوای لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی گوت: ئەی پێغەمبەر بەڕاستی من تۆم لەخۆم و ماڵ و منداڵم و خێزانم خۆشتر دەوێت، و بەراستی کە من لەماڵەوەم بیری تۆ دەکەم و خۆم ناگرم تا نەیەمەوە خزمەتت و سەیرت نەکەم، بەڵام کاتێك بیر لە مردنی خۆم و مردنی تۆ دەکەمەوە دەزانم تۆ دەچیتە بەهەشت و لەگەڵ پێغەمبەراندا پایەتان بڵند و بەرز دەکرێتەوە، و ئەگەر من بچمە بەهەشت دەترسم نەتبینم، پێغەمبەر وەڵامی نەدایەوە تا ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿**ومن يطيع اللهَ والرسولَ فأُولئك مع الذين .... الآية**﴾.

٣- ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمی فەرموویەتی: لە ماڵی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەمامەوە، ئاوی دەستنوێژ و پێویستیەکانم بۆ ئامادە دەکرد و دەهێنا، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم: چیت دەوێ داوای بکە؟ ووتم ئەی پێغەمبەر دەمەوێت لە بەهەشتدا هاوەڵت بم، فەرمووی: ئەی شتێکی دی جگە لەم داوایە؟ ووتم: هەر ئەوەم دەوێ، فەرمووی: (بۆ بەئاکام گەیشتنی ئەو داواکاریەت بە کرنووش بردنی زۆر یارمەتیم بدە)، ئەم فەرموودەیە پێشەوا (مسلم) گێڕاویێتییەوە.

٤- لە صەحیحی (بوخاری)دا هاتوە: پێغەمبەر پرسیاری لێکرا سەبارەت بە کەسێك کە کۆمەڵێکی خۆشدەوێت بەڵام هێشتا نەچووەتە ناویانەوە و لەگەڵیاندا نییە، لە وەڵامدا فەرمووی: مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە خۆشی دەوێت، ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: هیچ شتێك ئەوەندەی ئەم گوفتارە شیرینەی پێغەمبەر دڵی موسڵمانانی خۆش نەکرد.

٥- لە ڕووداوی شەهیدکرانی (زەیدی کوڕی دوثە نە) (خوای لێی ڕازی بێت) و ئەو گفتوگۆیەی لە ڕێگەدا ئەبوسوفیان لەگەڵیدا کردبووی، ئەبو سوفیان پێی دەڵێت: ئەی زەید بەخودا سوێندت دەدەم ئایا حەز دەکەیت ئێستا موحەممەد لە جێگەی تۆدابێت و لە ملی بدەین و تۆش لەناو ماڵ و منداڵی خۆتابیت؟ زەید ووتی: سوێند بەخوا حەزناکەم موحەممەد لە جێگای خۆشیدا دڕکێك ئازاری بدات بەرامبەر بەوەی من لە ماڵ وحاڵی خۆمدا دانیشم و بێزیانبم، ئەبوسوفیان دەڵێت: سوێند بەخوا هیچ کەسێکم نەبینیوە کەسێکی تری خۆش بوێت بەهێندەی ئەوەی یارانی موحەممەد موحەممەدیان لەخۆیان خۆشتر دەوێ.

ئامادەبووانی بەڕێز! جێگای خۆیەتی لێرەدا و لە کاتێکدا ژیاننامە و ژینی ئەو پێغەمبەرە گەورەیە کەوتووەتە بەر شالاوێکی دڕندانەی بەرنامە بۆداڕێژراو لەلایەن کەسانێك لە ڕۆژئاوادا، ئەم یادەمان بە ڕاوبۆچوونی هەندێك لە ڕۆژئاواییەکان خۆیان بڕازێنینەوە، ئاشکراشە ئەو ڕۆژئاواییانەی کە لەسەر ژیان و ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) نوسیویانە زۆر زیاترن لەوەی کە بتوانین باسیان بکەین یان لە بۆنەیەکی وادا بیانژمێرین، حیکمەت و قەدەری خوای گەورە وابوو لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا کتێبێکم بەرچاوکەوت بەناوی (المعجزة المتجددة) (موعجیزە بەردەوام تازەبووەوەکە) کە لەلایەن مامۆستا (صالح یافعی) نوسراوە، تێیدا نووسەر دەیان بەڵگە و گەواهی ڕاستی و بێخەوشی و گەورەیی پێغەمبەرمان (ﷺ) دەخاتەڕوو لەوانە:

**یەکەم**: ((دکتۆر جۆن هانۆڤەر لارسن - مامۆستا و بەڕێوەبەری بەشی بەکتریا لە نەخۆشخانەی ((گیس)) کە گەورەترین نەخۆشخانەی (کۆبنهاگن)ە لە دانیمارك، لە ڕاپۆرتێکی فراواندا باس لە گرنگی سەربڕینی ئاژەڵ دەکات لەسەر شێوازی ئیسلامی، و حیکمەتی پەروەردگار ئاشکرا دەکات لەو سەربڕینەدا، هەروەها مەترسی و زیانەکانی خواردنی مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئاژەڵی خنکا و ... هتد دەخاتەڕوو، هەروەها زیانەکانی بەخێوکردنی سەگ و ئەو نەخۆشیانەی بەهۆیەوە دەگوێزرێنەوە، هەروەها باسی گرنگی قەدەغەکردنی گۆشتی بەراز و هەموو قەدەغە کراوەکانی تری موسوڵمانان ئاشکرادەکات، بۆیە داوایەکی ئاڕاستەی پەرلەمانی ئەورووپی کردووە و داوای لێدەکات لەو بارەیەوە یاسای گونجاو دەربکەن.

**دووەم**: بۆ یەکەمین جاریشە ئەوە دەزانم کە شاعیری گەورەی ڕووسیای قەیسەری (ئەلیکسەندەر پووشکین) شیعری بە باڵای پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) و ئاینی پیرۆزی ئیسلام و قورئاندا گوتووە، و ئەمانەش دەچنە سەرباری ئەو پێدا هەڵدانەی لە شانۆنامەکانی تۆڵستۆیدا لەو بارەیەوە هاتووە، جا باپێکەوە گوێبیستی بەشێك لە برگەی ئەوشیعرانە بین:

((بەڕاستی خۆری گەردوون پرشنگیدا و ئاسمان و زەویش ڕووناك بوونەوە، وەك ڕووەکی کەتان کە لێوان لێودەبێت لە زەیت و لە چرایەکی بلووریندا پرشنگ دەدات، نوێژ بۆ پەروەردگارت بکە چونکە ئەو زۆر بە توانایە، و دەسەڵاتی شنەبای هەیە لە

ڕۆژێكی گه‌رمدا هه‌وره‌كان بۆ ئاسمان ده‌نێرێت و سێبه‌ری داره‌كانیش به‌ زه‌وی ده‌به‌خشێت، ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ زۆر به‌ به‌زه‌ییه‌ بۆیه‌ قورئانی ڕۆشنی بۆ موحه‌ممه‌د (ﷺ) ئاشكراكرد، و ده‌با ئێمه‌ش به‌ره‌و ڕۆشنایی بڕۆین و په‌رده‌ له‌سه‌ر چاوان لاچێت)).

**سێیه‌م**: بێگومان خستنه‌ ڕووی كتێبه‌كه‌ی (مۆیره‌) ی فه‌ره‌نسی سه‌باره‌ت به‌ مێژووی قورئان جێگای خۆیه‌تی كه‌ تێیدا هاتووه‌: ((ئه‌و ئه‌نجامه‌ی كه‌ ده‌توانین به‌دڵنیاییه‌وه‌ باسی لێوه‌ بكه‌ین ئه‌وه‌یه‌ كه‌ موصحه‌فی زه‌ید و عوسمان به‌ته‌نها ووردكار نه‌بووه‌، به‌ڵكو وه‌ك ڕووداوه‌كان ده‌یسه‌لمێنن و گه‌واهی له‌سه‌ر ده‌ده‌ن ئه‌و موصحه‌فه‌ تێرو ته‌واوه‌ ... به‌ڕاستی كۆكه‌ره‌وه‌كانیش به‌ده‌ستی ئه‌نقه‌ست هیچ شتێكیان له‌ نیگا (وه‌حی) قورئانیی فه‌رامۆش نه‌كردووه‌، و هه‌روه‌ها ده‌توانین جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش بكه‌ین به‌پشت به‌ستن به‌ به‌هێزترین به‌ڵگه‌ كه‌ هه‌موو ئایه‌تێك له‌ قورئاندا ووردكار و ته‌واوه‌ وه‌ك ئه‌وه‌ی محمد خوێندوونیه‌ته‌وه‌)).

**چواره‌م**: له‌ كۆتاییدا با پێكه‌وه‌ سه‌یری ئه‌مه‌ بكه‌ین كه‌ پرۆفیسۆر مایكل هارت له‌ كتێبی ئینسایكلۆپیدیا به‌ناوی (١٠٠)ه‌وه‌ كردوویه‌تی، و پێغه‌مبه‌ری سه‌روه‌رمان (ﷺ)ی هه‌ڵبژاردووه‌ و كردوویه‌تی به‌ پێشه‌نگی كاروانی مرۆڤایه‌تی له‌ مه‌زنی و گرنگی كه‌سایه‌تیدا، و له‌و باره‌یه‌وه‌ ده‌ڵێت: (به‌ڕاستی هه‌ڵبژاردنه‌كه‌م بۆ ئه‌وه‌ی موحه‌ممه‌د یه‌كه‌می ڕیزبه‌ندی لیستی گرنگترین پیاوانی مێژوو بێت، له‌وانه‌یه‌ خوێنه‌ران تووشی سه‌رسوڕمان بكات، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا ئه‌و (محمد)ه‌ تاكه‌ پیاوه‌ له‌ هه‌موو مێژوودا كه‌ توانیویه‌تی له‌سه‌ر هه‌ردوو ئاستی دنیایی و دینی سه‌ركه‌وتن به‌ده‌ست بهێنێت)، هه‌روه‌ها له‌ درێژه‌ی باسه‌كه‌یدا ده‌ڵێت:

(نێردراو و په‌یامبه‌ری زۆر هه‌ن و خاوه‌نی په‌یامی مه‌زن بوون، به‌ڵام ئه‌و پیاوانه‌ مردن بێ‌ئه‌وه‌ی بتوانن په‌یامه‌كه‌یان ته‌وابكه‌ن، وه‌ك مه‌سیح و مه‌سیحیه‌ت، یان خه‌ڵكانی دی به‌شدار بوون له‌گه‌ڵیاندا یان خه‌ڵكانێكی كه‌ زووتر به‌ره‌وپیر ئه‌و په‌یامانه‌ چوون، وه‌ك موسا له‌ یه‌هودیه‌تدا، به‌ڵام موحه‌ممه‌د تاكه‌ كه‌سایه‌تییه‌كه‌ په‌یامه‌ ئاینییه‌كه‌ی ته‌واوكردووه‌، و هه‌ر له‌ ژیانی خۆیدا هه‌موو ئه‌حكامه‌كانی (فه‌رمانه‌كانی ئه‌و په‌یامه‌) چوارچێوه‌ی بۆ داڕێژراوه‌ و سه‌رتاپای گه‌لانیش باوه‌ڕیان پێهێناوه‌ و چوونه‌ته‌ سه‌ر ڕێبازه‌كه‌ی، هه‌روه‌ها له‌به‌رئه‌وه‌ی به‌ته‌ك ئاینه‌وه‌ ده‌وڵه‌تێكی نوێی بونیاتنا بۆیه‌ ئه‌و كه‌سایه‌تییه‌ له‌و بواره‌ دونیاییه‌دا توانی تیره‌كان كۆبكاته‌وه‌ له‌ گه‌لێكدا، و گه‌لانیش كۆبكاته‌وه‌ له‌ ئوممه‌تێكدا، و هه‌موو بنه‌ما سه‌ره‌كییه‌كانی ژیانی ئه‌و ئوممه‌ته‌ی دامه‌زراند و، هه‌موو كاروباره‌ دونیاییه‌كانیشی داڕشتووه‌، و هه‌ر له‌ ژیانی خۆیدا و له‌ پێگه‌ی ده‌ستپێكه‌وه‌ بۆ جیهان دایناوه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ ئه‌و كه‌سایه‌تییه‌ كه‌ ده‌ستی به‌و په‌یامه‌ ئاینی و دونیاییه‌ كردووه‌، هه‌ردووكیشیانی ته‌واكردووه‌).

**ئاماده‌بووانی به‌ڕێز:**

ئایا ئه‌م به‌ڕێزانه‌ چی‌یان بۆ ئێمه‌ هێشته‌وه‌ كه‌ پێشكه‌شی پێغه‌مبه‌ری پێشه‌وامانی (ﷺ) بكه‌ین له‌ ڕۆژی یادی له‌دایكبوونی‌دا؟ ته‌نها ئه‌وه‌نده‌ نه‌بێت كه‌ بڵێین: سڵاوت لێبێت ئه‌ی په‌یامبه‌ری خوا له‌و ڕۆژه‌دا كه‌ له‌دایك بوویت، و له‌و ڕۆژه‌دا كه‌ كرایت به‌ په‌یامبه‌ر، و له‌و ڕۆژه‌دا كه‌ كۆچت كرد، و له‌و ڕۆژه‌شدا كه‌ هاوه‌ڵی هه‌ره‌به‌رزت (كه‌ خوای گه‌وره‌یه‌) هه‌ڵبژارد، و ئه‌و ڕۆژه‌ش كه‌ زیندوو ده‌كرێیته‌وه‌، سڵاوت لێبێت ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا.

ئێمه‌ش له‌ژێر سایه‌ی به‌یداخی (لااله‌ الاالله‌ محمد رسول الله‌)داین، سڵاوت لێبێت ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا كه‌ ئێمه‌ په‌یڤه‌كانی په‌روه‌ردگار ده‌رباره‌ی ئێوه‌ ده‌خوێنینه‌وه‌: ﴿**قُلْ إِنْ كُنتم تحِبونَ الله فاتبِعونِي يحِببكم الله ...**﴾، واته‌: ئه‌گه‌ر ئێوه‌ خوای گه‌وره‌تان خۆش ده‌وێت ئه‌وا شوێنی من بكه‌ون خوای گه‌وره‌ ئێوه‌ی خۆشده‌وێت، سڵاوت لێبێت ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا له‌ خۆشه‌ویستی تۆ و شه‌ریعه‌ته‌كه‌ی تۆدا، و خۆشه‌ویستی چوونه‌ خزمه‌تت له‌سه‌ر حه‌وزی كه‌وسه‌ر ئاشكرا ده‌كه‌ین بۆ هه‌موو خه‌ڵكی.

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین

والسلام علیكم ورحمة الله وبركاته ......

بسم الله الرحمن الرحيم

**بابەتی دووهەم:**

# (مژدەی هاتنی سەروەرمان محەممەد پێغەمبەر (ﷺ) لە لایەن پێغەمبەرانی پێشینەوە

ئامادە كردن و پێشكەش كردنی مامۆستا: فاروق رەسوول یەحیا

## پێشەكی

ئەو "بابەت"ە بنەڕەتی‌یەی كە ئەم باسەی بۆ تەرخان كراوە ڕووی لە هەموو مرۆڤیكی هۆشمەند و خاوەن ژیری‌یە لە گرۆی ئادەمیزددا..

دەڵێم (بابەتەكە) نەك باسەكەی ئێمە. چونكە خولگەی بابەتەكە: "چەسپاندنی پێغەمبەرێتی"ی سەروەرمان حەزرەتی محەممەدە، دروودی خوای لەسەر بیت، كە پەیوەندیی بە هەموو مرۆڤێكەوە هەیە، چونكە پێغەمبەرێتیی ئەم سەروەرە تەنیا بۆ نەتەوەیەك یاخود سەردەمێك نی‌یە، بەڵكو بۆ هەموو مرۆڤایەتی‌یە بەگشتی. ئەم باسەش بۆ ڕوونكردنەوەی لایەنێكی ئەو بابەتە ئامادە كراوە

ئەوەی گرنگە مرۆڤ بیزانێت لە سەرەتای ئەم جۆرە بابەتانەدا یەك سەرچاوەیی ئایینە ئاسمانی‌یەكانە.

قورئانیش تاقانە كتێبی جێی متمانەیە بۆ لێكۆڵینەوە لەم یەك سەرچاوەیی‌یە. هۆی ئەوەش ئیعجازەكەیەتی كە تا ئێستا پاراستوویەتی و هەتاهەتایە بە پارێزراویش دەیهێڵێتەوە.

قورئان لەم ڕوانگەیەوە باس لەوە دەكات كە خوای گەورە پەیمان و بەڵێنی لە هەموو پێغەمبەرانی پێشین وەرگرتووە كە ئەگەر پێغەمبەرێك (بەو وەسفانەی كە لە پێغەمبەری ئیسلامدا هەیە) هات و بانگەوازەكەی خوای پێ ڕاگەیاندن دەبێ شوێنی بكەون:

ئەوەتا دەفەرموێ:

﴿وإذْ أخذَ الله مِيثَاق النبيين: لَمَا آتيتكُم مِن كِتابٍ وحِكْمةٍ ثُم جَاءَكُم رسولٌ مصدق لِما معكُم لَتُؤمنن بِهِ ولَتنصرنه. قَالَ: أأقْررتم وأخذْتم علَى ذَلكُم إصري؟ قَالُوا: أقْررنَا. قَالَ: فَاشهدوا وأنا معكُم مِن الشاهِدِين﴾ (آل عمران:٨١) ....

لە ئەنجامی ئەمەدا، گەلێ مزگێنی بە هاتنی دوا پێغەمبەر لەو كتێبانەی پێغەمبەرانی پێشوودا هاتووە، چ بە "ناو"ی پێغەمبەرمان حەزرەتی محەممەد – دروودی خوای لەسەر بێت – و چ بە "وەسفەكانی" و وەسفی هاوەڵە بەڕێزەكانی، قورئانیش شایەتە لەسەر ئەمە:

ئەوەتا دەفەرموێ:

﴿وإنَّه لَفِي زُبُرِ الأولِين﴾ (الشعراء:١٩٦).

﴿أولَم يكُن لَهم آيةً أنْ يعلَمه علَماءُ بَنِي إسرائِيلَ﴾ (الشعراء:١٩٧).

﴿ويقُولُ الذِين كَفَروا لَست مرسلاً قُلْ كَفَى بِاللهِ شهيدا بيني وبينكُم ومن عِنده عِلْم الْكِتابِ﴾ (الرعد:٤٣) ...

﴿الذِين يتبِعونَ الرسولَ النبِي الأمي الذِي يجِدونه مكْتوبا عِندهم فِي التوراةِ والإنجِيل﴾ (الأعراف: ١٥٧) ...

* * *

## هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە لە ڕووی ژیرییەوە:

لەم ڕووەوە کە دەڕوانینە ئەم بابەتە، دەبینین ئەو کتێبانەی ئایینەکانی پێشوو گەلێ پێشبینییان باس کردووە..

بۆ نموونە: ئیصحاحی بیستەمی ئینجیلی "لۆقا" ئەم پێشبینییەی حەزرەتی مەسیح دەگێڕێتەوە سەبارەت بە شاری قودس(ئۆرشەلیم):

(فإذا رأيتُم أورشليمَ تحاصرُها الجيوشُ فاعلموا أنَّ خرابَها قريبٌ).

کاتێ کە لە بەشێکی زۆری ئەم پێشبینییانە ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئەو ڕووداوانەی کە پێشبینی کراون نرخ و بەها و گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە لەچاو ڕووداوی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا، کە ڕووداوێکە ڕەوڕەوەی مێژووی گۆڕی و جیهانی بە ئاراستەیەکی تردا برد..

کەواتە هەرگیز ژیری ڕابەرداری ئەوە نییە ئەو کتێبانە باسی گرنگترین ڕووداوی مێژووی مرۆڤایەتی نەکەن کە هاتنی دوا پێغەمبەرە ﷺ لە لایەن خوای گەورەوە، لە کاتێکدا کە باس لە ڕووداوێکی بچووکی وەك کاولبوونی شارێك بە گرنگییەکییەوە دەکەن.

دیارە باسکردنی ئەو پێغەمبەرەی کە دێت و باسی ئایینەکەشی کە ژێری داخوازی ئەوە دەبێت لەو کتێبانەدا هەبێت، یان ئەوەیە بەدرۆخستنەوەی دەبێت، یان پشت ڕاستکردنەوەی.

خۆ تا ئێستا نەچەسپاوە – تەنانەت لای شوێنکەوتووانی ئەو ئایینانەی تریش – کە نیشانەیەکی لەمەڕ بەدرۆخستنەوەی ئایینی ئیسلام و پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ لەو کتێبانەی پێشوودا هەبێت. بەڵکو تاوتوێکردنی زانستی لەم بابەتە – وەك دوایی بۆمان دەردەکەوێت – مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەوەی کە باسی دواهەمین پێغەمبەر ﷺ و ئایینەکەی ئەو بە تەسدیق و پشت ڕاستکردنەوە لەو کتێبانەدا هاتووە.

### قۆناغەکانی ئاشکرابوونی مژدەدانی پێغەمبەرانی پێشین لەسەر هاتنی پێغەمبەری ئیسلام:

دەتوانین قۆناغەکانی ئاشکرابوونی ئەو بەڵگە و مژدانە زۆر بە چڕی لە سێ بەشدا کورت بکەینەوە:

*یەکەم*: ئەو بەڵگانەی کە لە سەرەتای هاتنی ئیسلام و ژیانی خودی پێغەمبەردا ﷺ دەرکەوتوون و، ئەوانەش کە لە درێژایی مێژووی ئیسلامدا تا ئێستا لە لایەن زانایانی موسڵمانەوە لە کتێبە پیشووەکاندا ئاشکرا کراون.

*دووەم*: ئەو بەڵگانەی کە لە لایەن زانایانی ئەهلی کیتاب و خودی شوێنکەوتەی ئەو ئایینانەوە دەرکەوتووە و، هەندێکیشیان لە ئەنجامی ئەوەدا موسڵمان بوون، یان کاردانەوەی ئەو بەڵگانەیان بە شێوەی تر پێوە دەرکەتووە.

*سێهەم*: ئەو بەڵگە و مژدانەی کە تا ئێستا و لە دوای دەستکاری و قەڵەم تێبردنی چەندین جارە و سەدان ساڵەی شوێنکەوتەی ئەو ئایینانەوە کەچی هەر هێشتا لەو کتێبانەدا ماونەتەوە.

وا ئێستا بەپوختی لە هەموو یەکێکی ئەو قۆناغانە دەدوێین:

بەشی یەکەم: ئەو بەڵگانەی کە لە سەرەتای هاتنی ئیسلام و ژیانی خودی پێغەمبەردا ﷺ دەرکەوتوون:

پێغەمبەر ﷺ چەند ئایەتێکی بەسەر شوێنکەوتەی ئەو ئایینانەدا خوێندەوە و، بەو ئایەتانە تەحەددای کردن. وەك بڵێی بە زمانی قورئانی پیرۆزەوە و بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە پێیان دەفەرموێ:

(ئەوەتا کتێبەکانتان تەسدیقی پێغەمبەرێتیم و ئەو وەسفانەی من دەکەن کە تیایاندایە و، لەو دەعوایەمدا کە بە هەموو جیهانەکانی ڕادەگەیەنم، بە ڕاستم دادەنێن).

ئه‌مانه‌ش هه‌ندێکن له‌و ئایه‌تانه‌ی که‌ ئه‌م ته‌حه‌ددی‌یه‌یان تێدایه‌:

﴿ قُلْ فَأتوا بِالتوراةِ فَاتلُوها إنْ كُنتم صادِقين ﴾ (آل عمران:٩٣).

﴿ قُلْ تعالَوا ندع أبناءَنا وأبناءَكُم ونساءَنا ونساءَكُم وأنفُسنا وأنفُسكُم ثُم نبتهِلْ فَنجعلْ لعنةَ اللهِ علی الكاذِبين ﴾ (آل عمران:٦١).

له‌گه‌ڵ ئه‌م ته‌حه‌ددا ڕوون و ئاشکرایه‌شدا، هیچ کام له‌ زانا و قه‌شه‌کانی جووله‌که‌ و گاوره‌کان نه‌هاتن هیچ شتێك ده‌ربخه‌ن که‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌و ڕاگه‌یاندنه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ بێت. خۆ ئه‌گه‌ر هه‌رشتێکیان پێچه‌وانه‌ی فه‌رمووده‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌به‌رده‌ستدا ببوایه‌ - با زۆر که‌میش بێت - ئه‌وا ده‌ریانده‌خست و ئاشکرایان ده‌کرد.

یه‌که‌م دیارده‌ی سه‌رنج ڕاکێش بڵاوبوونه‌وه‌ی ئایینی ئیسلامه‌ له‌ناو دوو تیره‌ی (ئه‌وس و خه‌زرج)ی مه‌دینه‌دا زیاتر و پێشتر له‌ شوێنانی تر.

هۆکاری ئه‌و دیارده‌یه‌ش ئه‌وه‌یه‌ که‌:

جووله‌که‌کانی (بنو قينقاع.. بنو النضير.. بنو قريظة) له‌ یه‌سریب و ده‌وروبه‌ری له‌گه‌ڵ دوو تیره‌ی (ئه‌وس و خه‌زره‌ج)دا ده‌ژیان و، هه‌رکات له‌گه‌ڵ عه‌ره‌به‌کاندا ده‌جه‌نگان و شکستیان ده‌هێنا، ده‌یان وت:

به‌ پێی ئه‌و زانیاری‌یانه‌ی له‌ کتێبه‌کانماندا هه‌یه‌ به‌م نزیکانه‌ پێغه‌مبه‌رێك دێت و، ئێمه‌ش شوێنی ده‌که‌وین و به‌هۆی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ به‌سه‌رتاندا سه‌رده‌که‌وین. ئه‌وه‌تا جگه‌ له‌ مێژوو، قورئانیش ئه‌وه‌ی باس کردووه‌:

﴿ وكانوا مِن قبلُ يستفتِحونَ على الذِين كفَروا فلما جاءَهم ما عرفُوا كفَروا بِه فلعنةُ اللهِ على الكافِرين ﴾ (البقرة:٨٩).

﴿ الذِين آتيناهم الكِتاب يعرِفُونه كما يعرِفُونَ أبناءَهم وإن فَريقاً مِنهم ليَكتمونَ الحق وهم يعلمونَ ﴾ (البقره:١٤٦)

سه‌باره‌ت به‌ گاوره‌کانیش که‌ به‌هۆی کتێبه‌کانیانه‌وه‌ باوه‌ڕیان بووه‌ به‌وه‌ی ئه‌م پێغه‌مبه‌ره‌ و قورئانه‌که‌ی ڕه‌وانه‌کراوی خوای گه‌وره‌ن، ده‌فه‌رموێ:

﴿وإذا سمِعوا ما أُنزِلَ إلى الرسول ترى أعينهم تفِيض مِن الدمع مِما عرفُوا مِن الحق يقُولُونَ ربنا آمنا فاكتُبنا مع الشاهِدِين﴾ (المائده:٨٣)

گه‌لێ نموونه‌ هه‌ن بۆ ته‌سدیقی ئه‌م ڕاستی‌یه‌، وه‌ك:

١ - به‌سه‌رهاتی ژیانی سه‌لمانی فارسی و چیرۆکی موسڵمان بوونی.

٢ - به‌سه‌رهاتی موسڵمان بوونی زانای پایه‌به‌رزی جووله‌که‌: (عه‌بدوڵڵای کوڕی سه‌لام).

٣ - موسڵمان بوونی پادشا و ئوسقوفه‌کانی حه‌به‌شه‌.

هه‌روه‌ها گه‌لێ به‌ڵگه‌ی تر که‌ مێژوو بۆی باس کردووین.

* * *

ئێستاش به‌ چه‌ند نموونه‌یه‌کی که‌م سه‌ربوردێکی خێرای ئه‌و به‌ڵگه‌ و مژدانه‌ ده‌که‌ین که‌ له‌ درێژایی مێژوودا به‌ ڕوونی له‌ناو کتێبه‌ پێشووه‌کاندا سه‌باره‌ت به‌ هاتنی پێغه‌مبه‌رمان ﷺ بینراون و له‌ لایه‌ن زانایانی موسڵمانه‌وه‌ ئاشکرا کراون:

هه‌ر له‌ قۆناغی ژیانی هاوه‌ڵه‌ به‌ڕێزه‌کانه‌وه‌ سۆراخی ئه‌و مژده‌ و به‌ڵگانه‌ کراوه‌ و خراونه‌ته‌ ڕوو، ئه‌وه‌تا عه‌بدوڵڵای کوڕی عه‌مری کوڕی عاص دوای شاره‌زایی په‌یداکردنی له‌ ته‌وراتدا ده‌ڵێت:

هه‌ندێ له‌و وه‌سفانه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ که‌ له‌ قورئاندا هه‌یه‌ له‌ ته‌وراتیشدا به‌ هه‌مان جۆر هاتووه‌، وه‌ك:

"يا أيها النبي! إنّا أرسلناك شاهداً ومبشرًا ونذيراً وحرزاً للأميين. أنت عبدي. سميتُك المتوكل. ليس بفظ، ولاغليظ، ولاسخّاب في الأسواق. ولايدفع السيئة بالسيئة، بل يعفو ويغفر. ولن يقبضه الله حتى يقيم به الملّة العوجاء بأن يقولوا: لا إله إلاّ الله".

واته: ئەی پێغەمبەر! وا تۆمان نارد و کردمانیت بە شایەت و مزگێنیدەر و ترسێنەر و دالدەی نەخوێندەواران. تۆ بەندەی منیت و ناوم ناویت بە (پشت بەخوا بەست) تۆ تووڕە و توندوتیژ و قڕەقڕکەری ناو بازاڕەکان نییت، پێغەمبەرێکی وەهایت کە لە تۆڵەی کاری خراپدا خراپە ناکاتەوە، بەڵکو لێبورده دەبێت. خوا نایگێڕێتەوە بۆ لای خۆی هەتا میللەتە لارەکەی پێ ڕاست نەکاتەوە، بەوەی کە بڵێن: "لا إله إلاّ الله".

بڕوانە: سفر أشعیا: ئیصحاحی٤٢. هەروەها: صحیح البخاري ٢٤١/٥ باب (**إنا أرسلناك شاهداً ومبشراً ونذيراً**)، هەروەها: المستدرك للحاكم ٦٧٨/٢

بە درێژایی مێژوو زانایانی ئیسلام بە بەڵگە بۆ زانایانی ئەهلی کیتابیان چەسپاندووە کە ناوی (محەممەد پێغەمبەر ﷺ) لە کتێبەکانیاندا هەیە. وەك زانایان:

(ئیبن قوتەیبە،ساڵی وەفاتی: ٢٧٦ ك)..

(ماوەردی، ساڵی وەفاتی: ٤٥٠ ك)..

(فەخری ڕازی، ساڵی وەفاتی: ٦٠٦ك)..

(قەرافی، ساڵی وەفاتی: ٦٨٤ك)..

(ئیبن تەیمییە، ساڵی وەفاتی: ٧٢٨ك)..

(ئیبنولقەییم، ساڵی وەفاتی: ٧٥١ك)..

وە چەندین زانای تر.

ئەمانەشیان لە چەند کتێبکێکدا تۆمار کردووە. وا لەبەر کەمیی کات ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

١ – الأجوبه الفاخرة، دانراوی: (شهاب الدين أحمد القرافي).

بۆ نموونە: ئەم دەقەی سفری ئەشعیای نەقڵ کردووە:

(إنا سمعنا فى أطراف الجبال صوت محمد)!

٢ – (الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح) دانراوی: (ابن تيمية).

٣ – (هداية الحيارى من اليهود والنصارى) دانراوی: (ابن قيم الجوزية).

بۆ نموونە: ئەم دەقەی خوارەوە سفری ئەشعیا هەریەك لە فەخری ڕازی و قەرافی و ئیبن تەیمییە و ئیبنولقەییم لە کتێبەکانیاندا نەقڵیان کردووە:

(إني جعلت اسمك محمداً. يا محمد يا قدوس الرب! اسمك موجود من الأبد).

٤ – (إظهار الحق) دانراوی: (رحمة الله الهندى).

پوختەیەك لەبارەی ئەم کتێبە و دانەرەکەی:

(شێخ ڕەحمەتوڵڵای هیندی) لە نێوان ساڵەکانی (١٨١٨ — ١٨٩١ز)دا ژیاوە. کتێبەکەشی کە ناوی "إظهار الحق"ە بە وردترین لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی دادەنرێت لە هەردوو کتێبی تەورات و ئینجیلی ئێستادا. هۆی دانانی ئەم کتێبەش ئەوە بووە کە لە دەمی داگیرکردنی هیندستان لە لایەن ئینگلیزەوە، موبەششیرەکان زۆر بە توندی هێرشیان دەکردە سەر ئیسلام. بۆیە گەلێ کەس لە زانایان بەرەنگاریان بوونەوە. یەکەم مونازەرەی ڕەسمی لە نێوان دانەری ئەم کتێبە و سەرۆکی موبەششیرەکان لە بەرواری ١٠/٣/١٨٥٤زدا سازکرا و، سەرجەمی گفتوگۆکانی ئەم مونازەراتانەش بە ئامادەبوونی گەورە پیاوانی هیندستان تۆمار کران. لە ئەنجامدا موبەششیرەکە بە بەڵگە بەزێنرا و، پێش ئەوەی مونازەرەکە کۆتایی پێ بێت شکستی هێنا و، لە کۆڕی مونازەرەکە ڕۆشتە دەرەوە!

٥ – (الرسالة الحميدية) دانراوی: (حسين الجسر) کە خەڵکی تەرابلوسی لوبنانە. (ساڵی وەفاتی: ١٩٠٩ز) ئەم زانایە سەد و دە بەڵگەی لەسەر پێغەمبەرێتیی پێغەمبەرمان ﷺ لەو کتێبانەدا دەرهێناوە و لە کتێبەکەیدا تۆماری کردووە.

٦ – (نبوة محمد من الشك إلى اليقين) دانراوی زانای هاوچەرخ (دکتۆر فازڵ سامەرائی) کە دوای ئەوەی تەحریف و دەستکاریی ناو

کتێبە پێشووەکان بە بەڵگەوە ڕوون دەکاتەوە، هێشتا بیست وسێ بەڵگەی توندوتۆڵ و بێ گومان لەو کتێبانە دەردەهێنێت کە شایەتی و مژدەن لەسەر هاتنی پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ).

* * *

ئێستاش دێینە سەر باسی بەشی دووەم: کە ئەو بەڵگانەیە لە لایەن زانایانی شوێنکەوتەی خودی ئەو ئایینانەوە دەرکەوتووە و، هەندێکیشیان لە ئەنجامی ئەوەدا موسڵمان بوون، یان کاردانەوەی ئەو بەڵگانەیان بە شێوەی تر پێوە دەرکەوتووە.

بۆ نموونە:

١ – کتێبی: (الدین والدولة) دانراوی: (عەلیی کوڕی ڕەبەنی تەبەری) (ساڵی وەفاتی: ٢٤٧ ك) کە لە پێشدا مەسیحی و پاشان موسڵمان بووە. گەلێ دەقی لەم بوارەدا تێدایە. بۆ نموونە ئەم دەقەی تەورات:

(لقد أضاءت السماء من بهاء محمد وامتلأت الأرض من حمده).

هەمان دەق (ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد) کە قەشەیەکی هاوچەرخە و پاشان موسڵمان بووە، ساڵی ١٤٠٩ ك بڵاوی کردووەتەوە.

٢ – کتێبی: (بذل المجهود فی إفحام الیهود) دانراوی: (السموأل بن یحیی المغربی) (ساڵی وەفاتی: ٥٧٠ ك) کە لە پێشدا جوولەکە و پاشان موسڵمان بووە، ئەم دەقەی تەورات نەقڵ دەکات:

(وامارادونای اتکلی وریفور یعاریە سیعیر اتخذی لانا استنحی بعبورتیە علی طورد فاران وعمە ربوان قد یشین).

ئەم دەقەی تەورات بە چەندین شێوەی جیاواز لە چاپە جۆراوجۆرەکاندا تەرجەمە کراوە. بەڵام تێکڕای واتاکان لەوە دەرناچن کە: باس لە درەوشانەوەی نووری خوای گەورە (وەحی = سرووش) دەکات لە سێ شوێندا:

یەکەم: سینا (کە شوێنی وەحی هاتنە بۆ حەزرەتی مووسا دروودی لەسەر بێت)..

دووهەم: سێعیر – یاخود ساعیر – (کە ناوی ئەو ناوچەیە بووە حەزرەتی عیسای تێدا ژیاوە)..

سێهەم: فاران (کە ناوی چیاکانی مەککەیە). ئاشکرایشە کە لە بەرزترینی چیاکانی فاراندا _ کە چیای حەرائە – وەحی بۆ پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ هاتووە.

دانەری کتێبی ناوبراو – هەروەها چەند نووسەرێکی تری پێشین و هاوچەرخیش – بە بەڵگەی دەقی تەورات خۆی ئەوەیان چەسپاندووە کە (چیای فاران) چیاکانی مەککەیە.

هەندێ لە زانایانی ئیسلام پێیان وایە ئەو مژدەیەی تەورات لەگەڵ ئەم ئایەتەی قورئاندا یەك دەگرێتەوە کە دەفەرموێ:

﴿ **والتين والزيتون * وطور سينين * وهذا البلد الأمين** ﴾ (التين:١-٣)

بەوەدا کە حەزرەتی عیسا گەلێ جار ڕۆشتووە بۆ (جبل الزیتون) و.. (طور سینین)یش سینایە کە وەحیی تێدا هات بۆ حەزرەتی مووسا و.. (هذا البلد الأمین)یش مەککەیە کە دەکەوێتە ناو چیاکانی فارانەوە!

٣ – قەشەیەکی ئیسپانی کە لە پێشدا ناوی: (ئەنسلم تورمیدا) بووە و پاشان موسڵمان بووە و ناوی خۆی گۆڕیوە بە: عەبدوڵڵا و ناسراوە بە (عبدالله الترجمان) ، (ساڵی وەفاتی: ٨٣٢ ك). ئەم دەقەی خوارەوەی باس کردووە کە لە تەوراتدا هەیە:

(أحمد يحمد الله حمداً حديثاً، يأتي من أفضل الأرض فيفرح به البرية وسكانها، ويوحدون الله على كل شَرَف، ويعظمونه على كل رابية).

٤ – لە نێوان ئەو نۆ موسڵمانە هاوچەرخانەشدا کە پێشتر مەسیحی بوون و، دەقی تەورات یان ئینجیلیان کردووە بە بەڵگە بۆ موسڵمان بوونیان، ئەم ناوانە – بۆ نموونە – باس دەکەین:

یەکەم: (ئیبراهیم خەلیل فیلبیس) کە پێشتر قەشە بووە و، لە دوای لێکۆڵینەوەی ورد لە کتێبە پێشووەکان موسڵمان بووە و ناوەکەی خۆی گۆڕیوە بە (ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد) و، کتێبێکی تێروتەسەلی لەم ڕووەوە نووسیوە بە ناوی: (محمد في التوراة والإنجيل والقرآن).

دووەم: گەورەی قەشەکانی کلدانی ئاشووری لە ورمێی کوردستانی خۆرهەڵات پرۆفیسۆر (داڤید بنجامین) کە دوای لێکۆڵینەوەی ورد لەو کتێبانەی ئایینەکانی پێشوودا موسڵمان بووە و بە (عبد الأحد داود ئاشووری) ناسراوە، لە کتێبێکیدا بە ناوی: (محمد وەك لە کتێبی جوولەکە و دیانەکان هاتووە) گەلێ شتی ڕوون کردووەتەوە، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەی لەم دەقەی ئینجیلی لۆقا (١٤/٢) کردووە کە وەرگێڕەرانی ئینجیل بەم جۆرە وەریان گێڕاوە:

(الحمد لله في الأعالي وعلى الأرض السلام وبالناس المسرة)..

واتە: (ستایش بۆ خوا لە بەرزاییەکان و.. ئاشتی لەسەر زەویدا و.. شادی لەناو خەڵکیدا).

ئەم بەڕێزە دوای لێکۆڵینەوەی وردی زانستی لەو زمانانەی کە هەر لە کۆنەوە ئەم دەقەیان تێدا هاتووە و گەڕانەوەی بۆ بنج و بناوانی وشەکانی ئەم دەقە، بە بەڵگە دەیسەلمێنێت کە تەرجەمە ڕاستەکەی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

(الحمد لله في الأعالي وعلى الأرض إسلام وللناس أحمد)!

کە بە واتایەکی ڕوون ئەوە دەگەیەنێت: (ستایش بۆ خوا لە بەرزاییەکان و.. ئیسلام دێتە سەرزەوی و.. ئەحمەد پێشکەشی خەڵکی دەکات)!

* * *

بەشی سێهەم: ئەو بەڵگە و مژدانەی کە تا ئێستا و لە دوای دەستکاری و قەڵەم تێبردنی چەندین جارە و سەدان ساڵەی شوێنکەوتەی ئەو ئایینانەوە کەچی هەر هێشتا لەو کتێبانەدا ماونەتەوە.

وا لێرەدا – لەبەر کەمیی وەخت یەك دوو نموونەیەکیان لێ باس دەکەین:

نموونەی یەکەم:

هەتا ئەمڕۆش نوسخەکانی "تەورات" بە ڕوونی ناوی (محمد)یان تیدا ماوە.. ئەوەتا لە بەشی: (نشيد الأنشاد- ئیصحاحی پێنجەم – بڕگەی شازدەهەم) ئەم وشانەی تێدا هاتووە:

(حِكو مَمْتَكيم فكلّو محمديم زيه دُودي فَزيه ريعي).

واتاکەی:

(گوفتارەکەی ئەو محەممەدە مەزنە شیرینترین گوفتارە، ئەوە خۆشەویست و دۆستی منە).

پاشگری (یيم) لە زمانی عیبریدا بۆ (تەعزیم) واتە گەورە ڕاگرتنە.

بەڵام جوولەکە و مەسیحییەکان مل نادەن بەوەی کە (محمد) لێرەدا (ناو) بێت، بەڵکو دەڵێن: (سیفەت)ە. واتە: ئەو کەسە (خاوەنی ڕەوشت و ئاکارە بەرزەکانە)!

ئێمەش دەڵێین: تەنانەت گەر وایش بێت، ئایا کێیە جگە لە سەروەری مرۆڤایەتی محەممەد پێغەمبەر – دروودی خوای لەسەر بێت – بەو ڕادەیە خاوەنی ڕەوشت و ئاکارە بەرزەکان بێت و دۆست و خۆشەویستی خوای گەورە بێت؟!

نموونەی دووهەم:

تەورات لەسەر زمانی حەزرەتی داوود دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

"ما أسعد أولئك الذين يتلقون قوتهم منك، الذين يتوقون لأداء الحج إلى جبل المجتمع الديني الذي خَلُصَ لعبادة الله ، وهم يمرون عبر وادي بكه الجاف فيصبح مكاناً للينابيع".

(وادی بکە) واتە: "شیوی بەککە" ئەو شوێنەیە کە (مسجد الحرام)ی تێدایە و، باسی ئەنجامدانی فەرزی حەج دەکات کە یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام. وەك قورئان دەفەرموێ:

﴿إن أولَ بيتٍ وضِع للناس للذي ببكةَ مباركًا وهدى للعالمين * فيه ءايات بينات مقام إبراهيم ومن دخله

كانَ ءامِنا ولِلهِ على الناس حِج البيتِ من استطاع إليه سبيلاً ومن كفَر فإن اللـه غَنِي عن العالَمين﴾ (آل عمران:٩٦-٩٧).

مەسیحییە عەرەبەكان وشەی (وادی بكە)یان لە تەرجەمە عەرەبییەكاندا گۆڕیوە بە: " وادي البكاء " دیارە هیچ پەیوەندییەك نییە لە نێوان: (بكە) و (بكاء)دا. دەبێ بیشزانین كە وشەی "بكە" لە دەقە ئینگلیزییەكەدا بە پیتی گەورە (كاپیتاڵ) و بەم جۆرە: (Baca) نووسراوە، كە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ناوی عەلەمە و بۆ وەرگێڕان دەست نادات.

نموونەیەكی تر (ئینجیلی بەرنابا)یە:

* * *

## دۆزینەوەی (ئینجیلی بەرنابا) و باسكردنی ناوی (محەممەد پێغەمبەر ﷺ بە ڕاشكاوی تیایدا)

بە پوختی ئەم چەند خاڵانە لەم ڕووەوە گرنگن كە بیانزانین:

* بەرنابا بەپێی خودی سەرچاوە مەسیحییەكان: كەسێكی بەڕێز و پایەدارە لە لایەن كەنیسەوە.

* ئینجیلێكی دراوەتە پاڵ بە ناوی: (ئینجیلی بەرنابا).

* لە سەرچاوەكاندا باس لەوە كراوە كە (پاپا جلاسیوس) ساڵی: (٤٩٢ز) خوێندنەوەی چەند كتێبێكی قەدەغە كردووە، ناوی یەكێك لەوانە (ئینجیلی بەرنابا)یە. كە ئەمەش دەیسەلمێنێت (ئینجیلی بەرنابا) لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و دواهەمین پێغەمبەردا هەبووە.

* دوای ساڵەها ساڵی سەرنگوونی و بێ سۆراخیی ئەم ئینجیلە، سەدەی شازدەهەمی زاینی لە ژینگە و دەوروبەرێكی تەواو مەسیحی و لە كتێبخانەی خودی ڤاتیكاندا دۆزرایەوە.

* دوای دۆزینەوەی ئەم ئینجیلە و تەرجەمە كردنی بە گەلێ زمان، مشتومڕ و وتووێژی زۆری لەسەر دروست بوو، بە تایبەت لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییەكاندا.

* تایبەتمەندیی ئەم ئینجیلە لەچاو ئینجیلەكانی تردا لە چەند خاڵێكدایە:

یەكەم: ئینكاریی ئەوە دەكات كە عیسا خوا بێت یان كوڕی خوا بێت. بەڵكو بە پێغەمبەر و بەندەی خوا باسی دەكات. (كە ئەمەش لەگەڵ قورئاندا یەك دەگرێتەوە)

دووەم: ئینكاری ئەوە دەكات كە عیسا لە خاچ درابێت. (ئەمەش بە هەمان جۆر لەگەڵ قورئاندا یەك دەگرێتەوە)

سێهەم: لە زۆر شوێندا بە ڕاشكاوی ناوی (محەممەد ﷺ) دەهێنێت. وەك ئەم دەقانەی خوارەوە:

١ – (١٤/٣٩): "فلما انتصب آدم على قدميه رأى في الهواء كتابة تتألق كالشمس نصها: لا إله إلا الله محمد رسول الله".

٢ – (٣٠/٤١): "فلما التفت آدم رأى مكتوباً فوق الباب: لا إله إلا الله محمد رسول الله".

٣ – (١٧/٩٧): "إن اسمه المبارك محمد".

٤ – (٨/١٦٣): "إنه محمد رسول الله".

* * *

## دۆزینەوەی دەستنووسەكانی ناوچەی (دەریای مردوو) پشتی (ئینجیلی بەرنابا) دەگرێت

* لە نێوان ساڵەكانی (١٩٤٧-١٩٦٧ز)دا زنجیرە دەستنووسێكی كۆن و نایاب لە ئەشكەوتەكانی (جبل قمران)ی نزیك (دەریای مردوو) لە فەلەستین دۆزرایەوە، كە زۆر هەڵەی مێژوویی ڕاست دەكەنەوە سەبارەت بە هەردوو ئایینی جوولەكە و مەسیحییەت و سەرچاوەكانیان.

* لێكۆڵینەوەكانی پسپۆڕ و شارەزایان لەسەر پەڕەكانی ئەم دەستنووسانە ئەوە دەردەخەن كە لە نێوان ساڵی (٢٠٠ پ.ز) و (نیوەی یەكەمی سەدەی یەكەمی زایینی)دا نووسرابن.

* هەندێ لەو دەستنووسانە لە لایەن دەوڵەتی ئەردەن و هەندێكی تری لە لایەن زانكۆی عیبریی

قودســەوە و هەنــدێکی تــری لــە (مۆزەخانــەی کتێبــە کۆنــەکان)ی قودســی خۆرئــاوادا دەســتیان بەسەردا گیراوە.

* وێنــەی بەشــێکی ئــەو دەستنووســانە کەوتووەتــە بەردەستی توێژەران و بە چەندین زمان تەرجەمە کراوە.. بەڵام بەشی هەرە زۆری هێشتا هەر پەنهانە و پەردەی لەسەر لانەبراوە.

* یەکێك لەو شتانەی کە لەم دەستنووسانەدا هاتووە ئەوەیە کە دەڵێت:

(عیســا "مەســییا"ی مەســیحی‌یەکانە و، جگــە لــەو "مەسییا"یەکی تریش هەیە)!

وشــەی (مەســییا) بــە زمــانی ئــارامیی کــۆن واتــای: (پێغەمبــەر) دەگەیەنێت.

* * *

قەشــە (أ. بــاوڵ دیفتــەر) کــە ســەرۆکی هــەموو قەشــەکانی واشــینتۆنە، لــە کتێبێکــیدا ســەبارەت بــەو دەستنووســانە دەڵێت:

(دەستنووســەکانی دەریــای مــردوو یەکێکــە لــە مــەزنترین دۆزینــەوە گرنگــەکان لــە مــاوەی چــەندین ســەدەدا و، لەوانەیــە تێگەیشتنی تەقلیدیمان بۆ ئینجیل بگۆڕێت).

* * *

* دوای دۆزینــــەوەی ئــــەم دەستنووســانە (پاپــا)ی ڤاتیکــان وتی: دەرکەوت کە تێگەیشتەکانی ئێمــە بــۆ (مەســیح) هەڵــەن و، پێویســـتە لای موســـڵمانەکان ڕاســتیان بکەینــەوە! لەبــەر ئــەوە داوای کۆنگرەیــەکی کــرد لــە نێــوان موســـڵمانان و مەســیحی‌یەکاندا. بــەڵام جوولەکــەکان ناڕەزاییــان لەســەر ئــەو کۆنگرەیــە دەربــڕی و، پێش ئەوەی کۆنگرەکە ساز بکرێت (پاپا) کوژرا، بێ ئەوەی بکوژەکەی بزانرێت کێیە.

* پاپــای دوای ئــەو ناچــار بــوو کۆنگرەکــە تایبــەت بکــات تــەنها بــە مەسیحی‌یەکانەوە و، مــاوەی چــوار ســاڵ وتووێــژی خایانــد. گــرنگترین دەرەنجـــام و خاڵـــەکانی ئـــەو کۆنگرەیــە ســەبارەت بــە ئێمــەی موسڵمانەوە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: موسڵمانان دەستەیەکی ڕزگــاربوو (فرقــة ناجیــة)ن لــەو دنیادا.

دووهـــــــەم: دەبـــــــێ بڵاوکردنەوە(تەبشیر)ی مەسیحیەت لەناو موسڵماناندا قەدەغە بکرێت.

سێهەم: هەرکەسێك دەیەوێت کەســێتیی حــەزرەتی مەســیح بــە باشــی بناســێت بــا پرســیار لــە موسڵمانان بکات!

شــایانی باســە نوســخەیەك لــەم بڕیارانە لە شاری مەککەی پیرۆز لە لایەن (ڕێکخراوی ڕابیتــەی جیهــانی ئیسلامی)یەوە پارێزراوە.

* بەڵام پاپای دوای ئەو کە هات هەموو بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیەی هەڵوەشاندەوە!

* یــەکێك لــەو قەشــانەی کــە ئامــادەی ئــەو کۆنگرەیــە بــووە گــەورەی قەشــەکانی پاریســە و، لــە بۆنەیەکــدا بــە (پرۆفیســۆر دکتــۆر مۆریس بۆکای) وتووە:

(ناخۆشــترین ڕۆژ لــە مێــژووی ئــــەوروپادا ئەوڕۆژەیــــە کــــە موســـڵمانەکان بـــە ســـەرکردەیی عەبدوڕڕەحمانی غافیقی لە بەردەم سوپای ئەوروپادا شکستیان هێنا، چونکە بێگومان ئێمەی ئەوروپایی بــەو شکســتەی ئــەوان دوو ســەدە دواکەوتین! ئەوەتا ئێمە دوای چوار ســاڵ کــۆنگرە بــەوە کۆتاییمــان پــێ هێنــا کــە: هــەرکات ویســتمان کەســێتیی مەســیح بناســین دەبــێ پرسیار لە موسڵمانان بکەین)!

دکتــۆر (چــارلس فەرەنســیس بۆتــەر) لــە کتێبەکــەی‌دا بــە نــاوی: (ســاڵە ونبووەکــانی ژیــانی عیســا دۆزرایەوە) دەڵێ:

(کەنیسە لە سەردەمی یەکەمی دروســتبوونی‌دا ئینجیلێکــی دوور خستووەتەوە بە ناوی: (ئینجیلی بەرنابا). بەڵام ئەو دەستنووسانەی کــە تــازەکی لــە ناوچــەی (دەریــای مــردوو) دۆزرانــەوە پشــتی ئــەو ئینجیلە دەگرن)!

## کۆتایی

هیوادارم ئەم باسەی پێشکەش کرا ئامانجەکەی خۆی هێنابێتە دی، کە ئەو ئامانجەیە قورئان دەفەرموێ:

﴿لِيستيقِن الذين أوتوا الكتاب ويزداد الذين آمنوا إيماناً﴾ (المدثر:٣١)

هەروەك هیوادارم شوێنکەوتەی ئاینەکەکانی تریش وەك موسڵمانان "دەمارگیریی ئایینی" بنێنە لاوە و گوێ بۆ دەنگی ویژدان و بەڵگە و ڕاستییەکان بگرن، ئەوەتا هەتا ڕۆژگار زیاتر بەرەو پێش بڕوات پتر ڕاستییەکان بە درەخشانی خۆیان دەنوێنن..

ئەم هیوایەشمان پتر بە شوێنکەوتووانی ئایینی مەسیحی زیاترە تاکو شوێنکەوتەی ئایینەکانی تر، چونکە قورئان لەچاو ئەوانی تردا پلەیەکی جیاوازی بۆ داناون. هەروەك ئاماژەی فەرموودەی پێغەمبەریش پشتی ئەم هیوایەمان دەگرێت، بەوەدا کە باس لە هاتنە خوارەوەی حەزرەتی مەسیح دەکات و کاتێ کە دێت شوێن ئایینی ئیسلام دەکەوێت. کە ئەمەش هەروەك دەقە لەسەر دووبارە هاتنەوەی حەزرەتی عیسا - درودی لەسەر بێت - ئاماژەشی تێدایە بۆ ئەوەی کە شوێنکەوتووانی ڕاستەقینەی ئایینەکەی ئەو لە ڕۆژگارە دژوارەکانی ئاخر زەماندا لەگەڵ موسڵماناندا یەکدەگرن بۆ بەربەستکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی هاوبەش کە "ئیلحاد" و بێ باوەڕییە.

بۆیە داوایان لێ دەکەین بە لێبوردەیی و خشووعەوە لەگەڵ ئێمەدا گوێ لەم بانگەزاوەی خوای گەورە ڕابگرن کە دەفەرموێ:

﴿قُلْ يا أهلَ الكِتابِ تعالوا إلى كلمةٍ سواءٍ بيننا وبينكم ألاّ نعبدَ إلاّ الله ولا نشركَ بِهِ شيئًا ولا يتخِذَ بعضنا بعضا أربابا مِن دون اللهِ فَإنْ تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمونَ﴾ (آل عمران: ٦٤).

* * *

## سەرچاوەکانی ئامادەکردنی ئەم بابەتە:

١ - إنجيل برنابا. ترجمة الدكتور خليل سعاده. نشر محمد رشيد رضا ١٩٠٨م

٢ - ئینجیلی لۆقا تەرجەمەی کوردی (کرمانجیی ژووروو). چاپی دووهەم، چاپخانەی (Doz) ئەستەمبووڵ ١٩٩٢

٣ - (بذل المجهود في إفحام اليهود) دانراوی: (السموأل بن يحيى المغربي). نشر وتحقيق: نافع عبدالجبار علوان. مطابع الشعب - بغداد ١٩٦٩م

٤ - الكتاب المقدس. ترجمة ونشر جمعية الكتاب المقدس - لبنان. چاپی ئەستەمبووڵ ١٩٩٥ز (Ohan Matbaacilik).

٥ - محمد وەك لە کتێبی جوولەکە و دیانەکان هاتووە. دانراوی: (عبد الأحد داود) وەرگێڕانی بۆ کوردی: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان. بڵاوکراوەی نووسینگەی تەفسیر - هەولێر ٢٠٠٦ز

٦ - مەکتووبات، دانراوی مامۆستا سەعیدی نوورسی. وەرگێڕانی ئێمە. تاران ٢٠٠٥ز. بەشی تایبەت بە (موعجیزاتی ئەحمەدی) کە ئەم بەشە دووجار بە سەربەخۆییش چاپمان کردووە: چاپی یەکەم ١٩٩٢ز لە ئەستەمبووڵ، چاپی شەرعیی دووهەم: ٢٠٠٢ز لە سلێمانی چاپخانەی ئاراس.

٧ - (نبوة محمد من الشك إلى اليقين) تأليف (د. فاضل السامرائي). مكتبه القدس بغداد ١٩٧٨م

٨ - نظرات في إنجيل برنابا. تأليف: محمد علي قطب. مطبعة (مهر) - قم - إيران ١٤١٣هـ مصورة عن طبعة لبنان.

٩ - چەند پێگەیەکی ئینتەرنێتی ئیسلامی و مەسیحی.



بسم الله الرحمن الرحيم

# هەیڤ

**صاحب الإمتياز:**
نشأة غفور سعيد
**رئيس التحرير:**
مريوان أحمد رشيد

**الهيئة الإستشارية:**
فاروق رسول يحيى
جلال حمه صالح البوسكاني
شمال عبدالرحمن المفتي
د. كاوه فرج سعدون
جمال محمد أمين
خالد حسن علي

مجلة علمية فصلية يصدرها:
﴿مركز كردستان للإعجاز العلمي في القرآن و السنة﴾
العدد (العاشر) / السنة (الثالثة) / ١٤٢٧هـ- ٢٠٠٦م
العنوان: العراق / السليمانية- شارع (پيرەمێرد) - قرب مستشفى (كردستان) الأهلي
أعداد المجلة توجد في موقع (مركز كردستان للإعجاز العلمي في القرآن والسنة) على شبكة الإنترنت:
www.eijazyzansty.org

**خاطرة: ص ٨٣-٨٤**

**من الثقافة القرآنية اخترنا لك .....**

**الضوابط اللازمة للتعامل مع قضية الإعجاز العلمي في القرآن الكريم (١)**
**ص ٨٤ - ٨٦**

**الآية في الإعجاز القرآني (القسم الثاني)**
**ص ٨٧- ٩٠**

**ندوتنا: ص ٩٠- ٩٢**

**مظاهرالتجديد في بيان إعجاز القرآن عند بديع الزمان النورسي**
**ص ٩٣- ٩٨**

**كتاب العدد**
**ص ٩٩-١٠٠**

# خاطرة .....

## ﴿إنا كفيناك المستهزئين﴾

### بقلم: صاحب الامتياز

من عادتي سماع ترتيل القرآن الكريم من إذاعات القرآن الكريم فجرا بعد صلاة الفجر أو قبلها... فإن سكون النفس وتنفس الصبح الجديد يزيد المؤمن شوقا ولهفة وطمعا إلى الزاد الأصيل والبلسم الشافي من الكون المنظور أو في ثنايا آيات قرآن الفجر ﴿إن قُرآنَ الفَجر كانَ مشهوداً﴾ (الإسراء:٧٨).

وكان القارىء المجد يتلو نهاية سورة الحجر والآيات التي تخص حياة الرسول الكريم (صلى الله عليه وسلم) والتوجه الرباني له في حياته وللدعاة من بعده. وكانت الآيات: ﴿ولا تحزنْ عليهم واخفِض جناحكَ للمؤمنين (٨٨) وقُلْ إني أنا النذير المبين (٨٩) كما أنزلنا على المقتسمين (٩٠) الذين جعلوا القُرآنَ عِضين (٩١) فوربك لنسألنهم أجمعين (٩٢) عما كانوا يعملونَ﴾ (الحجر:٨٨-٩٣).

وأنا في هيام وعشق مع التاريخ الشخصي البشري للمصطفى (صلى الله عليه وسلم) في المجتمع المكي ومؤامرات قريش ومكائد شياطينهم في الصد عن الدعوة والوقوف أمام الإسلام، فإذا بالقارئ المجد ينتفض كالليث على فريسته، وإذا بالصوت الهادئ الرخيم المتزن يتغير كالسيل الجارف والتيار العظيم في الآية التالية... ﴿فاصدع بما تؤمر وأعرض عن المشركين (٩٤) إنا كفيناك المستهزئين﴾ (الحجر:٩٥،٩٤).

وكان القارىء المجد يعيد الآية ويكررها... وكأنه يبتغي جلب انتباه السامع وتأمّله... في قوله تعالى: ﴿إنا كفيناك المستهزئين﴾ (الحجر:٩٥)... في مكة والطائف وحتى كوبنهاجن في الدانمارك.

ويقول: أيها المسلمون ...

هذا نبيكم... فأحبوه ...

وهذا كتابكم... فلا تجعلوه أقساما ...

وهذا إسلامكم... فافهموه وتمسكوا به...

وهذا منهجكم في الحياة... فلا تبدلوه... فتغرقوا ...

وهذا شريعة الله... فلا تتركوها للأهواء والفتن ...

خذوها في حياة المصطفى (صلى الله عليه وسلم) يوم وقف في الكعبة يصيح في قريش (أنا النذير العريان) ...

وهذا كتاب الله... وحدة كاملة لا تجزأ ولا تبدل ولا تغير للأهواء والمداهنة... فانقسم المجتمع المكي إلى مناصرين له في العقيدة، فكان الصديق وكان الفاروق وكان حمزة...والأبطال الآخرون... وإلى مناوئين له فكان أبو لهب وكان الوليد وكان عدي... والمستهزؤون الآخرون... وهذه صفحات التأريخ المشرقة للمناصرين... ومزبلة التأريخ للأعداء والمستهزئين.

ومع القارئ المجد... الصوت العذب، والنبرات الواضحة وكأنه تفسر الآيات كلمة كلمة... وصل إلى الختام:

﴿إنا كفيناك المستهزئين (٩٥) الذين يجعلونَ مع اللهِ إلهاً آخر فسوف يعلمونَ (٩٦) ولقد نعلم أنك يضيق صدرك بما يقُولُونَ (٩٧) فسبح بحمدِ ربك وكُن من الساجدين (٩٨) واعبد ربك حتى يأتيك اليقين﴾ (الحجر:٩٥-٩٩).

أيها الرسول المبارك الكريم:

إمض قُدُماً على الطريق المستقيم، ولا تتأثر نفسيا – لبشريتك – بما يقولون وبما يكتبون وبما يرسمون... فإن الأيام ستكون شاهدة بصدق على أنك ستكون في الموقع المناسب في قلوب وعيون وحياة الناس مسلمين وغيرهم... والوعد إلهي...

والقرار نافذ... ﴿ولسوف يعطيك ربك فترضى﴾ (الضحى:٥) ... و... ﴿ورفعنا لك ذكرك﴾ (الشرح:٤).

إمض قدما على التبليغ والهداية والرشاد... لا تؤثر فيك الرياح الهابة من الصحف والمجلات والكتيبات... فإنك أنت الأعلى وكلمة الله هي الأعلى... ﴿إن شانئك هو الأبتر﴾ (الكوثر:٣).

فدعوتك ستصل إلى كل مكان يصل إليه الليل والنهار... ودعوتك ستصل إلى البشرية جمعاء فاستمر في اتصالك بالله... عابدا ساجدا مطمئنا...

وعند ذلك... فقط... سنترك هذه الحياة بالجسد والمادة وتبقى كبيرا ساحقا عظيما لأنك النبي الخاتم... وكتابك الكتاب الخاتم ومنهجك الشريعة الخاتمة... لإخراج الإنسان من الجاهلية والعودة به إلى الله... إلى الرسول... إلى الإسلام.

وأنتم يا دعاة!

هذا هو الطريق... في وضوح وكمال... ولطف ومودة ولين وتيسير هذا هو الطريق... طريق الدعوة الواضحة الكاملة لا تغيب بشرية الرسول (صلى الله عليه وسلم) ﴿ولقد نعلم أنك يضيق صدرك بما يقولون﴾ (الحجر:٩٧).

ومنهج الله – سبحانه وتعالى – إطمئنان وراحة بال... ﴿فسبح بحمد ربك وكن من الساجدين﴾ (الحجر:٩٨)...

فالعبادة منهج كامل في الحياة المطمئنة ﴿ألا بذكر الله تطمئن القلوب﴾.

والاستمرار على المنهج والشريعة والعبادة... والثبات والنهاية، مهما كانت أشواك ومنغصات الحياة ومعوقات الجاهلية: ﴿واعبد ربك حتى يأتيك اليقين﴾ (الحجر:٩٩).

فمع زيادة العبادة... زيادة اليقين ...

ومع زيادة اليقين... رسوخ العقيدة والإيمان ...

والإيمان الراسخ... أساس الحياة ومنهج الإسلام.

من الثقافة القرآنية إخترنا لك ....

(هه‌يڤ)

# الضوابط اللازمة للتعامل مع قضية الإعجاز العلمي في القرآن الكريم

(١)

د.زغلول راغب النجار

## تعريف الإعجاز العلمي للقرآن الكريم:

(الإعجان) لفظة مشتقة من إثبات (العَجْن) وهو الضعف وعدم القدرة"، يقال: (عَجَنَ) عن كذا أي لم يقدر عليه، فهو (عاجن)" يقال: (عَجَنَ (عَجْزاً) و(عُجُوزاً) و(عَجْزَانا) و(مَعْجِزا) بفتح الجيم وكسرها، و(مَعْجِزَةً) أيضا بفتح الجيم وكسرها" ولذا يقال رجل (عَجِنٌ) بضم الجيم وكسرها أي (عاجن)" وامرأة (عاجزة) و(عاجن)" كما يقال: (عجزه) الشيء أو الأمر بمعنى فاته ولم يقدر عليه.

ويقال: (عَجَّزَهُ) و(أعجزه) و(استعجزه) أي صيره (عاجزاً) نسبة إلى (العجن)، وتستعار لمعنى التثبيط بمعنى ثبطه.

كما يقال: (عاجزه) (مُعَاجَزَةً) أي سابقه مسابقة" و(تَعَجَّنَ) أي ادعى (العجن)" و(الأعجن) هو العظيم العجز" ومؤنثه (العجزاء)" و(المِعْجَان) هو الدائم العجز" و(المعجون) الذي (أُعْجِنَ).

ويقال: (عَجَنَ) (عُجُوزاً) أي صار (عجوزاً)، و(العجون) وجمعه (عُجُنٌ) و(عجائن) المرأة المسنة.

و(العَجْنُ) وجمعه (أعجان) مؤخر الشيء أو الجسم (وتكتب بفتح العين وكسرها وضمها مع تسكين الجيم، أو بفتح العين وضم الجيم أو كسرها)" و(عَجُنُ) بيت الشعر هو الشطر الثاني منه" و(أعجان) النخل هي أصولها.

ويقال: (أعجن) في الكلام أي أدى لمعانيه بأبلغ الأساليب.

و(الإعجان) بمعنى السبق والفوت مصدر من (أعجن).

وعلى ذلك تعرف (المعجزة) وجمعها (المعجزات) بأنها الأمر الخارق للعادة، السالم من المعارضة، المقرون بالتحدي لعجز البشر عن الإتيان بمثله.

"و(إعجاز) القرآن الكريم" معناه (عجز الخلق أجمعين – إنسهم وجنهم، فرادى ومجتمعين – عن أن يأتوا بشيء من مثله، ولذلك أنزل ربنا سبحانه وتعالى في محكم كتابه هذا التحدي الأزلي الذي يقول فيه:

﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ (الإسراء:٨٨).

ويقول سبحانه وتعالى: ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٢٣) فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا وَلَنْ تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ﴾ (البقرة:٢٣،٢٤).

ويقول سبحانه وتعالى: ﴿وَمَا كَانَ هَذَا الْقُرْآنُ أَنْ يُفْتَرَى مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٣٧) أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ (يونس:٣٧،٣٨).

ويقول ربنا سبحانه وتعالى: ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ (هود:١٣).

ويؤكد الله سبحانه وتعالى على كمال القرآن الكريم فيقول سبحانه وتعالى: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾ (النساء:٨٢).

ويقول سبحانه وتعالى: ﴿إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ (٧٧) فِي كِتَابٍ مَكْنُونٍ (٧٨) لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ (٧٩) تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (الواقعة:٧٧-٨٠).

ويقول سبحانه وتعالى: ﴿بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَجِيدٌ (٢١) فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ﴾ (البروج:٢١،٢٢).

ويقول: ﴿ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ﴾ (البقرة:٢).

ويقول: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلَا تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيمًا﴾ (النساء:١٠٥).

وإعجاز القرآن الكريم معناه عجز الخلق قاطبة عن الإتيان بشيء من مثله.

فهو كتاب معجز في بيانه ونظمه، معجز في فصاحته وبلاغه وأسلوبه" معجز في كمال رسالته ومضمونه، وقد أنزل للناس كافة بدين الإسلام الذي علمه ربنا سبحانه وتعالى لأبينا آدم عليه السلام لحظة خلقه، وكرر إنزاله على فترة من أنبيائه ورسله، وأكمله وأتمه وحفظه في هذه الرسالة الخاتمة المنزلة على خاتم الأنبياء والمرسلين (صلى الله عليه وسلم وبارك عليه وعليهم أجمعين).

وعلى ذلك فالقرآن الكريم معجز في مجموع العقائد التي يدعو الناس إلى الالتزام بها، وفي مجموع العبادات التي يدعو الناس إلى ممارستها، معجز في دستوره الأخلاقي الفريد، وفي كل تشريع من تشريعاته المبهرة بدقتها، وعدلها، وشموليتها وتفاصيلها...!

والقرآن الكريم معجز كذلك في استعراضه التأريخي لعدد من الأمم السابقة، ولكيفية تعاملها مع رسل ربها، ولأسلوب مكافأتها أو عقابها" معجز في أسلوبه التربوي الفريد، وخطابه النفسي الدقيق، وفي إنبائه الحق بالغيب، وفي إشاراته العديدة إلى الكون ومكوناته وظواهره.

وهذا الجانب الأخير من جوانب الإعجاز في كتاب الله هو المقصود بتعبير "الإعجاز العلمي في القرآن الكريم"، ويقصد به سبق هذا الكتاب العزيز بالإشارة إلى عدد من حقائق الكون وظواهره، التي لم يتمكن العلم الكسبي من الوصول إلى فهم شيء منها إلا بعد قرون متطاولة من تنزل القرآن الكريم تزيد عن العشرة قرون كاملة في أقل تقدير لها، ولا يمكن لعاقل أن يتصور لهذه الحقائق العلمية مصدرا غير الله الخالق سبحانه وتعالى.

وفي إثبات ذلك تأكيد أن القرآن الكريم هو كلام الإله الخالق، وتصديق للنبي والرسول الخاتم الذي تلقاه صلى الله عليه وسلم في نبوته ورسالته وفي التبليغ عن ربه.

والإعجاز العلمي للقرآن الكريم أسلوب في الدعوة إلى دين الله بلغة مناسبة لعصر تفجر المعرفة العلمية وتطور الوسائل التقنية الذي نعيشه، وقد سبق القرآن الكريم بالإشارة إلى ذلك، يقول الحق سبحانه وتعالى: ﴿فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُمْ بَغْتَةً فَإِذَا هُمْ مُبْلِسُونَ﴾ (الأنعام:٤٤).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿وَالَّذِينَ سَعَوْا فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مِنْ رِجْزٍ أَلِيمٌ (٥) وَيَرَى الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ الَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ هُوَ الْحَقَّ وَيَهْدِي إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ﴾ (سبأ:٥،٦).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ (فصلت:٥٣).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿لَكِنِ اللَّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنْزَلَ إِلَيْكَ أَنْزَلَهُ بِعِلْمِهِ وَالْمَلَائِكَةُ يَشْهَدُونَ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا﴾ (النساء:١٦٦).

وقوله (تبارك اسمه): ﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ

﴿أإنكم لتشهدونَ أن مع اللهِ آلهةً أخرى قُلْ لا أشهد قُلْ إنما هو إلهٌ واحِد وإنني بريءٌ مِما تشركُونَ﴾ (الأنعام:١٩).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿وكذب بهِ قومك وهو الحق قُلْ لست عليكُم بوكِيلٍ (٦٦) لِكُل نبأٍ مستقر وسوف تعلمـونَ﴾ (الأنعام:٦٧،٦٦).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿أم يقُولُونَ افتراه قُلْ فأتوا بعشر سورٍ مثلِهِ مفتريات وادعوا من استطعتم مِن دون اللهِ إنْ كُنـتم صادقين (١٣) فإلم يستجيبوا لكُم فاعلموا أنما أنزلَ بِعلمِ اللهِ وأنْ لا إله إلا هو فهلْ أنتم مسلمونَ﴾ (هود:١٤،١٣).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿قُلْ أنزله الذي يعلم السر في السماواتِ والأرضِ إنه كانَ غفُوراً رحِيماً﴾ (الفرقان:٦).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿وقُل الحمد للهِ سيريكُم آياتِـهِ فتعرفُونها وما ربك بغافِلٍ عما تعملُونَ﴾ (النمل:٩٣).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿إنْ هو إلا ذِكْر للعالمين (٨٧) ولتعلمن نبأه بعد حِينٍ﴾ (ص:٨٨،٨٧).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿ومِن آياتِهِ خلْـق السـماواتِ والأرضِ وما بث فيهما مِن دابةٍ وهو على جمعِهِـم إذا يشـاءُ قدِير﴾ (الشورى:٢٩).

**الضوابط اللازمة للتعامل مع قضية الإعجاز العلمي للقرآن الكريم:**

من الاستعراض السابق يتضح لنا بجلاء أن إثبات الإعجاز العلمي للقرآن الكريم في عصر التقدم العلمي والتقني الذي نعيشه هو من مواقف التحدي للناس كافة – مسلمين وغير مسلمين – بأن كتابا أنزل من قبل ألف وأربعمائة سنة على نبي أمي صلى الله عليه وسلم وفي أمة كانت غالبيتها الساحقة من الأميين – وعلى الرغم من ذلك فإن هذا الكتاب يحوي من حقائق الكون وسننه ما لم يتوصل الإنسان إلى معرفته إلا بعد مجاهدات طويلة قام بها عشرات الآلاف من العلماء عبر تأريخ البشرية الطويل، وتركز في القرون القليلة المتأخرة بصفة خاصة.

والمتحدي لا بد وأن يكون واقفا على أرضية صلبة، وعلى ذلك فلا يجوز توظيف شيء في هذا المجال غير الحقائق القطعية الثابتة حتى يبلغ التحدي مداه في مجال إثبات الإعجاز العلمي للقرآن الكريم.

وهذا الالتزام واجب حتمي في التعرض للآيات الكونية في كتاب الله باستثناء آيات الخلق بأبعادها الثلاثة: خلق الكون، خلق الحياة، وخلق الإنسان. وذلك بسبب أن عملية الخلق لا تخضع للإدراك المباشر من المخلوقين وفي ذلك يقول الحق سبحانه وتعالى: ﴿مـا أشهدتهم خلْق السماواتِ والأرضِ ولا خلْق أنفُسِهِم وما كُنت متخِذَ المضِلين عضداً﴾ (الكهف:٥١).

ولكن القرآن الكريم الذي جاء بهذه الآية الكريمة يأمرنا ربنا سبحانه وتعالى فيه بضرورة التأمل في قضية الخلق – وهي قضية غير مشاهدة من قبل الإنسان – وذلك في عدد غير قليل من الآيات القرآنية الكريمة التي منها قوله سبحانه وتعالى: ﴿أولم يروا كيف يبـدِئ اللـهُ الخلْق ثُم يعِيده إن ذَلِك على اللهِ يسِير (١٩) قُلْ سِيروا فِـي الأرضِ فانظُروا كيف بدأ الخلْق ثُم الله ينشِئُ النشأةَ الآخِرةَ إن الله على كُل شيءٍ قدِير﴾ (العنكبوت:٢٠،١٩).

وقوله سبحانه وتعالى: ﴿إن في خلْقِ السماواتِ والأرضِ واختِلافِ الليلِ والنهارِ لآياتٍ لأُولي الألبـابِ (١٩٠) الـذِين يذْكُرونَ الله قِياماً وقُعوداً وعلى جنوبِهِم ويتفكرونَ في خلْـقِ السماواتِ والأرضِ ربنا ما خلقْت هذَا باطِلاً سـبحانك فقِنـا عذَاب النارِ﴾ (آل عمران:١٩١،١٩٠).

والجمع بين هذه الآيات الكريمة (وأمثالها كثير في كتاب الله) يؤكد على أن خلق كل من السماوات والأرض، وخلق الحياة، وخلق الإنسان قد تم في غيبة كاملة من الوعي الإنساني، ولكن الله من رحمته بنا قد أبقى لنا في صخور الأرض وفي صفحة السماء من الشواهد الحسية ما يمكن أن يعين الإنسان – بإمكاناته المحدودة – على الوصول إلى تصور ما لعملية الخلق، إلا أن هذا التصور يبقى في مجال الفروض والنظريات، ولا يمكن أن يرقى إلى مقام الحقيقة أبدا، لأن الحقيقة العلمية لا بد وأن تكون واقعة تحت حس الإنسان وإدراكه.

من هنا فإن العلوم المكتسبة لا يمكن أن تتجاوز في قضية الخلق (بأبعادها الثلاثة) مرحلة التنظير أبدا" ولذلك تتعدد النظريات في قضايا الخلق بتعدد خلفيات واضعيها: هل هم من المؤمنين الموحدين، أم من الكفار، أو المشركين، أو المتشككين؟ وهل هم من السعداء في حياتهم أم من التعساء والأشقياء والمهمومين؟ وهل هم من الأسوياء أم من المنحرفين؟... وفي هذا الخضم يبقى للمسلم نور من الله سبحانه وتعالى في آية قرآنية كريمة، أو في حديث نبوي صحيح مرفوع إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم يعينه على الانتصار لإحدى هذه النظريات، والارتقاء بها إلى مقام الحقيقة، لا لأن العلوم المكتسبة قد أثبتت ذلك، ولكن لمجرد وجود إشارة إلى تلك الحقيقة في كتاب الله الخالق أو في سنة رسوله صلى الله عليه وسلم، ونحن في هذه الحالة نكون قد انتصرنا للعلم بالقرآن الكريم أو بسنة خاتم الأنبياء والمرسلين (صلى الله وسلم وبارك عليه وعليهم أجمعين)، ولم ننتصر بالعلم لأي منهما.

**المصدر**: موسوعة (السماء في القرآن الكريم)/ د. زغلول النجار.

# الآية في الإعجاز القرآني

## (القسم الثاني)



إعداد : نشأة غفورسعيد

### الكلمة الرابعة: {آياتنا}:

فقد وردت في {٩٢} موقعا قرآنياً موزعة على إحدى وأربعين سورة، كما هو مثبت في الجدول أدناه:

| ت | اسم السورة | عدد المرات | رقم الآية |
|---|---|---|---|
| ١- | البقرة | ٢ | ٣٩ ، ١٥١ |
| ٢- | آل عمران | ١ | ١١ |
| ٣- | النساء | ١ | ٥٦ |
| ٤- | المائدة | ٢ | ١٠ ، ٨٦ |
| ٥- | الأنعام | ٦ | ٣٩ ، ٤٩ ، ٥٤ ، ٦٨ ، ١٥٠ ، ١٥٧ |
| ٦- | الأعراف | ١٥ | ٩ ، ٣٦ ، ٤٠ ، ٥١ ، ٦١ ، ٧٢ ، ١٠٣ ، ١٣٦ ، ١٤٦ ، ١٤٧ ، ١٥٦ ، ١٧٥ ، ١٧٦ ، ١٧٧ ، ١٨٢ |
| ٧- | الأنفال | ١ | ٣١ |
| ٨- | يونس | ٦ | ٧ ، ١٥ ، ٢٨ ، ٧٣ ، ٧٥ ، ٩٢ |
| ٩- | هود | ١ | ٩٦ |
| ١٠- | إبراهيم | ١ | ٥ |
| ١١- | الحجر | ١ | ٨١ |
| ١٢- | الإسراء | ٢ | ١ ، ٩٨ |
| ١٣- | الكهف | ١ | ٩ |
| ١٤- | مريم | ٢ | ٧٣ ، ٧٧ |
| ١٥- | طه | ٣ | ٢٣ ، ٥٦ ، ١٢٦ |
| ١٦- | الأنبياء | ١ | ٧٧ |
| ١٧- | الحج | ٤ | ٥١ ، ٥٧ ، ٧٢ ، ٧٢ |
| ١٨- | المؤمنون | ١ | ٤٥ |
| ١٩- | الفرقان | ١ | ٣٦ |
| ٢٠- | الشعراء | ١ | ١٥ |
| ٢١- | النمل | ٤ | ١٣ ، ٨١ ، ٨٢ ، ٨٣ |
| ٢٢- | القصص | ٤ | ٥٥ ، ٣٦ ، ٤٥ ، ٥٩ |
| ٢٣- | العنكبوت | ٢ | ٤٧ ، ٤٩ |
| ٢٤- | الروم | ٢ | ١٦ ، ٥٣ |
| ٢٥- | لقمان | ٢ | ٧ ، ٣٢ |
| ٢٦- | السجدة | ٢ | ١٥ ، ٢٤ |
| ٢٧- | سبأ | ٣ | ٥ ، ٣٨ ، ٤٣ |
| ٢٨- | غافر | ١ | ٢٣ |
| ٢٩- | فصلت | ٤ | ١٥ ، ٢٨ ، ٤٠ ، ٥٣ |
| ٣٠- | الشورى | ١ | ٣٥ |
| ٣١- | الزخرف | ٣ | ٤٦ ، ٤٧ ، ٦٩ |
| ٣٢- | الجاثية | ٢ | ٩ ، ٢٥ |
| ٣٣- | الأحقاف | ١ | ٧ |
| ٣٤- | القمر | ١ | ٤٣ |
| ٣٥- | الحديد | ١ | ١٩ |
| ٣٦- | التغابن | ١ | ١٠ |
| ٣٧- | القلم | ١ | ١٥ |
| ٣٨- | المدثر | ١ | ١٦ |
| ٣٩- | النبأ | ١ | ٢٨ |
| ٤٠- | المطففين | ١ | ١٣ |
